هیوا عەزیز سەعید



# بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

# بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

هیوا عەزیز سەعید

ئەم کتێبە بە هاوکاری بەڕێوبەرێتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنــەوەی سـلێمانی لەســەر بودجــەی پایتــەختی ڕۆشنبیری چاپکراوە..

# بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

نووسینی: هیوا عەزیز سەعید
نەخشەسازی بەرگ: خەرمان عەبدوڵڵا
نەخشەسازی ناوەوە: نووسەر
چاپ: یەکەم (٢٠٢١)
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠) دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی – چاپخانەی یاد

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٠٦) ساڵی(٢٠٢١) ی پێدراوە

# سوپاس و پێزانین

- دڵسۆزیی و خەمخۆریی مامۆستا (محەمەد عەبدوڵڵا)و هاوکارەکانی مایەی بەئاکام گەیشتنی ئەم هەوڵەبوون، لەبەرئەوە بەدڵ سوپاسگوزارو شانازیی بەهاوڕێیەتییان دەکەم، خوازیارم ئاسودەو سەرفرازبن.
- سوپاسی هاوڕێ و برای بەڕێزم (د.هیوا تاوەگۆزیی) دەکەم، کە سەرباری سەرقاڵی و کارەکانی خۆی، بەهاوکاریی و لەخۆبوردوویی شەرەفمەندی کردم.
- سوپاسێکی زۆرم بۆ برای ئەزیزو خۆشەویست (مامۆستا نیهاد جەلال)، کە ئەرکی دەرهێنان و ڕاستاندنی فەرموودەکانی گرتەئەستۆ.

# پێشکەشکردن

ئەم کتێبە پێشکەشە...

- بەو مرۆڤانەی، بەر لەهەر پێودانگێک، مرۆڤبوون پێوەرییانە، توانای ژیانیان لەگەڵ جیاوازییەکان هەیەو تەبایی لێدروستدەکەن.
- بە هاوکارو دەستباری تەواوی کارەکانم (م.خەرامان).
- بە ڕووناکی و هێزی ژیانم (هیبا و هەڵست و هانە).

# پێڕست

**پێشەکی**.................................................................١٣

**بەشی یەکەم – چەمک و مانای بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی**.....................................................................٢٣

باسی یەکەم – تێگەی بەرپرسیارێتی......................٢٥
باسی دووەم – ناساندن و تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی......................................٢٩
باسی سێیەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس.........................................................٣٥
باسی چوارەم – ڕەهەندەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس.......................................٣٩
باسی پێنجەم– ڕەگەزو پێکهێنەرە بناغەییەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس..........................٤٦

**بەشی دووەم – بەرپرسارێتی کۆمەڵایەتی لە فیکری ئیسلامیدا**.................................................................. ٤٩

باسی یەکەم– بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر مرۆڤی بڕوادار..................................................٦٩

یەکەم – بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر تاکەکەس.......................................................... ٦٩
دووەم - بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر خێزان.......................................................... ٧٤
سێیەم – پەیوەندیی کۆمەڵایەتی وەک میکانیزمێکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی.......................................... ٨٢
باسی دووەم - بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر خاوەنپێداویستی تایبەت.......................................... ٨٨
باسی سێیەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر نامووسڵمانەکان.......................................................... ٩٨
باسی چوارەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە بیری ئابووریی ئیسلامیدا.......................................................... ١٠٥
باسی پێنجەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر ژینگەو ئاژەڵان.......................................................... ١١٤

**بەشی سێیەم - بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەبیری لیبرالیدا.......................................................... ١٢٧**

باسی یەکەم – بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تاک لە لیبرالیزمدا.......................................................... ١٣٤
باسی دووەم – بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەوڵەت لە بیری لیبرالیدا.......................................................... ١٤٨
باسی سێیەم- داد و یەکسانی کۆمەڵایەتی لەبیری لیبرالیدا.......................................................... ١٥٨

**بەشـــی چـــوارەم – ڕۆشـــنبیرو بەرپرســـیارێتیی کۆمەڵایەتی**.............................................................. ١٧١

باســـی یەکەم- ناســـاندنی ڕۆشـــنبیر لەڕەهەنـــدە کۆمەڵایەتییەکەیەوە.............................................................. ١٧٧
باسی دووەم ـ ڕۆشنبیرو کۆمەڵگە.............................. ١٨٢
باســـی ســـێیەم – بەرپرســـیارێتیی کـــۆمەڵایەتی ڕۆشنبیر.............................................................. ١٩٠
باسی چوارەم – ڕۆشنبیرو ڕەخنەی کۆمەڵایەتی...١٩٦

**سەرچاوەکان**.............................................................. ٢٠١

## پێشەکی

سروشتی بیرکردنەوەو مامەڵەی مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی خۆی بەجۆرێک ئاڕاستەی وەرگرتووە، کەهەمیشە هەوڵیداوە لەباشترین تەرزو تێڕوانیندا بیرۆکەو ئایدیاکانی خۆی پێشکەشبکات، لەم پێناوەشدا ڕێچکەو ڕێبازی جۆراوجۆریی گرتووەو بە باکگراوندو ئایدیای جۆراوجۆر، ڕاڤەو لێکدانەوەکانی بۆ بابەتەکان پێشکەشکردووە، لەبەرئەوە زۆر جار ئێمەی خوێنەر دەکەوینە بەرانبەر زۆر بابەت کە لەڕەهەندو گۆشەنیکای جیاجیاوە شرۆڤەو شیکاریی بۆکراوە، هەریەک لەو ڕەهەندانە دەربڕی فەلسەفەیەکی تایبەت و دیدێکی فیکریین، کە خاوەنەکانیان پێیانوایە باشترین و گونجاوترینە.

ئەوەی گرنگە لەناو ئەو فرەبابەتی و فرە میتۆدیی و زۆرجاریش جیاوازیی جیهانبینییەی کە لەنێوان دێڕەکانی تێکستەکاندا هەیە، یاخود لە پانتایی و دووریی نێوان دیدو بۆچوونەکان و قوڵایی فیکرییان هەیە، تەبایی و خاڵی هاوبەشیان بدۆزینەوەو لەوسەربەنەوە بابەتەکان

بەهەموو هاودژیی سەرچاوەکانیانەوە، لە دووتوێی یەک تێکست و بەتام و بۆی ڕەسەنایەتییان، جارێکیتر لەفۆرمێکی یەکانگیردا بەرهەمیان بهێنینەوەو دایانبڕێژینەوە.

ئەم جۆرە لەکارکردن لەوانەیە پێشترو لەهەندێک کاری ڕۆشنبیریدا خوێنرابێتەوە، یاخود بینرابێت، بەڵام زۆرینەیان لەچوارچێوەی میتۆدی بەراوردکاریی و بەمەبەستی دەرخستنی جوانی لایەک و شکستی لایەکەیتر کراوون، کە ئەمەش هەوڵی لەیەکتر تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی دیدو ئایدیا جیاوازەکان لەیەکتر کەمدەکاتەوەو بەردەوام بۆشایی نێوانیان فراوانتر دەکات.

لەبەرئەوە ئەگەر بە میتۆدە قورئانییەکە بێت کە دەفەرموێت: (وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)[1]، یاخود (تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وبَيْنَكُمْ)[2]، یان (الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ، وَأُولَٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ)[3]، واتە لەگەڵ بەرانبەرەکانیان ئەگەرچی جیاوازیی و دیدی جیایان هەبێت، بەڵام بەدوای خاڵی هاوبەش و لێکتێگەیشتنەوەن، هەمیشە گوێ بۆ بەرانبەرەکانیان

---

[1] الإسراء: ٥٣.

[2] آل عمران:٦٤.

[3] الزمر:١٨.

دەگـرن و وێڵـی باشـترین ووتەو بیرۆکەکانیـانن، چـونکە ژێرمەنـدیی و خـاوەن ئاوەزەکـان ئەو کـارانە دەکەن، نەک کەســانێک کەتوانـــای تێگەیشـــتنی فیکـــرو جیـــاوازیی بۆچوونەکانیان نییە.

لەبەرانـبەردا گەر سـەیری دیـدو تێڕوانینەکـانی جـۆن ستیوارت میل بکەین، دەبینین کە پیرۆزترین مافی سیاسی بەلای (میـل)ەوە مـافی دەنگـدان نیـیە، بەڵکـو ئـازادیی دەربڕینی بیرو ئایدیاکانە، نرخـی ئەمیشـیان بەپلەی یەکەم لەوەدانیـیە ڕەزامەنـدی بەتـاکەکەس دەبەخشـێ بەوەی تـاکەکەس ڕێـگەی پێـدراوەو مـافی دەربڕینـی سـەلمێنراوە، بەڵکو بەر لەهەرشـتێک ڕێـگە خۆشـدەکات بیـروڕای نـوێ بێتەکایەوە، لە کۆمەڵگەی وەک ئەوانەی ڕۆژئـاوا بیـروڕای نـوێ مەرجە بـۆ پێشـکەوتن، لەبەرئەوە دەبـێ ئـازادیی دەربڕینـی بیـروڕا سـەرلەبەربێت، گرنـگ ئەوەیە بیـروڕای سـەرپەڕیش دەرفەتـی دەربڕینیـان هەبێت، بەڵکو پێویسـتە پێشـــەمیان بـــدرێتێ نەک بترســـێنرێن و پاشەکشـــەیان پێبکرێـت، چـونکە هەروەک میـل پێیـوایە: لەوانەیە بـابەتی نوێ و ئەندازەیەکی ڕاسـتی بیرلێنەکراوەو خەیاڵبەدەریـان تێدا بێت.

واتە دەربڕینـــی ئەو بـــابەت و تێـــڕوانینە فرەچەشـــن و جودایـــانە، ئەگەر بەئاڕاســـتەی هاوســـەنگ و بە مەرامـــی لێکتێگەیشـتن و هەڵبژاردنـی باشـترین بێت، زەمینەسـازیی داهێنان و چارەسەرو تەبایی دێنێتەئاراوە.

بـــابەتی بەرپرســـیارێتیی کـــۆمەڵایەتی یەک لەو بـــابەتە گرنـــگ و نوێیـــانەیە، کەپێویســـتی ژیـــان و گۆڕانکـــارییە ئـابووریی و کـۆمەڵایەتی و فیکرییەکـانی کۆتـایی سـەدەی نـــۆزدەو ســـەدەی بیســـت، کـــردییە هەوێنـــی نوســـین و تـــــوێژینەوەی ناوەنـــــدو ڕۆشـــــنبیرو کۆمەڵنـــــاس و ئابووریناسـەکانی دونیـا، هەریەکێکیـان بەپێی پسـپۆڕیی و دیـدی ئایـدیۆلۆژیی و دینـی و ڕۆشـنبیرییان، هەوڵیانـداوە تەرزو تێزەکانیـان پشتبەسـت بە بەڵـگەو نمـونەی واقیعـی بخەنەڕوو.

لیبرالیســـتە کلاســـیکییەکان، ئەگەرچـــی لەســـەرەتاوە بانگەشـــــەکاری دوورخســـــتنەوەی هەر فشـــــارو دەسـتێوەردانێک بـوون لەژیـانی ئـابووریی و کـۆمەڵایەتی، لەو سۆنگەیەشـەوە تەنهـا ڕۆڵـی چاودێرێکیـان بۆ دەوڵەت هێشـتبووەوە، هاوکـات و لەلایەکیتـرەوە بـازاڕی ئـابووریی ئـازادو دیمانەکانیـان بەتەواوی تـایبەت بـوو بەسـەلماندنی ئـازادیی جـوڵەو کـارکردن و خـاوەنـدارێتی مرۆڤەکـان، لەم

پرۆسەیەشـــدا بوارێـــک بـــۆ ئەرک و بەرپرســـیارێتیی کۆمەڵایەتی و چارەسەریی پرس و کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەهێڵرابووەوە.

ئەوەی گــرنگە ئەم تێــزو تیــۆرە لەلایەک لەهەنــبەر هوروژمی بیری سۆسیالیستی کەزیاتر لەسەر بونیادیی گشتیی کاریدەکرد، گۆڕەپان و مەیدانی کارکردنیشی لەناو چینەکــانی خــوارەوەی کــۆمەڵ و لەکرۆکــی ئاڵنگــارییە کۆمەڵایەتییەکانـــــدا تۆخکردبـــــووە، لەلایەکیتـــــرەوە کۆبوونەوەی سامان لەدەست چینێک و کەمدەستبوون و هەژاربـــوونی چینەکـــانی خـــوارەوە، کە دۆخێـــک دروستبووبوو، مرۆڤەکان وایان لێهاتبوو لەپێناو پارووی ژیان و بژێوییان، پیرۆزترین ماف بفرۆشن کە ئازادییەو لیبراڵەکان وەک پرەنسیپی سەرەکی بانگەشەیان بۆدەکرد.

لیبرالەکـان بـۆ ڕزگـاربوون و چـارەکردنی ئەم دۆخە، پاشەکشـــەیان لە هەنـــدێک پرەنســـیپەکانی لیبرالیزمـــی کلاسیکی کردو فۆرمێکی نوێی لیبرالیزمییان بەرهەمهێنا کە لیبرالیزمـــی نـــوێ بـــوو، لەمیانەیـــدا جۆرێـــک لە بەرپرسـیارێتییان سـەلماند بـۆ تـاکەکەس و بـۆ دەوڵەت، لەسەر ئاستی تاک ڕایەڵەکانی پەیوەندیی بەتاکەکانیترەوە گرێـدرا، لەسەرئاســتی دەوڵەتــیش جــگەلەوەی مــافی

کـردنەوەی کەرتـی گشـتییان لەبـواری تەندروسـتیی و فێرکـردن و هەنـدێک سـێکتەری کـۆمەڵایەتی سـەلماند، هاوکـات دەوڵەت لەبـازاڕدا ڕۆڵـی پۆلیسـی پێدرا، تـاوەکو بـواری کـردەی قۆرخکـاریی و یـاریکردن بەنـرخ بچووکبکـاتەوە، لێـرەوە سـەرەتای بەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایەتی بەدیدو تێزی لیبرالیانە هاتەئاراوەو سیماو تایبەتمەندیی خۆی وەرگرت.

لەبەرانبەردا ئیسلام وەک دینێکی ئاسمانی و خاوەن هێزی فیکریی و مرۆیی و ژیاریی، کەخۆی لەچێوەی خەسڵەتەکانی مرۆییبوون و هەمەلایەنێتی و گشتگیرێتی و جیهانیبوون دەناسێنێت، دیدو تێڕوانینی بۆ کۆی لایەنەکانی ژیان هەیەو لەسۆنگەی بڕوابوون بە دووالیزمەی ژیانی دونیاو قیامەت و ڕوح و جەستە، تێزو چارەسەرەکانی بۆ گرۆی مرۆڤایەتی پێشکەش کردووەو لەزۆربابەت و پرسی جۆراوجۆر قسەو هەڵوێستی خۆی دەربڕیووە، یەک لەوبابەتانەی لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) تێکستێکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەخودی پێغەمبەر (ﷺ)و دواتر تاک بەتاکی موسڵمان و دەسەڵات و دەوڵەتی ئیسلامی، ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییەشی

وەک بەشێک لەپێویستییەکانی ژیانی دونیاو میکانیزمی ڕزگاربوون وبەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگارو سەرفرازیی هەتاهەتایی ئەو دونیا وابەستە کردووە.

هاوکات مرۆڤی موسڵمانی لەسەر ئاستی ئاسۆیی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جۆراوجۆر کردۆتەوە، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر تاک و کۆمەڵی موسڵمان، پاشان بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە ناموسڵمانە نیشتەجێبووەکانی ناو کۆمەڵگەی موسڵمانان، بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە ژینگەو ئاژەڵان و کۆی مرۆڤ و بوونەوەرو گەردوون، واتە چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەفیکری ئیسلامی جگەلەوەی ئەرکێکی دونیاییەو دەکەوێتە ئەستۆی موسڵمان لەهەر پێگەو پلەیەکدا بێت، هاوکات قیامەتیشەو وابەستەی بیروباوەڕەکەیەتی، هەمoo ئەمەش بە وردەکاریی و قوڵبوونەوەی پێویست لە چەمک و لایەنەکانییەوە.

لەم نێوەندەدا مامەڵەو کارکردنی ڕۆشنبیر بە هەموو باکگراوندو پاشخانە فیکریی و ئایدیۆلۆژییەکەیەوە، وەک کاراکتەرێکی بزێوو کاریگەر لەفەزای گشتیدا، بەکارهێنانی سەرمایە ڕۆشنبیرییەکەی لەپێناو ڕۆڵ و ئەرکی

کـۆمەڵایەتییە و ڕزگـاربوونە لە دونیـای گۆشـەگیریی و تیۆر، هاوکات تێکەڵبوونە بە ژیانی کرداریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە، بیرکردنەوەو ڕامانەکانی لەپێنـاو دیـاریکردنی کەلـێن و گرفـت و تەنگژەکـانە و هەوداڵـی دۆزیـنەوەی چارەسـەرو ڕێوشـوێنی پێویسـتە بۆیان.

لەم سەربەنەوە قسەکردن لەڕۆشنبیر بەهەر دونیابینی و باکگراونـدو دیـن و ئایـدیۆلۆژیایەک، هەوڵـدانە بـۆ تێگەیشـتن لە ئەو ڕۆڵەی پێویسـتە ڕۆشـنبیر لەدەرەوەی ژیـانی تیـۆرو کتێـب دەکەوێـتە ئەسـتۆی و وەک بەرپرسـیارێتی و بەتـایبەتتر دەبێت وەک بەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایەتی مومارەسەی بکات.

بەدیوەکەیتریشـدا، کـۆمەڵگەو تاکەکـانی چـۆن مـامەڵە لەگەڵ ڕۆشـــنبیر دەکەن و ئاســـتی تێگەیشـــتن و وەڵامـدانەوەیان بـۆ دیـدو بۆچوونەکـانی ڕۆشـنبیر چـۆن پیشـاندەدەن، هاوکـات لەکاتێکـدا ڕۆشـنبیر ڕووبەڕووی هەڵەو کەموکـوڕیی تێزەکـانی دەبێـتەوە، خەڵـک لەفەزای گشـتی چـۆن هەڵوێسـت وەردەگـرن یـاخود دەبێـت هەڵوێستییان چی بێت.

لەم سۆنگەیەوەو بەخستنەڕووی تێگەیشتنێکی خێرا، ئەم کتێبە (بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی) دوای ئەوەی لەسەرەتاوە هەوڵدەدات چەمک و تێگەکانی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی و ڕیشەکانی بناسێنێت، ڕەهەندو بنەماو ڕەگەزەکانی بەرپرسیاریێتی دەخاتەڕوو.

پاشان لەبەشی دووەمیدا بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی لەفیکری ئیسلامی و لایەن و بنەماکانی ڕووندەکاتەوەو گرنگترین لایەنەکانی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی لەئیسلامدا پێشکەشدەکات، بەرپرسیاریێتییەک کە ئەستۆی هەرتاکێکی موسڵمان دەگرێت، وەک ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی دەبێتە سەنگی پێوانەی ئاستی پابەندیی و بەهێزیی بیروباوەڕو ڕاستگۆیی لەگەڵ دروشمە ئیسلامییەکاندا.

لەبەشی سێیەمیشدا ئاماژەمان بۆ بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی کردووە لە فیکری لیبرالیدا، سەرەتاکانی ئاڕاستەوەرگرتن و هۆکارو گۆڕانکارییە بنەڕەتیی و فیکرییەکانی لیبرالیزم و دارشتنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و ئاوێتەکردنی بە بونیادە فیکرییەکان و دامودەزگای سیاسی ئاماژەی پێکراوە.

لەبەشی چوارەم و کۆتاییدا باسی بەرپرسیارێتی ڕۆشنبیرو پێگەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵ و ڕوداوەکاندا چۆن نەخشی خۆی دادەنێت، خەڵک و جەماوەر چۆن وەڵام و هەڵوێستییان لەبەرانبەر ئەم توێژە کاریگەرو خاوەن دونیابینیە دەبێت.

لەمیانەی دارشتن و پێشکەشکردنی هەر بەشێکیشدا، هەوڵمانداوە بەسەرچاوەی ڕەسەن و ڕاستەوخۆ بابەتەکان بخوێنینەوەو شرۆڤەیان بکەین، هاوکات پشت بەهەمان ئەدەبیات ببەستین کەبیرمەندو پسپۆڕەکانی هەر دیدو تێڕوانینێک خۆی پشتی پێبەستووە.

# بەشی یەکەم

# چەمک و مانای

# بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

## باسی یەکەم - تێگەی بەرپرسیارێتی:

لەڕووی زمانەوانییەوە ئەم ووشەیە بەکارهێنانی لەناو زمانە جیاوازەکاندا جۆراوجۆرە، لەزمانی فەرەنسیدا چەمکی (responsabilité) بەپێی فەرهەنگی بەناوبانگی فەرەنسی (Robert Le) ئاماژەیە بۆ سێ ئاست؛ لەیەکەمدا؛ مانای ئەرک و پابەندیی دەگەیەنێت، لەدووەمدا؛ پۆست و پلەو ئەرکدارییە، سێیەمیش؛ هەڵەو لێکەوتەکانێتی[1].

لەزمانی ئینگلیزی و لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرد، بەرپرسیارێتی وابەستەی ئەرکی مەمەڵەکردن لەگەڵ شتێک یان بایەخدان و ئاگاداریی جەستەو بونیادێکە، لەگەڵ ئەو سەرزەنشت و گازاندانەی لێیدەکەوێتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر هەڵەیەک ڕوبدات[2].

فەرهەنگی (المنجد في اللغة) لەبارەی بەرپرسیارێتی نوسیویەتی: ئەوەیە کە مرۆڤ بەهۆیەوە بەرپرسیارو

---

[1] د.جبالة محمد و د.مقدم مختارية: المسؤولية الإجتماعية: إشكالية المفهوم والخلفية المعرفية، المركز الديمقراطي العربي المانيا – برلين، كتاب جماعي، الطبعة الأولى، ٢٠١٩، ص٨-٩.

[2] المصدر نفسه، ص٩.

داوالێکـراو دەبێـت لەکاروبـار، یـاخود کـردەیەک کەبـۆی هاتووە یاخود پێیدراوە[1].

وەک چەمکیش بەرپرسیارێتیی؛ پێناسـەو لایەنـی زۆری بـــۆ دیـــاریکراوەو لەگۆشـــەنیگای جۆراوجـــۆرەوە خوێنـدراوەتەوە، بەرپرسـیار خەسڵەتێکە بـۆ مرۆڤەکـان و کردارەکانیـان، کەسـێکی بەرپرسـە یـاخود ڕێوشـوێنێکی بەرپرسیارانەیە، واتە ئاماژە بۆ ئەرێنی بوونی کەسـەکەو کـــردارەکەی دەکەیـــن، بەرپرســـیارێتیی لێـــرەدا وەک کردەیەکی کەسی دەبینرێت، بەشێوەیەک دەتوانرێت پشت بەوەفاداریی کەسێک لەپابەندییدا ببەسترێت، کە ئەو کەسە ئاکامی هەڵسوکەوتی خۆی دەگرێتە ئەستۆ.

لەم سـەربەنەوە بەرپرسـیار وەک هاوواتـای لێپرسـراو، پەیوەستە بە کەسێک ستایش یاخود گازاندەی لێدەکرێت و ســـزایەک لەئـــارادایە، بـــۆیە زۆرجـــار کە دەوترێـــت بەرپرسـیارە، زیانێـک ڕویـداوە یـاخود چـاکەو باشـییەک کراوە. بەدیویێکیتردا بەرپرسیار بەمانـای ئەرک بەجێهێنـان و پابەنـــدێتی بەکاردەبرێـــت، بەدیـــویێکیتردا بەرپرســـیار بەمانـــای ئەرک بەجێهێنـــان و پابەنـــدێتی بەکاردەبرێـــت، بۆنمـونە بەرپرسـیارێتی دایبـاب لەمناڵەکانیـان، بەمانـای ئاگـاداربوون و پەروەردەکردنیـان. ئەوەی جـۆری یەکەم بەرپرسـیارێتییەکە لەکـردەیەک لەڕابـردوو ئەنجامـدراوە، بەڵام ئەمەیـان بەرپرسـیارێتییەکە بەردەوامـی و جێگیریـی هەیە، وەک سســـتمێک پێویســـتە بەردەوام پەیـــڕەوی

[1] د.جبالة محمد و د.مقدم مختارية: المصدر السابق، ص٨.

لێبکرێــت، بەواتــای کەســەکان لەهەرکــات و شــوین و دۆخێکدا بەرپرسیارن، بەرپرسن لە کردە تاکەکەسییەکان، ئەوکردانە تایبەتیی بن یاخود کەسیی[1].

لەکــاتی شــیکاریی بــابەتی بەرپرســیارێتیی لەژیــان، پێویستە چەند لایەنێک لەبەرچاوبگیرێت، بۆنمونە تەنها هۆشــیاریی تــاکەکەس یــاخود دامەزراوەو ڕەچــاوکردنی یاســا فەرمیــیە دانراوەکــانی دامەزراوە کــۆمەڵایەتی و یاساییەکان بۆ کۆمەڵگە بەس نین، بەڵکو ئەو پرەنسیپە ئاکــارییە نافەرمیــانەش گــرنگن، کەلەژیــانی کۆمەڵایەتیــدا ئیشدەکەن، مەبەست بەپرەنسیپە ئاکارییەکان گرەنتیکردنی خۆشــگوزەرانی ئەوانیتــرە، ئەگەرچــی گریمــانەی زیــانی ئــابووریی خــودیی لەئــارادا بێــت، یــاخود ئاڕاســتەکردنی ویژدانیــی تاکەکەســەکان و ســنوردارکردنی کرداریــی لەڕێوشــوێنە عەقلانییەکــان لێبکەوێــتەوە، کە ئامــانجی زیــاترکردنی ڕەزامەنــدیی مــاددیی و قــازانج و لێهــاتوویی خۆیانە.

هەروەهــا لەکــاتی ئەو پرۆســەی شــیکارییەدا، پێویســتە جیاکــاریی هانــدەرە خودپەرســتیی و لەخۆبوردوییەکــانی پشــتی کردارەکــان بکرێــت، کە ئایــا ئەم کــارو کــردەوەیە شــتێک بۆ خــاوەنەکەی دەهێنێت و بەرژەوەندییەک هەیە؟

---

[1] Tuomo Takala and Paul Pallab: Individual, collective and social responsibility of the firm, Blackwell Publishers Ltd, 108 Cowley Road, Oxford OX4 1JF, UK and 350 Main St, Malden, MA 02148, USA, 2000, p111.

یـاخود بەشـێوەیەکی بنەڕەتیـی لە گیـانی لەخۆبـوردنەوە سـەرچاوەی گرتـووە، لەخۆبـووردنی ڕاسـتەقینە ویسـت و ئارەزوومەنـــدیی ڕاســـتگۆیانە، بەدروســـتیی تـــێکەڵ بەکردەوەکـان دەکـات، بێـئەوەی بەرژەوەنـدیی تـاکەکەس یەکەمینـــــی هەبێـــــت تێیــــدا، لەبەرئەوە کــــــردەوەی لەخۆبـووردووانە تەنهـا کردەیەکـی بەرپرسـیارانە نیـیە، بەڵکو بەرپرسیارێتیی ئاکاریش لەخۆدەگرێت.[١]

عەبدولمونعیم حەنەفی لەپێناسی بەرپرسیارێتی پێیوایە: لەئەستۆگرتنی لێکەوتەکانی کردە و ووتەو ئەنجامەکانێتی، کەدەشـێت مەعـنەوی (بوغزانـدن و ڕێزگـرتن)، ئـابووری (قەرەبـووی ئـابووریی لەکاتێکدا ئەگەر زیـانەکە ئـابووری بێت)، یاسـایی (پاداشـت و سـزا)، دینـی (پاداشـت و سـزای خوایی)، ئاکاریی (ستایش و بەخراپ باسکردن) بێت[٢].

---

[1] Tuomo Takala and Paul Pallab: op.cit, p110-111.

[٢] د.جبالة محمد و د.مقدم مختارية: المصدر السابق، ص١٠.

## باسی دووەم – ناساندن و تێگەیشتن بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دۆزینەوەی جۆرێک لەهاوسەنگیی نێوان کۆی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و بەکاربەرو کڕیارو دەزگاکانە، لەمیانەی ئاراستەکردنی دامودەزگاکان بەجۆرێک کارو چالاکییەکانیان زیان و کێشە بۆ کۆمەڵگە دروستنەکەن، هاوکات کارکردنە لەپێناو بەرژەوەندیی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە.

هەروەها درکپێکردنی بەڕێوەبەری دەزگایە بۆ ئەرک و فەرمانەکانی لەبەرانبەر کارمەندەکان، ئەمەش لەڕێگەی هاوکاریی و پشتگیریی، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، چاکسازیی کۆمەڵگە بەرجەستەدەبێت[1].

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دوو لقی هەیە، بەرپرسیارێتی تاکەکەس و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەیی (کۆمپانیا تایبەتییەکان، دامەزراوە گشتییەکان، بونیادە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە پەروەردەییەکان).

---

[1]د. زرزار العياشي و ا.غياد كريمة: المسؤولية الاجتماعية في الإسلام: قراءة في المنهج النبوي لقيادة المسؤولية الاجتماعية، مجلة العلوم الاجتماعية، جامعة سكيكدة –الجزائر ، العدد 23، مارس، ص١٣١.

لەبەرئەوە بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی پرەنسیپێکی ئاکارییە بۆ هەر بونیادێک، مرۆڤ بێت یاخود ڕێکخراوێک، کار لەپێناو باشترکردنی ژیانی ئەوانیتر دەکات، هەروەها لەپێناو پاراستنی هاوسەنگی نێوان ژینگەو ئابووریی و وەفاداریی بەرامبەرییان، پێویستە کارەکان ببنە مایەی گەشەپێدانی بەردەوام لەپێناو پارێزگاریی بەرژەوەندیی نەوەکانی داهاتوو و پڕکردنەوەی پێویستییەکانی دانیشتوان[1].

بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی پابەندییەکی (سایکۆلۆژیی، ئاکاریی، یاسایی، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی،..تاد)ە، بکەرە کۆمەڵایەتییەکەی (کە دەشێت: تاکەکەس، کۆمەڵ، دامەزراوە، بونیادێک، کۆمەڵگە، ژیارێک) بێت، لەکاتی کارلێکی لەگەڵ ئەوانیتر پشتی پێدەبەستێت، ئەم بەرپرسیاریێتییە لەسەر ئاستی زانینی ماف و ئەرکەکان جێگیردەبێت و زیاتر لەوەی بیرۆکەیەک بێت، پرەنسیپێکی پراکتیکی کەتوارییە، کە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە ئاڕاستەی دەکەن[2].

Drucker لەساڵی ١٩٧٧دا لەباسی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتیدا نوسیویەتی: "پابەندیی دەزگایە بەرانبەر ئەو

---

[1] Mihaela PĂCEŞILĂ: THE INDIVIDUAL SOCIAL RESPONSIBILITY: INSIGHTS FROM A LITERATURE REVIEW, MANAGEMENT RESEARCH AND PRACTICE VOLUME 10, ISSUE 1, MARCH 2018, p17.

[2] د.جبالة محمد و د.مقدم مختارية: المصدر السابق، ص١٢.

کـۆمەڵگەیەی کـاری تێـدا دەکـات"، لێـرەوە تـوێژینەوەو ئاڕاسـتەی جیـاواز سـەریهەڵدا، Holmes یـش پێیوابـوو: "ئەو پابەنـــدییەیە کە هەر ڕێکخراوێـــک بەرانـــبەر بە کـۆمەڵگەکەی هەیەتـی، ئەمەش لەڕێـگەی چـالاکی زۆرو گەورە لە دژایەتی هەژاریی و چاککردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی و نەهێشتنی پیسبوونی ژینگە و ڕەخساندنی هەلی کارو چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون و ڕێگاوبان و...تـاد بەشـداربیدەکات"، Carroll جەختـدەکاتەوە لەو پابەندییەی دەکەوێتە ئەستۆی کەرتی کارکردن کە دەبێت لەبەرانـبەر کـۆمەڵگە هەیبێـت، ئەم پابەنـدییە هۆکـارێکە تـاوەکو کـاریگەرییە ئەرێنییەکـانی چـالاکیی دەزگاکـان لەســـەر کـــۆمەڵگە قەبەبکـــات، هاوکـــات کـــاریگەرییە نەرێنییەکان تا ئەوپەڕی توانا بچوک و کەمبکاتەوە[1].

سـاڵی ١٩٢٣ بـۆ یەکەمجـار چەمکـی بەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایەتی لەبواری کارگێڕیی کار بەکارهێنراوە، ئەوەش دوای ئەوەی Sheldon لەکتێبەکەیـــــدا (فەلســــــەفەی کـــــارگێڕیی) ئامـــــاژەی بـــــۆکردو جەختیکـــــردەوە کەبەرپرسیارێتی کارگێڕیی لە پرۆژەکاندا، بەپلەی یەکەم بەرپرســـیارێتیی کـــۆمەڵایەتییە، پابەنـــدیی بەکـــارگێڕیی پرۆژەکـــان بەبەرپرســـیارێتیی کـــۆمەڵایەتییەوە لەکـــاتی بەجێگەیاندنی ئەرکە جیاوازەکان، بەشێکی گرنگی هونەری بەکارهێنـانی زانسـتیانەی کـارگێڕیی کـارە، سـەرەڕای ئەم سەرەتایە، چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی سەرنجێکی

---

[1] د. زرزار العياشي وا.غيادكريمة: المصدر السابق، ص١٣٣.

دیاری لەسەرەتاوە لەسەرنەبوو، بەڵکو تاوەکو کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیست، تەنها ئاماژەی ناڕاستەوخۆ و کورتبوون، لەم قۆناغەوە زیاتر تیشک خرایەسەری و لێرەوە سەرەتای تێزێکی نوێ لەفەلسەفەی کارگێڕیی لەدایکبوو، کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بوو[1].


ئاشکرایە پێناسەیەکی ڕوون و تەنها بۆ کردەی بەرپرسیارانە یاخود کردەوەی ئاکاریی باش نییە، (هیلکاما) سێ بەکارهێنانی بۆ بەرپرسیارێتی ئاکاریی ئاماژە پێکردووە، بەپێی پێناسەکەی (کارول)و گشتگیریی ناوەڕۆکی چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، کارول ئاماژەی بۆ چوار لایەنی سەرەکی کردووە، لەوانە: (ئابووریی و یاسایی و ئاکاریی و خۆبەخشیی)، بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەستەگی نێوانیان لەلایەک، لەلایەکیترەوە پشتبەستنی هەریەکێک لەو لایەنانە بەئەویتر وەک فاکتێک، بەشێوەیەکی قوچەکی و زنجیرەیی بەکاریبردوون.

ناتوانرێت چاوەڕێی دەستپێشخەریی کاری چاکەخوازیی و بەرپرسیاریی ڕێکخراوو دامەزراوەکان بین، ئەگەر ئەم دامەزراوانە لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتیی ئابووریی و یاسایی و ئاکاریی بەرانبەر کۆمەڵگاکانیان هەنگاوو جوڵەیان نەکردبێت[2].

---

[1] د. زرزار العياشي وا.غيادكريمة: المصدر السابق، ص١٣٢.

[2]. المصدر نفسه، ص١٣٣.




(شێوەی قوچەکی کارول)[1]

---

[1] أ.بن مسعود نصرالدين وأ. كنوش محمد: واقع أهمية وقيمة المسؤولية الاجتماعية في المؤسسة الاقتصادية مع دراسة استطلاعية على إحدى المؤسسات الوطنية، الملتقى الدولي الثالث حول: منظمات الأعمال و المسؤولية الاجتماعية، يومي ١٤-١٥ فيفري ٢٠١٢، كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسيير، جامعة بشار.

## بنەڕەتی گەشەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەند بنەڕەتێکی گشتیی هەیە، لەبەرئەوە لەپەرەپێداندا پێویستە ڕەچاوبکرێن، لەدیارترینیان:

- بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خاوەن سروشتێکی ئاکاریی کۆمەڵایەتییە، چونکە پابەندییەکی ئاکارییە بەرانبەر کۆمەڵگە، واتە پەرەپێدانی ئاکاریی لەگەڵ پەرەپێدانی کەسێتی گشتیی دەبێت.
- پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، بەهەمان ئەو ڕێژەیەی پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، پێویستی تاکەکەسیشە، کەسێتی تاک بەهۆو لەناو کۆمەڵدا زیاتر کامڵ و کراوەو باڵا دەبێت،
- خوێندنگەکان دامەزراوەی شایستەو زانستیی و کرداریی بەرپرسن لەبونیاناني نەوەکانی کۆمەڵگەو پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی.
- خێزان و کۆمەڵی خزم و نزیکان، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، تەواوکەری ئەو بەرپرسیارێتی و پرۆسەیەن کە خوێندنگەکان سەرپێیدەخەن[١].

---

[١] دور الجامعات السعودية في الربط بين التعليم والمجتمع دراسة تحليلية في ضوء المسؤولية الاجتماعية للجامعات، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: ١٦٨، الجزء الثالث، أبريل لسنة ٢٠١٦م، ص٦٥٢.

## باسی سێیەم - بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

### تاکەکەس:

عەبدولڕەحمان بەدەوی پێیوایە: سەلماندنی تاکەکەسە بۆ ئەو کرداروو هەڵسوکەوتانەی ئەنجامی دەدات، لەئەستۆگرتنی ئاکامەکانێتی[1]، یاخود هەستپێکردنی تاکەکەسە بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی بەرانبەر خۆی و هاوڵاتیی و هاوکۆمەڵگەکانیان.

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاک بەڕێژەی ئامادەیی سەلماندنی ئاکامی هەڵسوکەوتەکانی بەرانبەر ئەوانیتر دیاریدەکرێت، بەبێ ئەم درکپێکردنەی تاک بۆ کاریگەریی و لێکەوتەکانی کاروو هەڵسوکەوتەکانی مانایەک بۆ بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکەی نامێنێتەوە[2].

لەناساندنێکی دیکەدا، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاک، بەرپرسیارێتیی خودییە لەبەرانبەر کۆمەڵەکەی، یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، بەم مانایە بەرپرسیارێتیی

---

[1] میسون محمد عبدالقادر مشرف: التفكير الأخلاقي وعلاقته بالمسئولية الإجتماعية وبعض المتغيرات لدى طلبة الجامعة الإسلامية بغزة، رسلة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، كلية التربية ، علم النفس – إرشاد نفسي، ٢٠٠٩، ص١١٣.

[2] أحمد محمد عقلة الزبون: المسؤولية الاجتماعية وعلاقتها بمنظومة القيم الممارسة لدى طلبة جامعة البلقاء التطبيقية، المجلة الأردنية للعلوم الإجتماعية، المجلد ٥، العدد ٣ ،٢٠١٢، ص٣٤٦.

کۆمەڵایەتی تاک، بەرپرسیارێتییەکی خودیی و ئاکارییە، خودییە لەبەرئەوەی چاودێریی و لێپێچینەوەی ناوەکی و خودییانە دەخوازێت، ئاکارییە چونکە لەناخەوە وەک ئەرکێکی ئاکاریی وابەستەو پابەندیی دەکات، کە کردەوەکانی سروشتی کۆمەڵایەتیی و کاریگەریی کۆمەڵایەتییانەی هەبێت[١].

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی واتە تاکەکەس و کۆمپانیاکان پێویستە لەمامەڵەدا خزمەتی بەرژەوەندیی ژینگەو کۆمەڵگەکەیان بکەن.[٢]

میلتۆن فریدمان پێیوایە کارە بازرگانییەکان پێویست نییە ویژدانی کۆمەڵایەتییان هەبێت، بەڵکو تەنها تاکەکەسەکانن دەتوانن هەست بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بکەن.[٣]

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس ئاماژەیە بۆ وێناکردنی تاک لەوەدا کەپێویستە وەک ئەرک؛ هاوکاریی کۆمەڵگەکەی بکات، بەرپرسیارێتی ڕێکخراوەیی

---

[١]دور الجامعات السعودية في الربط بين التعليم والمجتمع دراسة تحليلية في ضوء المسؤولية الاجتماعية للجامعات، المصدر السابق، ص٦٤٢.

[2] AKHILESH GANTI: Social Responsibility, Reviewed By SOMER ANDERSON, Jul 17, 2020, https://www.investopedia.com/terms/s/socialresponsibility.asp

[3] Ibid.

ڕەچـــــاوکردنی وێنـــــای تاکەکەســــــە بــــۆ ئەوەی کە ڕێکخراوەکان پێویستە لەکۆمەڵگەدا چیبکەن[1].

بەرپرسـیارێتیی کـۆمەڵایەتی تـاک دەکەوێـتە ئەسـتۆی هەرکەس کە لەهەر چالاکییەکــدا بەشـــداربێت، واتە وەک بەرپرسیارێتییەکی ئاکاریی لەئەستۆی هەرکەسێکە لەکارو کـردەوەی ڕۆژانەدا، تـاوەکو کـاریگەریی خراپـی بۆسـەر مرۆڤەکانیتری کۆمەڵگەکەی نەبێت، زیاتر لەوەش پێویستە تاکەکەس هەوڵەکانی لەپێناو پاڵپشتی پرس و کێشـەکانی کــۆمەڵگە یەکلایـــی بکـــاتەوەو تەنهـــا بـــایەخ بە لایەنە مادديیەکـان نەدات، بەڵکـو خۆشـگوزەرانی مرۆڤەکـان و بایەخدان بەئەوانیتر لەکۆمەڵگەدا بە بەردەوامیی خەمێکی سەرەکی و بنەڕەتی بێت.

تــاکەکەس کاتێـک دەتوانێـت بەپێـی بەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایەتی مامەڵەبکات کە دوور لەبەرژەوەندیی تایبەتی، بەرژەوەنـدیی زۆرینـەو کـۆمەڵ بـالاتر ببینێت و پاڵپشـتی ئەو هۆکـارو ئـامرازانە بێت کە سـوودمەندیی خەڵکی تێدا بەرجەستە دەبێت، لەبەرئەوە دەکرێت بەشداریی تاکەکەس و گوزارشتی لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەشدارییەکی سـادەو بچـوک بێـت تـا بـالاترین ئاسـتی، فەراهەمکردنـی لایەنێکـی دابینکـاریی ژیـان و گـوزەران و ژینگەیـی یـاخود هاوکاری بەسالاچوان بێت.

بەرپرسـیارێتیی کـۆمەڵایەتی تـاکەکەس دەکەوێـتە دڵـی بەرپرســـیارێتیی کـــۆمەڵایەتی کۆمپانیاکـــانەوە، چـــونکە

---

[1] Mihaela PĂCEŞILĂ: op.cit, p17.

کۆمپانیاکـــــان لەتاکەکـــــان پێکهـــــاتوون، داینەمـــــۆی بەرپرسـیارێتی کۆمپانیاکـان ئاکـاری تاکەکەسـەکانێتی، بـۆ ئەوەی کارابێت، بەرپرسـیارێتیی کـۆمەڵایەتی کۆمپانیاکـان لەکارمەنـــدەکانی دەخوازێـــت خـــاوەن بەرپرســـیارێتیی کۆمەڵایەتی گونجاوبن.

واتە دەکرێـــــت لەهەردوو لقـــــی بەرپرســـــیارێتیی کـــۆمەڵایەتی بەشـــێوازێکی فـــراوان هەردوو چەمـــکەکە پەرەپێبدەین، تـاوەکو یەکتری تەواو بکەن و کاریگەرییان زۆرتـــر بێـــت، بەجۆرێـــک بەرپرســـیارێتیی کـــۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان میکانیزم و ئامرازی هاوکاریی و گوزارشتی بەرپرســــیارێتیی کـــــۆمەڵایەتی بێـــــت، لەبەرانـــــبەردا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس میکانیزمی ژیان و مامەڵەکردن بێت.[1]

بەرپرســـــیارێتیی کـــــۆمەڵایەتی تـــــاکەکەس تەنهـــــا بەرپرســـیارێتییەک نیـیە لە بـواری ئەو کـۆمەڵەی کـاری تێدادەکرێت، بەڵکو فراوانترەو کۆی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بایەخپێـــدانی تاکەکەســـــە بـــۆ ئەو مەیـــدانخوازییانەی ڕووبەڕووی کـــۆمەڵگە دەبێـــتەوەو هەڵوێســـتی کـــاراو چارەسازو خێرایان لەمەڕ دەخاتەڕوو.

لەبەرئەوە بەرپرســـــیارێتیی تـــــاکەکەس ســـــیمایەکە لەســـــیماکانی ئەو کۆمەڵگـــــانەی تـــــاکەکەس مـــــاف و بەرپرسـیارێتییان دەزانـن و لەپێنـاو ئەوانیتـرو بەگیـانێکی سەربەستی کەسیی کاردەکەن.

---

[1] Mihaela PĂCEŞILĂ: op.cit, p17-18.

گرنگە بزانرێت بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس کارێکی خێرخوازیی کاتی و تایبەت بەبۆنەی دیاریکراو نییە، یاخود کارێک نییە کە بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆو دەستبەجێی تاکەکەسەکەی تێدابێت و هەستبکات باشترینە، بەڵکو ئاکارێکی تاکەکەسیانەی چاکەخوازییەو بەردەوام ئامادەیی و ڕەنگدانەوەی هەیە، هەڵسوکەوتێکی چالاک و خۆبەخشانەی گروپێکی فشارە، بەردەوام وابەستەی گرفتەکانی کۆمەڵ و پەیوەندیدار بەچارەسەرەکانێتی[1].

## باسی چوارەم – ڕەهەندەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس:

سەرەڕای ئەوەی سەرهەڵدانی چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەبوارە ئابوورییەکەوە سەریهەڵداوەو وابەستەی کاری کۆمپانیاو دەزگاکانی کارگێڕیی کارە، بەڵام تاکەکەسەکان ئاڕاستەی سیاسەتی داموودەزگاکان دەکەن، هەوڵەکانیان لەبواری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرجەستەدەکەن. وەک تاکەکەس کارامەیی و زیرەکییان دەردەخەن، هۆشیاریی و هاوسۆزیی کۆمەڵایەتییان لەناو دەزگاکان لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکەو تاکەکەسیش

---

[1] Mihaela PĂCEŞILĂ: op.cit, p18.

کاریگەریی هەیە، لەبەرئەوەیە دەوترێت بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس هۆشیاریی تاکە بەچۆنییەتی کاریگەرییە کەسییەکان لەسەرکۆمەڵ، لەوانە:

- کاری خێرخوازیی و بەخشینی دارایی و پارەو سامان.
- کارکردن لەپێناو کۆمەڵگە، وەکو کاری خۆبەخشیی و بەخشینی خوێن و خواردن و پارێزگاریی ئاژەڵان.
- پاڵپشتی ئەو پرسانەی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەیە، پارێزگاریی لەپرسە سیاسییەکان یاخود کۆمەڵایەتییەکان کەدەتوانرێت بەهۆیانەوە هاوکاری ئەوانیتر بکرێت، بۆنمونە یاساکانی کارکردنی منداڵ، پرسی توندوتیژیی و لێکبوردن و ...تاد.
- ئاکاری تاکەکەسیی، وەک دەستپاکی و ڕاستگۆیی، هەروەها مامەڵەکردن بەپێی ئەو یاسا زێڕینەی کەدەڵێت: بەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ ئەوانیتر بکە، کەئارەزوو دەکەیت مامەڵەت لەگەڵ بکەن. واتە هەستکردن و هاوسۆزیی و ویژدان و ... تاد سیمای ئاکاریی بێت.[1]
- دەوترێت بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس پابەندیی هەر کەسێکە بەرانبەر ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی،

[1] Andy Schmitz: Human Relations v. 1.0, Saylor Academy, 2012, https://saylordotorg.github.io/text_human-relations/s09-03-social-responsibility.html.

ئەمەش گوزارشـــتە لە بایەخپێـــدان بەو گۆڕانکـــاریی و ڕوداوانەی لە کـۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، هاوکـات بەشـدارییە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەو گرفتە لۆکاڵییەکان.

- هەرکــۆمەڵگەیەک کە بەپرۆســەی گەشــەپێداندا گوزەردەکـــات، هەر تاکەکەســێک بەشــێوازو ڕێــگەی جۆراوجـۆر دەتوانێـت بەشـداریی لەو پرۆسـەیەدا بکـات، لەڕێگەی پاکسـازیی شـەقامەکان بێت، یـاخود ڕێکخسـتنی ڕوداوێکـی مێژوویـی تـایبەت بەو نـاوچەیە بێـت، یـاخود هاوکـاریی منـاڵانی بـێ نەواو دایبـاب یـاخود هاوکـاریی بەساڵاچوان.
- هەروەهـا دەتوانرێت گوزارشـت لەبەرپرسـیارێتیی تـاکەکەس بکرێـت لەمیـانەی بەخشـینی کـاڵاو شـمەک و سامان بەهۆکاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ژینگەیی، یـاخود لەڕێـگەی بەکـاربردنی بەرهەمە ئۆرگانییەکـان کە مەبەسـتی هانـدان و پاڵپشـتییان هەیە، ئەم هەڵسـوکەوتانە بەردەوام بەرەنجـامی لەخۆبـوردویی نـین، بەڵکـو زۆرجـار بەهۆکـــاری فشـــاری کـــۆمەڵایەتی یـــاخود ئـــارەزووی دەرکەوتنی سەخاوەتمەندییە.
- لەبەرئەوە پســپۆڕان ئامــاژە بــۆ ئەوەدەکەن کە بەرپرســیارێتیی کــۆمەڵایەتی تــاکەکەس دوو ڕەهەنــدیی هەیە: شوناســـی ئاکـــاریی تـــاک و شوناســـی ئاکـــاریی سومبولی تاک، یەکەمیان وێنای تاکەکەسـەکانە بۆ ڕۆڵیان لەکۆمەڵگەو باشترکردنی گوزەرانی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا

ڕەهەنــدی دووەم گوزارشــتی دەرەکیــی و ڕووکــارییە لەبەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی.[1]

ڕەهەنــدو کایەکــانی بەرپرســیارێتیی کــۆمەڵایەتی تــاکەکەس لەکــۆمەڵگەدا فــرەو جۆراوجــۆرن، واتە بەرپرسیارێتییەکە تەنها لەبەرپرسیارێتی بەرانبەر خۆی و خێزان قەتیسنابێت، لەبەرئەوە هەندێک پێیانوایە:

١) بەرپرسیارێتی تاک بەرانبەر بەخۆی: کەئارامگریی و خۆڕاگریی لەبەرانبەر سەختییەکانی ژیان دەگرێتەوە لە خــواردن و نوســتن و کــۆی هانــدەرو ڕەگەزە سروشتییەکانی، هەروەها چاکسازیی لەخودو ناوبانگ و خۆڕاهێنان لەچاکەکاریی و لێکبوردن و ...تاد.

٢) بەرپرسیارێتی تاک بەرانبەر بەخێزان: بایەخپێدان و بەدەمەوەبــوونی بــاوک و دایــک و بــراو خوشــک و هاوسەرو مناڵ و تەواوی کەسوکارەکانی.

٣) بەرپرسیارێتی تاک بەرانبەر بە هاوسێکان.

٤) بەرپرسیارێتی بەرانبەر کۆڵان و گەڕەک و شارو نەتەوەو نیشتیمان.

٥) بەرپرســیارێتی بەرانــبەر جیهــان و گەردوون، لە ئاوەدانکردنەوەو ئاگاداریی ژینگەو ئاژەڵان و بوونەوەرە زیندووەکان.

هەندێکیتر بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس لەسێ بواردا دەبینن:


---

[1] Mihaela PĂCEŞILĂ: op.cit, p19.

أ) بەرپرسـيارێتی لەبـواری کـۆمەڵگەدا: بەرپرسـيارێتيی تاکەکەسـە بەرانـبەر هاوشـێوەکانی و کەلـوپەل و دەزگـاو پێکهـاتە گشـتييەکان و پرسـەکانی کۆمەڵگە.

ب) بەرپرسيارێتی لەبواری خوێندنگە: بەرپرسيارێتی خوێنـدکارە لەبەرانـبەر هـاورێ و مامۆسـتاکانی خوێندنگەکەی.

ت) بەرپرسـيارێتی لەبـواری خێـزان: واتە بەرپرسـيارێتی و پابەنـديی تـاکەکەس بەرانـبەر خێـزان و هاوسێ و نزيکەکانی.[1]




[1] الدكتورة ابتسـام عبدالله الزعبي: أركـان المسـئولية الاجتماعيـة مـن المنظـور الإسـلامي، كليـة التربيـة قسـم علـم الـنفس، جامعـة الأميـرة نـورة بنـت عبـدالرحمن- الرياض، ٢٠٢٠\١١\١١، https://www.gulfkids.com/vb/showthread.php?t=5070

لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس، تێدەگەین کە دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەجۆرێک بتوانین ئاست و چۆنیەتی کاریگەریی کردەوەکانمان لەسەر ئەوانیتر بزانین و تێبگەین، لایەنێکی گرنگی ئەم بەرپرسیارێتییەیە، هەروەها دەتوانین خەملاندنمان بۆخۆمان و درکپێکردنمان بۆ خود لەمیانەی هاوکاریی ئەوانیر بونیادبنێین.[1]

چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس چەند لکێکی هەیە:

- ئەو لایەنەی کە مرۆڤەکان ئاستی کاریگەرییە خراپەکانیان لەسەر ئەوانیتر کەمدەکەنەوە.
- ئەو سودو قازانجە ئەرێنییانەی مرۆڤەکان بەگشتی بۆ کۆمەڵی دەهێنن.
- ئەو هەنگاوە ئەرێنیانەی لەپێناو پاراستن و جوانکردنی ژینگە دەنرێت، ئاکاربەرزیی و شوێنکەوتنی بونیادە ئاکارییەکان.
- (ئێمە) بین زیاتر لەوەی (من) بین.

بەکورتی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاک، پابەندیی بەردەوامە بەهەڵسوکەتی ئاکاریی و بەشداریی لەگەشەپێدانی تاکەکەسەکان و چاککردنی جۆری ژیانی تاک و کۆو هەموو گروپەکان و کۆمەڵ بەگشتیی[2].

---

1 Andy Schmitz: op.it.

2 Stuart Emmett MSc (Cranfield) BA (Hons) : Individual Social Responsibility, PASA,

ئاماژە بۆ چەندین هەڵسوکەوت دەکرێت وەک پێوەر کە بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی پێدیاریدەکرێت:

- متمانەو پەیوەستەگی بۆ ئەوانیتر.
- بایەخدان و هەستیاریی بۆ پێویستییەکانی کۆمەڵ/ کۆمەڵگە.
- هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر ئەو گرفتانەی کاریگەریی کۆمەڵایەتی گشتییان هەیە.
- بەشداریی ئەرێنی و بونیاتنەرو خۆبەخشی لەژیانی کۆمەڵ.
- کرانەوە بەرووی هاوکاریی و دانوستاندن.
- گیانی کۆمەڵگە و بەشداریی لەو کارانەی بەرژەوەندیی گشتیین.[1]

هەموو تاکێک لەپابەندی بەرانبەر کۆمەڵگەکەیدا، بەرپرسە لە:

- کاریگەریی بڕیارو کردارەکانی لەسەر ژینگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سروشتیی.
- پێویستە خەڵک لەبارەی ئەو بەهاو پرەنسیپانە شارەزا بن کەئاراستەی ژیان و بڕیارەکانیان دەکات، ئەمەش تەنها لەبەر خۆشنودیی خۆیان نییە، بەڵکو لەپێناو خۆشگوزەرانی بەکۆمەڵە.

---

https://procurementandsupply.com/2017/02/individual-social-responsibility/

[1] Mihaela PĂCEŞILĂ: op.cit, p18-19.

○ بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس لەنێوان منالاًن و تازەپێگەشتوان دەخوازێت هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکانیان پتەوو بەهێزبکرێن، هەلی هەڵسوکەوتی شارستانیانەیان بۆ برەخسێنرێت.[1]

## باسی پێنجەم- ڕەگەزو پێکهێنەرە بناغەییەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس:

دیاریکردنی ڕەگەزو پێکهێنەرە بناغەییەکانی بەرپرسیارێتی تاکەکەس، شێوازی جۆراوجۆری لەخۆگرتووەو تاڕاددەیەک وابەستەی دیدو تێڕوانینی توێژەرەکانە، بۆنمونە ئاماژە بۆ سێ ڕەگەزی (بایەخپێدان – تێگەیشتن – بەشدارییکردن) کراوە، کەهەریەکێکیان پەرە بەئەویتر دەدات و پاڵپشتی دەکات[2]:

1 - بایەخپێدان: مەبەست بە وابەستەیی سۆزدارانەیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی دەروەستیی بۆیان هەیە. جا بچوک یاخود گەورە، ئەو وابەستەییەی تێکەڵ بە موکوڕبوون بۆ بەردەوامی پێشکەوتن و یەکانگیریی و بەئامانج گەیشتن،

---

[1] Mihaela PĂCEŞILĂ: op.cit, p23.

[2] میسون محمد عبدالقادر مشرف: المصدر السابق، ص١١٤.

هەروەها ترس لەوەی دوچاری دۆخێک ببێت، کەلاوازی بکات یاخود لەبەریەکی هەڵوەشێنێت.

2 - تێگەیشتن: دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان تێگەیشتنی تاکەکەسە بۆ کۆمەڵ، دووەم تێگەیشتنی تاکەکەسە بۆ مەبەست و ئاماژە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کارو کردەوانەی ئەنجامیان دەدات. لایەنی یەکەم تێگەیشتنی تاکەکەسە بۆ دۆخی ئێستایی کۆمەڵەکەی، هەروەها تێگەیشتن لە دامەزراوەو ڕێکخراوو بەهاو نەریت و دۆخی ڕۆشنبیریی و مێژووەکەی، واتە هی کۆمەڵ.

لایەنی دووەم، درککردنی تاکەکەسە بۆ شوێنەواری کردارو هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی لەسەر کۆمەڵ، واتە لەبەهای کۆمەڵایەتی هەر کارو هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی خۆی تێدەگات.

3 - بەشدارییکردن: مەبەست لە بەشداریی تاکەکەسە لەگەڵ ئەوانیتر لەکارێک کە وادەکات بایەخپێدانی هەبێت، بەشدارییەک کەتێگەیشتن دەخوازێت لەوکارانەی یاریدەدری تێرکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵن.

یاخود لەتێڕوانینێکیترەوە، چوار بونیادی (تواناسازیی – بەشدارییکردن – ئاسایش – دادگەریی) دیاریکراوە[1]:

- تواناسازیی: واتە فراوانکردنی توانستەکانی تاکەکەس و زۆرکردنی بژاردەکان، پاشان پێدانی زیاتری

[1] علي عبدالراضي: المسئولية الإجتماعية وعلاقتها بالمواطنة – ١، دراسات إجتماعية، المعهد المصري للدراسات، تركيا استنبول، ٢٨ يوليو ٢٠١٨، ص٩.

ئـــازادیی، چـــونکە بەرپرســــیارێتی لەگەڵ ناچـــارکردن و زۆرداریی کۆنابێتەوە.

- بەشـداریکردن: بەشـداریی لەمیـانەی ڕۆشـنبیریی کـــۆمەڵگە دادەمەزرێـــت، کە ژێرخـــان بـــۆ بەهاکـــان بونیاددەنێت، تـاوەکو لەڕێگەیەوە هـاورێکیی لەپێشـبینی و تێـڕوانینە هاوبەرانبەرەکـانی سـەبارەت بە ڕێکخسـتنەکانی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەدیدەهێنێت.
- ئاسـایش: بەرپرسـارێتی کـۆمەڵایەتی خـۆگـونجێنی لەگەڵ پابەنـدییە ئاکـاریی و کۆمەڵایەتییەکـان دەخوازێـت لەچێـوەیەک کەمرۆڤەکـانیتر بوونیـان هەیە، بەزانـدنی ئەم پابەندییانە دەبێتە مایەی لەرزۆکبوونی ئاسایش، کە وەک بەربەسـتێک بـۆ دامەزراندنی بەرپرسـیارێتیی کـۆمەڵایەتی دادەنرێـــت و دووچـــاری تەنگـــژەی دەکـــات، لەبەرئەوە ئاسایش بزوێنەری بنەڕەتی بەخشین و پەرەسەندنە.
- دادگەریـی: بەدەسـتهێنانی دادوەریـیە لە توانسـتە بنەڕەتییەکان و لەچێوەی هەلی (خوێندن و تەندروستیی و ...تـــاد)، هەروەهـــا مانـــای دابەشـــکردنی دادگەرییـــانەی سەرچاوەکانە، کە ببێتە مایەی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان.

# بەشی دووەم

# بەرپرسارێتی کۆمەڵایەتی
# لە فیکری ئیسلامیدا

ئەگەر بەرپرســــیارێتیی كـــــۆمەڵایەتی لە ڕوانــــگە ڕۆژئـاواییەكەیەوە لەكـایەی ئـابوورییەوە سـەریهەڵدابێت، پاشـــان بەرپرســـیارێتیی كـــۆمەڵایەتی تـــاكەكەس وەك لایەنێكــی ئەو بەرپرســیارێتییە جۆرێــك لەســـەربەخۆیی وەرگرتبێت و وەك ئەركێكی مرۆیـی و ئاكاریی بـابەت و توێژینەوەی جۆراوجۆری لێكەوتبێتەوە، ئەوا ئیسـلام وەك ئـــایین هەر لەســـــەرەتاوەو وەك لایەنێكـــی ســــەرەكی بەرپرســـیارێتی مرۆڤــی لەســـەر ئاســـتی تـــاك و كـــۆ دیاریكردووەو جگە لەئەركە مرۆیی و ئاكارییەكەی، وەك ئەركێكـــی ئـــایینی كەكـــاریگەریی لەســـەر دیـــاریكردنی چارەنووســـــــــــی مـــــــــــرۆڤ هەیە لە ئەودونیـــــــــــا جەختیلێكردووەتەوە.

هەروەها لەسۆنگەی هاندان و ڕەچاوكردنی، خەسڵەتی كۆمەڵایەتیـانەی مـــرۆڤ وەك تـــاكەكەس و وابەســـتەیی بەكۆمەڵگەكەیەوە كەناكرێت مـرۆڤ دوورەپەرێزو دابـڕاو لەئەوانیتــر ژیانبكـات[١]، ئیســلام هەر لەســـەرەتاوە نكـوڵی

[١]علـي بـن عـامر بـن محمـد الشـهري: المسـؤولية الاجتماعيـة تجـاه المجتمـع، دراسـة ميدانيـة مطبقـة علـى مؤسسـة الوقـف فـي المجتمـع

لەوجۆرە لەژیانی خۆدابڕین و پەنایيە كردووە كە وەک ڕەبەن، بەبیانووی پەرستش پەیوەندییەكانی نێوان تاكەكەس و كۆمەڵ بەتەواوی توشی دابڕانبكات، (وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا)[1]. بەڵكو بەپێچەوانەوە هاندەری ژیانی كۆمەڵایەتییانەیەو پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (الْمُؤْمِنُ الَّذِي يُخَالِطُ النَّاسَ، وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ، أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لَا يُخَالِطُ النَّاسَ، وَلَا يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ)[2]، ئەو باوەڕدارەی لەگەڵ خەڵک تێكەڵدەبێت و لەبەرانبەر ئازارەكانیان ئارامگرە، پاداشتی گەورەترە لەو باوەڕدارەی تێكەڵنابێت و لەبەرانبەر ئازارەكانیان ئارامگر نییە.

لەم سەربەنەوەو لەدیدی ئیسلامیدا، بەرپرسیارێتی لە ئاستەگشتییەكەیدا یەكێک لەپرەنسیپە مرۆییەكانەو لەگەڵ یەكەم مرۆڤدا دەستیپێكردووە، بەتایبەتی كاتێک قورئان

السعودي، جامعة الملك سعود، عمادة الدراسات العليا، قسم الدراسات الاجتماعية، ٢٠١٠، ص١٣.

[1] الحديد: ٦٦.

[2] سنن ابن ماجه، كتاب الفتن، الرقم ٤٠٣٢.

دەفەرمویێت: (إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا)[1]. ئەو سپاردەیەش لەئایەتێکدا دیاریکراوەو فەرموویەتی: (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً)[2]، واتە جێنشینی ئەرکی یەکەمی مرۆڤە لەزەویدا، میکانیزمی جێبەجێکردن و بەجێگەیاندنی ئەم بەرپرسیارێتییەشی لەچێوەی گشتی مامەڵەکردن و بنەمای ئەو مامەڵەکردنەدا ڕوونکردۆتەوە، فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا )[3]، واتە یەکترناسین و نزیکبوونەوەی نێوان مرۆڤەکان، تێکەڵبوون و ئاشنایەتییان بەیەکتری، باشترین ڕێچکەی پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیەتی، کە کۆی ئەم پرۆسەیە کۆمەڵایەتییانەیە و لەو ناوەندەشدا بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆ گرتووە.

ئیبن خەلدونیش ئەو ڕاستییە جوان ڕووندەکاتەوە کاتێک نوسیویەتی: "ئەگەر هاریکاریی نێوان مرۆڤەکان بژێویی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی دەستخستبێت، چەکی بۆ

---

[1] الأحزاب: ٧٢.

[2] البقرة: ٣٠

[3] الحجرات: ١٣

خۆپـاریزیی و بەرگریـی دەسـتەبەرکردبێت، حـیکمەت و دانـایی پەروەردگـاریش لەمـانەوەو پاراسـتنی جـۆری مرۆییـــدا بەرجەســـتەببێت، کەواتە کۆبـــوونەوەو جەمبوونەوەی مرۆڤەکان، پێویستییەکە بۆ جۆریی مرۆیی و بەبیّ ئەم کۆبـوونەوەیە بـوونی مرۆیـی کاملّنابێـت و بەجێهێنـانی ئەرکـی پێسـپێراوی خـوایی و جێنشـینی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی نایەتەدی"[1].

پێغەمبەریش (ﷺ) **فەرموویەتی:** (**إن المؤمن يألف، ولا خير فـيمن لا يـألف ولا يؤلـف**)[2]. لەبەرئەوە هەنـدێک لەبیریـارو توێژەرانی ئیسلامی پێیانوایە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کەرەسـتەی بەدیهێنـانی مـرۆڤ (خـاک)و سروشـتی بەدیهێنـراو (مـرۆڤ)دا هەیە، بۆیە لەخاک بەدیهێنراوە تـا خاکیـانە بژیـی و مامەڵەبکـات، هەروەهـا وابەسـتەیی و گرێدراوی ئەو زەوییەش بێت کە لێی بەدیهێنـراوە، ئەمە

---

[1] ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، حقق نصوصه وأخرج أحاديثه وعلق عليه: عبدالله محمد الدرويش، الجزء الأول، دار يعرب، ديمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤، ص١٣٨.

-[2] المستدرک على الصحيحين كتاب الإيمان، الرقم ٦٠ و قال الحاكم هذا حديث صحيح على شرط الشيخين، ولا أعلم له علة، قال الذهبي في التلخيص علته انقطاعه.

جــــگەلەوەی سروشـــــتی پێکهـــاتەکەی وایکـــردووە کە مـامەڵەیەکی شـیاو لەگەڵ ژیـنگەدا بکـات و بە گونجـاویی ئەرکی سەرشانی (جێنشینی) ڕابپەڕێنێت[1].

گشـتێتی و هەمەلایەنێتـی ئەم بەرپرسـیارێتییە، تـایبەت نیـیە بە گرۆهێـک لەمـرۆڤ، یـاخود وابەسـتەی کـات و شـوێنێکی دیـاریکراو نییە، بەڵکو لەسـەر هەمـوو ئاسـت و دۆخەکـان ئەسـتۆی مـرۆڤ دەگرێـت، لەبەرئەوە پێغەمـبەر (ﷺ) ڕوونیکردۆتەوە کە: (كلكم راع وكلكم مسئول عن رعيته)[2].

گشـــــتاندنی ئەم بەرپرســــــیارێتییە بەو فــــــراوانییەو قـــــوڵکردنەوەی بەنـــــاو کـــــۆمەڵ و چــــین و تــــوێژە جۆراوجۆرەکان، لەسەر ئاستی تاک و کۆ، یاخود لەبـوارە کـۆمەڵایەتی و ئـابووریی و سیاسـیی و فیکریـی و ..تـاد، کۆی بوارەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە.

---

[1] شلال حميد سليمان: الفكر الاجتماعي في الإسلام-دراسة تحليلية لبعض عناصر الفكر الاجتماعي كما هي مجسدة في الحديث النبوي الشريف، كلية الآداب، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥، (غير منشورة)، ص٨٤.

[2] البخاري، صحيح البخاري - كتاب الجمعة - باب الجمعة في القرى والمدن، الرقم ٨٩٣.

(مالک بن نەبی) پێیوایە سێ جیهانی سەرەکی، جیهانی تاکگەرایی و جیهانی فیکریی و جیهانی شتەکان، ڕۆڵ لەدروستکردنی مێژوو دەبینن، بەڵام جەختدەکاتەوە کە کاری مێژوویی تەنها بەم سێ جیهانە بەرجەستە نابێت، بەڵکو وەک بەرەنجامێکی لۆژیکی پێویستی جیهانێکی دیکە دێتە ئاراوە کە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە ئەو مرۆڤەی دینگەی بونیادنانی ژیارە، نابێت لەبیرکردنەوەو پێکهاتەو فەلسەفەیدا مرۆڤێکی تاکگەرا بێت، بەڵکو پێویستە بەتەواوی درکبکات لەناو ڕایەڵێکی کۆمەڵایەتی تەنراو بە (تەواوکاری و دەستەبەری و بەرهەم)ی کۆمەڵایەتیدا ژیاندەکات[1].

لێرەوە تێدەگەین کەمرۆڤ لەناو تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە میکانیزمی تەواوکاریی پێویستییەکانی هاوبەشەکانی بێت، دەستەبەریی سەختی ژیان و بژێوی مرۆڤە کەم دەست و توانستەکان بێت، تا لەدواجاردا خاوەنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی بێت،

[1] د.زكية العمراوي: الفكر الإجتماعي عند مالك بن نبي – قراءة سوسيو – مفاهيمية في كتاب ميلاد مجتمع، مجلة البحوث والدراسات الإنسانية، المجلد ٩، العدد ١٩، السنة ٢٠١٩، ص٨١.

ئاشکرایشـــە بەرهەمـــی کـــۆمەڵایەتی، کـــارو جـــوڵەی کۆمەڵایەتی دەخوازێت.

بەرپرســــــیارێتیی کــــــۆمەڵایەتی لەپانتــــــایی ئەو بەرپرسیارێتییە گشتییەدا، پێگەیەکی بەرفراوان و بەهێزیی هەیەو تەواوی بەرپرسیارێتییەکانیتری مرۆڤ بەجۆرێک لەجۆرەکـــان وابەســـتەی بەرپرســـیارێتیی کـــۆمەڵایەتی کـــراوون، زیـــاتر لەوەش چارەنووســـی مـــرۆڤ لەڕۆژی دوایـــــی بەتەواوی و زۆر بە پـــــتەوی بەئەرکـــــداریێتی کۆمەڵایەتی گرێدراون.

---

تەنـــانەت ئەگەر بڕواهێنـــان کلیـــل و کـــۆدی چـــوونە نـــاو بازنەی دین بێت و مەرجی موسڵمانێتی بێت، پێناسی ئەم بڕوایەش وەک حەسەنی کوڕی عەلی ئاماژەی پێداوە: (ما وقر فی القلب و صدقه العمل) بێت، ئەوا سەرەتاکانی ئەو ڕەنگدانەوەیەو کاریگەرییەکانی لەسەر ئاکارو کردەوەکانی مرۆڤی بڕواداری ڕوونکردۆتەوەو فەرموویەتی: (الْإِيَمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً ، فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْـأَذَى عَـنِ الطَّرِيـقِ ، وَالْحَيَـاءُ شُـعْبَةٌ مِـنَ الْإِيمَـانِ)،[1] واتە: هەنگـاوی یەکەم و دەســــتپێکی ئەو بــــڕوایەو ســــادەترینییان کەهەرمرۆڤێکـــی بـــڕوادار پێویســـتە وەک بـــڕوادار ئەنجامیبدات (لابردن و نەهێشتنی ڕێگریی و ئەو شتانەن

---

[1] صحیح مسلم، کتاب الإیمان، باب شعب الإیمان، الرقم ٣٥.

ئازارو زیان بەئەوانیتر دەگەیەنن)، واتە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەدوا ویستگەو پلەی بڕوا بگات کە (لا الە الا اللە)و کەشتی ڕزگاربوونەو ئەوەی بەڕاستی گوزارشتی لێبکات دەچێتە بەهەشتەوە، تەنها دەربڕینێکی زارەکی مرۆڤ و سەرپێی نییە، بەڵکو لەیەکەم هەنگاودا، پێویستە هۆکاری زەمینەسازیی ژیان و ڕێگەی مرۆڤەکان بێت و لەئێش و ئازاری ژیان دووریانبخاتەوە، هاوکات خۆیشی بەشێک نەبێت لەهۆکارەکانی ئەو ئێش و ئازارانە.

هەروەها لەنێوان بالاترین پلەی بڕوا (لا الە الا اللە)و سەرەتاییترین و یەکەمین پلەی بڕوا (وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ)، جارێکیتر لایەنێکیتری بەرپرسیارێتی ئاکاریی وەک پلەیەکیتری بڕوا ئاماژەی پێکراوە کە بریتییە لە (الحیاء) شەرمکردن، شەرمکردن بەهەمان ئەو مانا باوە نەریتیی و تایبەتمەندییە نییە کە لەکۆمەڵی کوردیدا وەک پەسن و خەسڵەتێکی ئاکاریی بۆ ڕەگەزی مێینە لێکدەدرێتەوە، بەڵکو شەرمکردن وەک بونیادێکی ئاکاریی و جۆرێک لەهەستکردن بە لەخۆناڕازیبوون لەئەنجامدانی کارێک کە زیان و کاریگەریی خراپی لەسەر ئەوانیتر هەیە، یاخود کەمتەرخەمی و چاوپۆشی لەکردەو جوڵەیەک کردووە باشی و سوودی بۆ ئەوانیتر هەیە.

بەمانایەکیتر کۆی بونیادو پلەبەندیی بڕوابوون لەدیدی ئیسلامییەوە، بە بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات و لەو پرۆسەیەشـــدا تـــاکەکەس بەرپرســـیاریێتی هەردوو دونیـــای دەکەوێـــتە ئەســـتۆ، لەبەرئەوە کەســـێک بـــێخەم لەبەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی ناکرێت بانگەشەی هەبوونی بڕوای تەواوو کامڵی خۆی بکات.

ئەم بەرپرســـیاریێتییە کـــۆمەڵایەتییە ســـات و کـــاتێکی دیـــــاریکراوی نیـــــیە، بەڵکـــــو بەردەوام لەگەڵ ژیـــــانی مرۆڤەکـــانەو تـــا لەژیانـــدا بێـــت لەو بەرپرســـیاریێتییە نابەخشــــــرێت، لەم ڕوانـــــگەیەوەیە پێغەمـــــبەر (ﷺ) فەرمـــوویەتی: (إذا قامـت الساعة وفـي يـد أحـدكم فسـيلة فليغرسها)[1]، واتە تا کۆتا چرکەساتی ژیان مرۆڤ پێویستە لەبەرپرسیاریێتییەکانی بەردەوامبێت.

لەم ســـەرەتایەوە دەتـــوانین لە فیکـــری ئیســـلامیدا؛ لە تایبەتمەنـدییەکانی بەرپرســـیاریێتیی کـــۆمەڵایەتی تێـبگەین، لەوانە:

- <u>دامەزراویـــــی و جێگیریـــــی</u>: بەرپرســــــیاریێتیی کـــۆمەڵایەتی بەڕەهـــایی جێگیرکـــراوەو ســــەلمێنراوە،

[1] مسند أحمد بن حنبل، مسند أنس بن مالك، الرقم ١٣١٠٠.

بەجۆرێک هیچ گومان و ڕاڕاییەک هەڵناگرێت، چونکە لەسەرەتاوە وابەستەی ئامانجی دروستکردنی مرۆڤ و ژیانە، ئەو بەرپرسیارێتییەش ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مرۆڤ کراوەتەوە.

- <u>هەمەلایەنێتی</u>: تایبەتمەندییەکیتری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەفیکری ئیسلامیدا هەمەلایەنێتییە، واتە بەرپرسیارێتییەکە لەئەستۆی مرۆڤ بۆ تەواوی بەدیهێنراوەکان، لە مرۆڤەوە بۆ ئاژەڵان و ژینگەو کۆی ژیان.
- <u>گشتگیرێتی</u>: بەرپرسیارێتی خەسڵەتی گشتگیرێتی هەیە، تایبەت نییە بەکات و ساتێکی دیاریکراو، وابەستەی تەنها شوێن و جێگەیەک نییە، هەروەکچۆن بۆ بابەتێکی دیاریکراویش نییە.
- <u>بەردەوامێتی</u>: بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی بەردەوام دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤی کامڵ و خاوەن شایستەیی، تا ئەوکاتەی لەژیاندایە، چونکە ئەم بەرپرسیارێتییە میکانیزمی ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی

ڕەزامەنــدیی ئەو دنیــاو ســازاندنی بەختەوەریــی ئەم دنیایەتی[1].

## ڕەهەندەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

١) بەشــداریی ئەرێنیــانە: بەشــداریکردنی ئەوانیتــر لە ڕووبەڕووبــوونەوەی گــرفتە گشــتییەکان، کە هەمــووان دەگرێتەوەو بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

٢) بایەخپێــدانی ئەرێنیــانەی بونیــادنەر: گرنگیــدانە بە شــێوازی ژیــان و گــوزەران و مــامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا.

٣) دســپلینی نــاوخۆیی: مەبەســت بە ئاڕاســتەکردن و هاندانی خودییانەیە بەمەبەستی بەدیهێنان و گەیشتن بە ئامانج یاخود پرەنسیپێک.

---

[1] دور الجامعات السعودية في الربط بين التعليم والمجتمع دراسة تحليلية في ضوء المسؤولية الاجتماعية للجامعات، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: (١٦٨ ،الجزء الثالث) أبريل لسنة ٢٠١٦م، ص٦٥٤.

٤) دسپلینی ئاکاریی: تاکەکەس خودییانەو کۆمەڵایەتییانە بەرپرسیارە، ئەو توانستی جڵەوگیریی و پەروەردەی ئاکاریی خۆی هەیە، بەجۆرێک پێویستییە تایبەتییەکانی فەراهەمبکات و ڕێگە بەئەوانیتریش بدات بەئاشتیانە پێویستییەکانیان دابینبکەن.

٥) خستنەگەڕی توانستە خودییەکان: کاتێک تاکەکەس هەست بە دەروەستی دەکات و پێیوایە مایەی ڕەزامەندییە، ڕێزگرتنی بۆ خۆی زیاتردەبێت، لێرەدا بەرپرسیارێتی ڕۆڵی دسپلین و ئاڕاستەکار دەبینێت.

٦) ویستی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەیی دروستکەر: پەروەردە لەقۆناغی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا بەرپرسیارێتی هۆشیارکردنەوەو درککردنێکی نوێی تاکەکەس بە بارەگرانەکان دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها بەرپرسیارێتی گەشەپێدان و پەرەپێدانی لەسەر شانە[1].

لە گەورەترین مەبەستەکانی هاتنی شەریعەتی ئیسلامیی، ئەو یاسا فیقهیەیە کە (جلب المصالح ودرء المفاسد)ە، واتە بەدەستهێنانی چاکەو خێرو

[1] بلسم المغذوي: المسئولية الاجتماعية فلسفيا وثقافيا، الشبكة السعودية للمسؤولية الإجتماعية، الأربعاء, ٧ سبتمبر, ٢٠١٦، https://csrsa.net/post/693

دوورخستنەوەی گەندەڵی و خراپەکارییەکانی چەسپاندووە، ئەمەش بە چاکسازیی لەدۆخی مرۆڤەکان و دوورخستنەوەیان لەگەندەڵی و خراپەکاریی دێتەبوون، لەکاتێکدا مرۆڤ هەژموونی بەسەر ئەم جیهانەدا هەیە، چاکبوونی واتە چاکبوونی جیهان، لەبەرئەوە ئیسلام چاککردنی مرۆڤی بە چاککردنی تاکەکەسەکانەوە بەستۆتەوە... لێرەوە بنەماو بنەڕەتی شەریعەت لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە دونیایی و قیامەتییەکانی مرۆڤە[1].

ئەوەش ڕوونە کە کۆی مەبەستە بنەڕەتییەکانی شەریعەت، بۆ پاراستنی ئەو لایەنانەیە کە ژیانی مرۆڤیان لەسەر بەندە، ئەگەر توشی تێکچوون و لەکارکەوتن بوون، ژیان پەکیدەکەوێت، هەروەها ئەو مەبەستانە پێکهێنەری ناوەڕۆکی مافەکانی مرۆڤن:

١. **پاراستنی دین:** وەک ئازادیی بیروباوەڕو فیکر.

٢. **پاراستنی مرۆڤ**: وەک مافی ژیان و دادو ئاسایش و کۆچ و نیشتەجێبوون و باش مامەڵەکردن و ئازارنەدان.

---

[1]بن علي محمد: سؤال الإنسان في الفكر العربي الإسلامي و الليبرالي الغربي- دراسة فلسفية في المفهوم والحقوق، جامعة وهران، السانيا، صسم الفلسفة، الجزائر، ٢٠١٢-٢٠١٣، ص١٠٦.

٣. **پاراستنی ژیریی**: وەک مافی فێربوون و ڕۆشنبیریی و ئازادیی فیکر.

٤. **پاراستنی وەچەو نەوەکان**: وەک مافی پاراستنی تایبەتمەندیی ژیانی خێزانیی و پەروەردەو مافی ژن و منداڵ و ڕێزداریی و یەکسانیان.

٥. **پاراستنی دارایی و ئابووریی**: وەک مافی خاوەنداریێتی و سامان و کارکردن و دەستەبەری کۆمەڵایەتی[1].

پاراستنی ئەم زنجیرەییبوونە لەیەکەمەوە بۆ پێنجەم، هاوکات لەکاتی دروستبوونی مەترسی و گرفت بۆ هەریەکێکیان، بە پلەبەندیی پێنجەم بۆ چوارەم دەکرێتە قوربانی و ئەو دووانە بۆ سێیەم و ئەو سیانەش بۆ دووەم، لەکۆتاییشدا هەرچوارییان دەکرێنە قوربانی لەپێناو یەکەمدا، کە پاراستنی دینە، لەبەرئەوە قورئان و فەرموودەکان جەخت لە چەمکی جیهادکردن وەک قوربانیدان دەکەنەوە لە پێناو پاراستنی دین، بەڵام ئەو

[1] بن علي محمد: سؤال الإنسان في الفكر العربي الإسلامي و الليبرالي الغربي دراسة فلسفية في المفهوم والحقوق، جامعة وهران، السانيا، قسم الفلسفة، الجزائر، ٢٠١٢-٢٠١٣، ص١٠٧.

دینەی چوارمەبەستەکەی بۆ دەکرێتە قوربانی، دینێکە گرەنتی پاراستنی ئەو چوار مەبەستە دەکات و چەتری هەموویانە، واتە ئەگەر هەرکەس و لایەنێک بەهەر بەرگ و ناوو ڕەنگ و دەنگێکەوە، بەناوی پاراستنی دین و جیهاد کەوتە پێشێلکردنی چوار مەبەستەکەیتر، ئەوە لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەت و ئامانجی هاتنی پەیامی ئیسلام ناتەبایەو پێویستە گوێی بۆ نەگیرێت.

لەفیکری ئیسلامیدا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تەنها لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا قەتیسناکرێت و وابەستە نییە بە مرۆڤی موسڵمان، بەڵکو ئەم بەرپرسیارێتییە وەک یەک کۆمەڵگەی مرۆیی گەورە کۆی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، تایبەت نییە بە گروپ و نەتەوەو دەنگ و ڕەنگێکی دیاریکراو، چونکە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ئیسلام پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرو خۆشنودی بەئامانجی باڵای ژیان گرتووە، کەتیایدا خۆشگوزەرانی و ئارامی و سەقامگیریی بەیەکسانی بۆ کۆی مرۆڤەکان بسازێنێت، تەنانەت زیاتر لەوەش ئاژەڵان و کۆی بوونەوەر دەخاتە ئەستۆی خۆی، هەروەک لەم سۆنگەیەوە عومەری کوڕی خەتتاب ترسی بەرپرسیارێتی ونبوون و تیاچوونی

وشـــترێکی هەبـــوو لەفـــورات و عیراقـــدا، کە خـــۆی و خانەوادەکەی بکەونە بەر لێپێچینەوەی خوا، فەرمـوویەتی: (وَالَّذِي بَعَثَ مُحَمَّدًا بِالْحَقِّ ، لَوْ أَنَّ جَمَلا هَلَكَ ضَيَاعًا بِشَطِّ الْفُرَاتِ ، خَشِيتُ أَنْ يَسْأَلَ اللَّهُ عَنْهُ آلَ الْخَطَّابِ)[1].

لەم پێناوەشدا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس و کۆمەڵیش تەریب بەیەک بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەو تەبایی و هاوکاریکردنی یەکترو هەڵگرتنی ئەرکی بەرپرسیارێتی هەریەک لەئاسـتی خـۆیەوە، بنەمـاو پـایەی بەهێـزی بونیادنـــانی کـــۆمەڵگەو گەشـــەپێدانی ئاســـایش و سەقامگیریتی دەهێنێتەبوون، لەبەرئەوە لەمیانەی هاندانی کاری خێرخـوازیی و خۆبەخشـی خاوەن کـاریگەریی بـۆ گەشـــەپێدان و پاراســـتنی هاوســـەنگی کـــۆمەڵگە بەرپرســـیارێتییە کـــۆمەڵایەتی و فرەجۆرەکـــانی لەچوارچێوەی کاری کۆمەڵایەتی نەخشاندووە.

لەم سـۆنگەیەوە بەرپرسـیارێتیی کـۆمەڵایەتی لەوێنـای جۆراوجـۆردا بـایەخی پێـدراوەو بەشـێوازێکی ڕێکخـراو

---

[1] الأستاذ الدكتور قحطان عبدالرحمن الدوري: الشورى بين النظرية والتطبيق، كتاب ناشرون، بيروت – لبنان، الطبعة الثانية، ٢٠١٦، ص٣٩٩.

کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی موسوڵمانی بەقوڵی گرتۆتەوە، کۆمەڵگەی کردۆتە گۆڕەپانی چالاکی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و تەواوی دامودەزگاکانی لەدیدە ئیسلامییەکەوەو لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ ئەو مەبەستە یەکانگیرکردووە، هاوکات لەپێناو بەرجەستەکردن و گشتگیرکردنی ئەم بەرپرسیارێتییە، وەک بنەمایەک پابەندی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوایکردووە، ئەمەش وایکردووە کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە فیکری ئیسلامیدا تەنها ڕەهەندە مادییەکەی لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵکو ڕەهەندیی مەعنەوی ئەو بەرپرسیارێتییەش تەریب بە لایەنە ماددیەکە ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی سەلمێنراوە[1]، کاتێک وتراوە: (الدنیا مزرعة الاخرة)[2]، تێدەگەین زەوی کێڵگەی کارو چالاکی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤەکانەو ئەوانەی بە باشترین شێواز

---

[1]دور الجامعات السعودية في الربط بين التعليم والمجتمع دراسة تحليلية في ضوء المسؤولية الاجتماعية للجامعات، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: (١٦٨ ،الجزء الثالث) أبريل لسنة ٢٠١٦م، ص٦٥٦-٦٥٧.

[2]محمد بن صالح بن العثيمي: الضياء اللامع من الخطب الجوامع، بدون سنة الطبع والمكان، ص٨٠.

دەیکێڵن و باشترین تۆو دەچێنن، باشترین بەرهەمیش دەچننەوە، لێرەوە پێگەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی وەک ڕاستیی جوانتر لەزەینماندا دەچەسپێت.

لەلایەکیترەوە جگە لەوەی ئیسلام ئاستە گشتییەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دیاریکردووەو لەو چێوەیەشدا ڕێوشوێن و میکانیزمی بۆ داناوە، بۆ چەسپاندن و هاندانی تاکەکەسەکانیش پاداشتی دینی و دونیایی بۆ دیاریکردووەو گرەنتی سەرفرازیی ڕۆژی دوایی بە مرۆڤەکان داوە.

لەم دیدەوە هەوڵدەدەین گرنگترین یەو کایەو بوارانە دیاریبکەین کە ئیسلام وەک بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خستویەتییە ئەستۆی مرۆڤەکان:

# باسی یەکەم- بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر مرۆڤی بڕوادار:

## یەکەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر تاکەکەس:

بەرپرسیارێتی لەبەرانبەر مرۆڤی بڕوادار سنورو ڕووبەرێکی زۆرفراوانی لەئیسلامدا هەیە، هەر لە ئایەتی (إنما المؤمنون إخوة فاصلحوا بين أخويكم)[1] جەخت لەسەر برایەتی نێوان بڕواداران دەکاتەوە، برایەتییەک کە (المؤمنُ للمؤمنِ كالبُنْيانِ يشدُّ بعضُهُ بعضًا)[2]، وەک خشتی دیوار یەکتری تەواوو بەهێز دەکەن، یاخود وەکو ئەندامانی جەستەیەک لەکاتی خۆشی و ناخۆشی هەست بەیەکتر دەکەن (مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ ، إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى)[3].

تەنانەت لە وتاریماڵئاواییدا، پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی بەرپرسیارێتی و مافی برایەتی لەنێوان بڕواداران

---

[1] الحجرات: ١٠

[2] الزرقاني (ت ١١٢٢)، مختصر المقاصد ١١٢١ •صحيح •أخرجه البخاري (٦٠٢٦)، ومسلم (٢٥٨٥).

[3] الألباني (ت ١٤٢٠)، صحيح الجامع ٥٨٤٩ • صحيح •أخرجه البخاري (٦٠١١)، ومسلم (٢٥٨٦).

فەرمووی: (ولا يحلُّ لامرئٍ من مالِ أخيهِ إلا ما أعطاهُ عن طِيبِ نفسٍ)[1] واتە جەختــی لەســەر بەرپرســیاریێتی نێــوان بــڕواداران کردۆتەوە کە پێویستە ماڵ و سامانی یەکتری بپارێزن و دەستدرێژی لەسەر یەکتری نەکەن.

گەر سەیری قۆناغی مەدینەش بکەین، یەکەم هەنگاوی پێغەمـبەر (ﷺ) بە پراکتیکردنـی ئەم بەرپرسـیاریێتییەبوو، بەتایبەت کاتێک بڕواداره کۆچەرەکانی بەسەر خانەخوێ مەدینەییەکانـدا دابەشـکرد، هاریکـاریی نێـوان بـڕوادارن لەمەدینەو دەستهەڵگرتن لە سامان ودارایی و زەویوزاری کشتوکاڵی و مەڕومالاّت لەباشترین و بەهێزترین نمونەی بەرجەستەکراوی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە.

هەروەهــا هەمیشــە هانــدانێکی زۆر هەیە بــۆ ئەوەی مرۆڤ هاوکاریی دەوروبەرو مرۆڤەکانیتر بێت، بەتایبەت لەڕووی پێویسـتیی و دابینکردنـی گـوزەرانی ژیـان، ئەمە جگەلەوەی کە هۆکاریی خۆشنودیی کەسانی ناو کۆمەڵی لێـدەکەوێتەوە، هاوکـات پاداشـتێکی گەورەی خـوایی بـۆ خاوەنەکەی دەستدەخات، لەو ڕوانگەیەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (أَحَبُّ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ أَنْفَعَهُمْ لِلنَّاسِ، وَأَحَبُّ الْأَعْمَالِ إِلَـى

[1] ابن القيم (ت ٧٥١)، تهذيب السنن ٢٧٩/٧ •إسناده صحيح.

اللَّهِ سُرُورٍ تُدْخِلُهُ عَلَى مُسْلِمٍ، أَوْ تَكْشِفُ عَنْهُ كُرْبَةً، أَوْ تَقْضِي عَنْـهُ دِينًـا، أَوْ تُطْرَدُ عَنْهُ جُوعًا، وَلِأَنْ أَمْشِيَ مَعَ أَخٍ لِي فِي حَاجَةٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَعْتَكِفَ فِي هَذَا الْمَسْجِدِ شَهْرًا .. وَمَنْ مَشَى مَعَ أَخِيهِ فِي حَاجَةٍ حَتَّى أَثْبَتَهَا لَهُ أَثْبَتَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ قَدَمَهُ عَلَى الصِّرَاطِ يَوْمَ تَزِلُّ فِيهِ الْأَقْدَامُ)،[1] (ئەو کەسانەی بۆ مرۆڤەکان سوودمەنترینن، لای خـوا خۆشەویستترینن، خۆشەویستترین کاریش لای خوا، دڵخۆشکردنی موسڵمانێکە، یاخود ناخۆشی و نارەحەتیی لەکۆڵبکەیتەوە، یاخود قەرزێکی بۆ بدەیتەوە، یاخود برسێتیی لێدووربخەیتەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ برایەکدا بچم بۆ ئەوەی پێویستییەکی بۆ جێبەجێبکەم، زۆر لام باشترە لەوەی لەم مزگەوتەی مەدینەدا ماوەی یەک مانگ خەڵوەتگریی بکەم .. هەرکەس لەگەڵ برایەکیدا بچێت بۆ ئەوەی پێویستییەکی بۆ جێبەجێبکات و لەگەڵیدا بمێنێتەوە هەتا بە ئەکامی دەگەیەنێت، لە ڕۆژێکدا قاچەکان دەلەرزن لەسەر پردی سیرات، خوای گەورە پێچەسپاوی دەکات). یاخود فەرموویەتی: (مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ،

[1] المعجم الاوسط للطبرانی، الرقم ٦٠٢٦، حسنه الألبانی فی صحیح و ضعیف الجامع الصغیر، الرقم ١٧٦.

وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً، فَرَّجَ اللَّـهُ عَنْـهُ كُرْبَـةً مِـنْ كُرُبَـاتِ يَـوْمِ القِيَامَـةِ)،[1] (هەرکەس بەدەم پێویستیی براکەیەوە بچێت، خوای گەورە بەدەم پێویستییەکانییەوە دەچێت، هەرکەسیش کێشە و ناڕەحەتییەک لە کۆڵی موسڵمانێک بکاتەوە، ئەوا خوای گەورە کێشە و ناڕەحەتییەک لە ناڕەحەتییەکانی ڕۆژی دوایی لەکۆڵ دەکاتەوە).

کەواتە ئەنجامدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس لەژیانی ڕۆژانەی موسوڵماندا، لەڕووی پاداشتەوە زیاتر لەهەر پەرستشێکی فەرزنەکراو خێری هەیە، چونکە ئەگەر وەک پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی کە خێری نوێژێکی مزگەوتی مەدینە هەزار جار لەخێری مزگەوتێکی ئاسایی زیاتر بێت، کەواتە هاوکاری و بەدەمەبوونی مرۆڤێکی موسڵمان بۆ پێویستییەک، گەورە یاخود بچوک، خێری هەزار مانگی خەڵوەتگریی پێغەمبەرێکی هەیە.

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا جیاواز لەدیدو ئایدیاکانیتر، جگەلەوەی کەلایەنێکی بۆ کاری خۆبەخشی و

---

[1] صحيح البخاري، كتاب المظالم والغضب، الرقم ٢٤٤٢.

ئارەزوومەندانە تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانان فێردەکات، کە ئەگەر کەسێک پێویستی بەدەستگیرۆیی و هاوکاری هەبوو، نابێت هەڵوێستی کەسی کاریگەریی و ڕێگریی بکات لەجێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکەی، هەڵەو کەموکوڕیی بەرانبەر نابێت مرۆڤەکان لەئەرک و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانیان دوور بخەنەوە، ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لەفیکری ئیسلامیدا بەشێکی گەورەی جموجوڵەکانی مرۆڤ بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاداشتیی خواییە نەک مرۆڤەکان، (إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا)[1]، لەبەرئەوە ئەبووبەکری سدیق کاتێک تۆمەت بۆ عائیشەی کچی هەڵبەسترا، یەکێک لەوانەی تۆمەتەکەی پەسەندکرد، کەسێک بوو کە ئەبووبەکر بەردەوام هاوکارییدەکرد، بۆیە ئەبووبەکر بەڵێنیدا ئیتر هاوکاریی نەکات، بەڵام دەقی قورئان بەم چەشنە ڕێنمایی ئەبووبەکری کرد: (وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللهُ لَكُمْ واللهُ غَفُورٌ رّحِيمٌ)[2]، (لێخۆشبوون و لێبوردەیی بنوێنن، لێخۆشبوونی خواتان

[1] الإنسان:٩.

[2] البخاري (ت ٢٥٦)، صحيح البخاري ٤٧٥٠.

پێخۆش نییە؟) ئەبووبەکر کە ئەم ئایەتەی بیست، بڕیاریدا لەو کەسە خۆش بێت و هاوکارییکات[1].

تەنانەت بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پراکتیک کردنی لەژیانی ڕۆژانەدا، وابەستەی بڕوای کەسەکە کراوەو پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحبه لنفسه)[2]، بۆیە مرۆڤ فێردەکات کە هەرچی بۆخۆی پێخۆشە، دەبێت بۆ ئەوانیتریشی پێخۆشبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە کە نابێت کارێک بەمرۆڤەکان بکەیت، کەناتەوێت بەخۆتی بکەن.

**دووەم - بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر خێزان:**

پێکهاتەی خێزان لەبونیادی فیکریی ئیسلامیدا پایەیەکی گرنگی کۆمەڵگەیە، سەرچاوەی هێزی مرۆیی و پەروەردەیی نەوەکانی داهاتووە، لەبەر هەستیاریی ئەو بونیادە قورئان بەکانگای ئارامیی و خۆشەویستیی و

[1] صحيح البخاری، الرقم ٤١٤١.

[2] أخرجه البخاري في صحيحه كتاب الإيمان باب (٢٧)، حديث رقم ١٣، ج٦، ص٢٦٨٦.

سـۆز باسـيدەكات، دەفەرمويـت: (وَمِــنْ آيَاتِــهِ أَنْ خَلَــقَ لَكُــمْ مِــنْ أَنْفُسِــكُمْ أَزْوَاجًـا لِتَسْـكُنُوا إِلَيْهَـا وَجَعَـلَ بَيْـنَكُمْ مَـوَدَّةً وَرَحْمَـةً )[1]، لەبەرئەوە دوو دەسـتەواژەی نـاو فەرمـوودە بەناوبـانگەكەی پێغەمـبەر (ﷺ) تـايبەتە بە بەرپرسـيارێتی خێزان (وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي أَهْلِهِ وَهُوَ مَسْؤولٌ عَنْ رَعِيَّتِـهِ، وَالْمَـرْأَةُ رَاعِيَـةٌ فِـي بَيْـتِ زَوْجِهَــا وَمَسْــؤولَةٌ عَــنْ رَعِيَّتِهَــا)[2]، ئەمەش ئەو ڕاسـتييە دەسـەلمێنێت كە ژن و پيـاو لەبەرپرسـيارێتی خێزانيـدا هاوبەشـن، هەريەكێكيـان لەسـنورو توانـای خۆيـدا بەرپرسـايرێتييان دەكەوێـتە ئەسـتۆ، كە لەسـادەترين فۆرميـدا هاوكـاريی و تەبـايی نـاو خێـزان و ڕێزگرتنـی يەكتـرييە، بەدەمەوەبـوون و خۆشەويسـتييە، بـۆيە بە هـاوەڵانی دەفەرمـوو: (خَيْـرُكُمْ خَيْـرُكُمْ لِأَهْلِـهِ وَأَنَـا خَيْـرُكُمْ لِـأَهْلِي)[3]، (باشـترين كەسـتان، ئەوانەن باشـترينن بـۆ خاوخێزانەكانيان، من لە هەمووتان باشترم بۆ خاوخێزانی

---

[1] الروم: ٢١.

[2] صحيح البخاري، كتاب الجمعة، باب الجمعة في القرى والمدن، الرقم ٨٩٣.

[3] سنن الترمذي، أبواب المناقب عن رسول الله - باب في فضل أزواج النبي، الرقم ٤٢٧٨ و قال حسن صحيح.

خۆم)، ئەمەش تەنها گوفتار نەبوو، بەڵکو بە کرداریش دەیسەلماند، چاکترین شایەتیش خودی خێزانەکانی پێغەمبەرن (ﷺ)، بۆیە کاتێک پرسیار کرا لە عائیشە، پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵەوە چی دەکرد؟ لە وەڵامدا وتی: یارمەتی خاوخێزانی خۆی دەدا هەتا کاتی نوێژ، ئەوکات دەچوو بۆ نوێژەکەی.[1]

لەدیوەکەیتری خێزاندا بەدەمەوەبوونی دایک و باوک و کەسوکارە، بەرپرسیارێتییە لەچێوەی چەمکی (صلة الرحم)، لەبەرئەوە لەسەرەتاوە گەورەترین بەرپرسیارێتی مرۆڤ لەبەرانبەر دایک و باوکییەتی، گوێڕایەڵی و گرنگیپێدانیان لەدوای گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر دانراوەو قورئان فەرموویەتی: (وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُواْ إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا)[2]، یاخود فەرموویەتی: (وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا)[3]، هەروەها (أَنِ اشْكُرْ لِي

---

[1] صحيح البخاری، کتاب الأذان، الرقم ٦٧٦.

[2] الإسراء: ٢٣

[3] النساء:٣٦

وَلِوَالِـدَيْكَ إِلَـيَّ الْمَصِـيرُ)[1]، گەر سـەرنجی ئایەتەکـان بـدەین، دەبینـــین کە ســێ لەگرنگتـــرین ئەو فەرمانـــانەی وەک پەرستش لە مرۆڤ داواکراوەو تایبەتن بەخواو پلەیەکی بەرزو پاداشتی گەورەیان لەسەرە کە (بە یەکتاپەرستیی خـوا و هاوەڵـدانەنان بـۆی و سوپاسـگوزارییکردنیەتی)، لەهەر سـێ داواکـارییەکەدا پـێگەی دایـک و بـاوک وەک بەرپرسـیارێتی ڕووبەڕووی مـرۆڤ کـراوەتەوەو داوای چاکەکـاریی و سوپاسـگوزاریی بەرانبەریـان لەمـرۆڤ کراوە.

تەنـانەت ئەنجـامنەدانی چاکەکـاریی بەرانـبەر دایـک و بـاوک و کەمتەرخەمـی یـاخود ئازاردانیـان وەک دووەم گەورەتـرین تاوانەکـان ئەژمـارکراوەو پێغەمـبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر -كررها ثلاثاً- قالوا: بلى يا رسول الله! قال: الإشراك بالله، وعقوق الوالدين، وكان متكئاً فجلس، فقال: ألا وقـول الـزور وشـهادة الـزور)[2]، هەروەهـا لەدوای نـوێژ کە گەورەتـرین و گرنگتـرین پەرستشـە، چـاکەکردن لەگەڵ

---

[1] لقمان:١٤

[2] صحيح البخاري، كتاب الأدب، باب عقوق الوالدين من الكبائر، الرقم ٥٩٧٦.

دایک و باوک باشترین کارێکە مرۆڤ ئەنجامیبدات (قیل: یا رسول الله! أي العمل أفضل؟ قال: الصلاة على وقتها. قيل: ثم أي؟ قال: ثم بر الوالدين)[1].

هەروەها بەشێکیتر لەپێکهاتەی خێزان منداڵە، کەپێویستە مرۆڤ بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرانبەریان جێبەجێبکات، چونکە لەڕوانگەی ئیسلامەوە منداڵ جوانی و ڕازاوەیی بەژیان و ئارامی و ئاسودەیی بە مرۆڤەکان دەبەخشێت، قورئان دەفەرموێت: (الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا)[2].

لەدیارترین بەرپرسیارێتییەکان بەسۆزبوون و میهرەبانییە بەرانبەرییان، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَن لا يَرْحَم، لا يُرْحَم)[3]، واتە سەرچاوەی سۆزو بەزەیی خوایی لەڕێگەی میهرەبانی و سۆز بەرانبەر بەخەڵک بەدەستدێت، ئەوە جگەلەوەی فەرموویەتی (ﷺ): (ليس منا من لم يرحم صغيرنا ويعرف حق

---

[1] صحيح البخاري، كتاب الأدب، باب قول الله تعالى ووصينا الإنسان بوالديه حسنا، الرقم ٥٩٧٠.

[2] الكهف:٤٦

[3] صحيح البخاري، الرقم ٥٩٩٧، صحيح مسلم، الرقم ٢٣١٨.

کبیرنـــــا)[1]، واتە گەر ســـۆزو میهرەبـــانی لە بچوکەکـــان بگرینەوە، پرسیار لەسەر موسڵمانێتی دروستدەبێت.

تەنـــانەت لەبەر گریـــانی منـــداڵێک، پێغەمـــبەر(ﷺ) نوێژەکـانی کورتـدەکردەوەو بەزوویـی کۆتـایی پێـدەهێناو دەیفەرمـوو: (إِنِّي لَأَقُومُ فِي الصَّلَاةِ ، أُرِيدُ أَنْ أُطَوِّلَ فِيهَا ، فَأَسْمَعُ بُكَاءَ الصَّبِيِّ فَأَتَجَوَّزُ فِي صَلَاتِي" كَرَاهِيَةَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمِّهِ)، (جـار هەیە نوێژدەکەم، مەبەستمە نـوێژەکە درێـژبکەمەوە، کە گریـانی منداڵێک دەبیستم، نوێژەکە درێژناکامەوە نەوەک بـارگرانی بۆ دایکی منداڵەکە دروستبکەم)[2].

تەنـــانەت ئەنجامـــدانی پەرســـتش و کارەکـــان نابێـــت ڕێگـــربن لە لاوانـــدنەوەو بایەخـــدان بە منـــاڵان، ئومـــامەی کـچەزای منـداڵ بـوو، پێغەمـبەر(ﷺ) زۆر خۆشیدەویسـت، تەنـانەت کە نـوێژی دەکـرد، ئومـامەی دەگرتەبـاوەش، کە

---

[1] رواه أبو داوود والترمذي، سنن الترمذي، كتاب البر والصلة، باب ما جاء في رحمة الصبيان رقم (١٩٢١)، ج٣، ص٣٨٦. وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير وزياداته، رقم (٥٤٤٥)، ٢/٩٥٨.

[2] صحيح البخاري، كتاب الأذان، الرقم ٧٠٧.

دەچوو بە سوجدەدا دایدەنا، کە هەڵدەسایەوە دەیگرتەوە باوەش.[1]

هەروەها دەربڕینی هەست و سۆزی خۆشەویستیی بۆ منالآن کارێکی گرنگە، تاوەکو منالْ ئەو بایەخپێدان و گرنگیپێدانە ببینێت، جارێک ئەقرەعی کوڕی حابیسی تەمیمی لای پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) حەسەنی کوڕی عەلی ماچکرد، ئەقرەع وتی: من دە کوڕم هەیە، تا ئێستا هیچکامیانم ماچنەکردووە، پێغەمبەر (ﷺ) سەیریکردو فەرمووی: (مَن لا يَرْحَم، لا يُرْحَم)[2]، (ئەوەی میهرو سۆزی نەبێت، میهر و سۆزی بۆ نییە).

یاریکردن و گاڵتەوگەپ لەگەڵ منالآن، بەو شێوازەی پێیانخۆشە لایەنێکیتری ئەم بابەتەیە، یەعلای عامیریی دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەچووین بۆ میوانداررییەک، لە نیوەی ڕێدا بینیمان حوسەین خەریکە لەگەڵ مندالآندا یارییدەکات، پێغەمبەر (ﷺ) چووە پێشەوەی خەڵکەکەو باوەشیکردەوە بۆ حوسەین، ئەویش

---

[1] صحيح البخاري، كتاب الصلاة، الرقم ٥١٦، صحيح مسلم، الرقم ٥٤٣.

[2] صحيح البخاري، الرقم ٥٩٩٧، صحيح مسلم، الرقم ٢٣١٨.

جارێـک بەمـلادا و جارێـک بەولادا ڕایـدەکرد، پێغەمـبەر (ﷺ) بە پێکەنیـنەوە بەدوایـدا ڕۆیشـت لەباوەشـی گـرت، دەسـتێکی خسـتە ژێـر چەنـاگەی و دەسـتەکەی تریشـی لەسەر پشتەملیی دانا، ماچی کرد و فەرمووی (حُسَيْنٌ مِنِّي ، وَأَنَا مِنْ حُسَيْنٍ)، (حوسەین لە منە و منیش لە حوسەینم).[1]

تەنـانەت پێویسـتە دیـاریی و بەخششـیان پێبـدرێت و دڵیـان خۆشـبکرێت، تەنـانەت بەزمـان و ئاسـتی خۆیـان بدوێنرێن، ئومموخالید کچێکی بچووک بوو لەگەڵ دایکی لە حەبەشـەوە گەڕابـوونەوە، جلێکـی منـاڵانەی ڕەش بـۆ پێغەمبەر(ﷺ) هێنرابوو، ئەویش فەرمووی: ئومموخالیدم بـۆ بهێـنن، بە دەسـتی خـۆی جـلەکەی کـردەبەری و فەرمووی (أبلـی وأخلقـی)، (کۆنی بکەیت و بیدڕیت)، واتە هێنـدە تەمەن بکەیـت چەنـد جلـی ئـاوا کـۆن بکەیـت و بـدڕێنیت، ئینجـا بـۆ ئەوەی دڵـی ئومموخالیـد خۆشـبکات، لەنێـو دانیشـتنەکەدا بە زمـانی حەبەشـی بەجیـا

[1] المستدرک علی الصحیحین، الرقم ٤٨٤٨ وصححه و وافقه الذهبي.

ئومموخالیدی دەدواندو دەیفەرموو: سەنەهـ، سەنەهــ،[1] واتە جوانە، جوانە.

نەک هەر ئەوە بەڵکــو مانــدووبوون و گرەنتیکردنــی ژیــان و پەروەردەو پۆشــتەکردنی مــاڵ و منــاڵ خێــری زۆرترە لەخێر لەپێناوی خوا یاخود ڕزگارکردنی کۆیلە، یــاخود بەخشــین بە هەژارێــک، لەبەرئەوە فەرمــوویەتی (ﷺ): (دينار أنفقته في سبيل الله، ودينار أنفقته في رقبة، ودينار تصدقت به على مسكين، ودينار أنفقته على أهلك، أعظمها أجرا الذي أنفقته على أهلك)[2].

**سـێیەم – پەیوەنــدیی کــۆمەڵایەتی وەک میکــانیزمێکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:**

بەجێهێنانی ئەرکی کۆمەڵایەتی و هاوکاریی و سـەردان و بەدەمەبــوونی مرۆڤەکــان لە نەخۆشــی و ناخۆشــیدا، لایەنێکــی گرنگــی بایەخپێــدراوی نــاو فیکــرو شــەریعەتی

---

[1] المستدرک على الصحيحين، الرقم ٤٢٧١ ، المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٢٤٠.

[2] رواه مسلم ك/ الزكاة ب/ فضل النفقة على العيال رقم ١٦٦١.

ئیسلامییه، کەئەمەش گەوهەرو ناوەخنی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتییە، ئەم لایەنە زۆر بەگرنگیی و هەستیاریی مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو هەموو ئەو کردەو لایەنانەی مرۆڤ لەم خەسڵەتە دادەبڕن قەدەغەکراون، پێغەمبەران هەرگیز کەنارگیر نەبوون لە خەڵکی ئاسایی و خۆیان بە کەمینەیەکی تایبەتی دیاریکراوەوە سەرقاڵنەکردووە، یان لە سووچی مزگەوت و نێو تاریکایی ئەشکەوتەکاندا خەڵوەتی چەند ساڵەیان نەکێشاوەو دوورە پەرێز نەبوون.

هەروەها لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا نەرم و نیانی و دڵکراوەیی بنەمایەکی دیاریکراوو بانگەشە بۆکراوە، لەم دیدگایەوە کاتێک ڕووی گوتار لە پێغەمبەرە (ﷺ) قورئان دەفەرموێت: (وَلَوْ كُنْتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)[1]، هاوکات پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (إِنَّ الرِّفْقَ لا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلا زَانَهُ، وَلا يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلا شَانَهُ)[2]، لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بەزمانێکی نەرم و

[1]سورة آل عمران الآية: ١٥٩

[2]أخرجه مسلم في الصحيح وأبو داود في سننه عن عائشة

نیــان و خۆشەویســتییەوە بێــت، لەکــاتی ئــاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان و دروستبوونی کێشەو گرفت، ئارامگریی و خــۆڕاگریی هەبێــت لەبەرانبەرییــان و پشــت هەڵنەکــات، لەبەرئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (الْمُؤْمِنُ الَّذِي يُخَالِطُ النَّاسَ، وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ، أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لَا يُخَالِطُ النَّاسَ، وَلَا يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ)[1].

هەر لەبــارەی ئەوەی کە مــرۆڤ لەهاوکارییەکانیــدا نەرم و نیـــان و چاوپۆشـــیکاربێت، پێغەمـــبەر بـــاس لەکەسێکدەکات کە لەژیانیدا جگەلەوەی تێکەڵی خەڵک و مرۆڤەکانی کۆمەڵگە دەبوو، کارئاسانی بۆ خەڵک دەکرد، کە قەرزی بە کەسێک دەدا ، فشاری نەدەخستە سەری، بە منداڵ و دەوروبەرەکەشی دەوت چاوپۆشیی بکەن لە هەر قەرزارێـک کە بـاری دارایـی بـاش نیـیەو توانـای دانەوەی قەرزەکەی نییە، بۆیە لەڕۆژی لێپرسینەوە خوای گەورە پێیـــدەفەرموێت: ئـــێمە لەو شـــیاوترین بەو چاوپۆشییە، چاوپۆشیی لەکەموکوڕییەکانی بکەن[2].

---

[1] سنن ابن ماجە، كتاب الفتن، الرقم ٤٠٣٢.

[2] صحيح مسلم، كتاب المساقاة، الرقم ١٥٦١.

ئەرکی کۆمەڵایەتی وابەستەی تەنها چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو پێویستە لە هەموو ئاست و چینەکاندا جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) تێکەڵیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کردووە، منداڵ و گەنج و بەتەمەن، زاناو نەخوێندەوار، ژن و پیاو، موسڵمان و دوورِوو و جوولەکەو بێباوەڕ، لەشساغ و نەخۆش، جارێک سەعدی کوڕی عوبادە نەخۆش بوو، پێغەمبەر (ﷺ) چەند هاوەڵێکی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی بچن بۆ سەردانی.[1]

بورەیدەی ئەسلەمی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) تێکەڵیی پشتیوانانی دەکردو سەردانی دەکردن، هەرکامیان دیار نەبوایە، هەواڵی دەپرسی، تەنانەت جارێک ئافرەتێکی پشتیوانان منداڵێکی مرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ لای و ئامۆژگاریی دەکرد لەخواترس و خۆڕاگر بێت.[2]

تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) پێی لەو کەسانە دانەبڕی کە لە سەردەمی خەدیجەی هاوسەری یەکەمیدا دەیناسین،

[1]صحيح البخاري، الرقم ١٣٠٤.

[2]المستدرک على الصحيحين، كتاب الجنائز، الرقم ١٤٢٠.

هەرچەندە خەدیجە لەژیاندا نەمابوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگرتبوو، وەک عائیشە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) گۆشتی دەنارد بۆ هاوڕێکانی خەدیجە.[1]

هەروەها ئەنەس دەڵێت: دراوسێیەکی پێغەمبەر (ﷺ) هەبوو فارس بوو، جارێک گۆشتاوێکی ئامادە کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و بانگهێشتی کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) هاودەم بە عائیشە چوون تا گەیشتنەماڵی کابرای فارس[2].

پێغەمبەر (ﷺ) هەم میواندریی خەڵکی دەکرد و هەم دەچوو بۆ میوانی، هانی هاوەڵانیشی دەدا پەیوەندییەکان نەپچڕێنن، خەڵوەت و کەنارگرتنیشی لەسەر ئوممەتەکەی حەرامکرد.

هەروەک دیوەکەیتری ئەم پەیوەندییە بریتییە لە ڕێزگرتنی هاوسێ و میوان و تەواوی مرۆڤەکانی دەروبەرمان، ئەم لایەنەش وەک بەشێک لەتەواوکاریی بڕوای مرۆڤی موسڵمان ئاماژەی پێدراوە، هەروەک

[1]صحيح البخاري، الرقم ٣٨١٨.

[2]صحيح مسلم، كتاب الأشربة الرقم ٢٠٣٧.

فەرمـوویەتی (ﷺ): (مَـن كـان يُـؤمِنُ بـاللهِ واليـومِ الآخِـرِ فـلا يُـؤذِيَنَّ جارَه، مَن كان يُؤمِنُ بـاللهِ واليَـومِ الآخِرِ فليُكرِمْ ضَـيفَه)[1]، زیاتر لەوەش گەر مرۆڤـی موسـڵمان چەنـد وابەسـتەی پەرسـتش و خواپەرستی بێت، بەڵام گرفت و ئێش و ئازاریی بۆ هاوسێ و مرۆڤەکان هەبێت، سەرەنجامێکی خراپ چاوەڕێی دەکات، لەبەرئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمـوویەتی: (قـالوا يـا رسـولَ اللهِ فلانـةٌ تصـومُ النَّهـارَ وتقـومُ اللَّيـلَ وتُـؤذي جيرانَها قال هي في النّارِ)[2].

---

[1] أخرجه البخاري (٦٠١٨)، ومسلم (٤٧)، وأبو داود (٥١٥٤)، والترمذي (٢٥٠٠)، وأحمد (٩٥٩٥)

[2] المنذري (ت ٦٥٦)، الترغيب والترهيب ٣٢١/٣ • إسناده صحيح • أخرجه أحمد (٩٦٧٥)

## باسی دووەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر خاوەنپێداویستی تایبەت:

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕێزلێگیراون و پێگەو تایبەتمەندیی و جیاووکی خۆیان پێدراوە، ئەگەر لەقۆناغە مێژووییەکانی پێشترو دواتریش بەپاساوی جۆراوجۆر بانگەشەی ئەوە هەبوو بێت کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وەلابنرێن، یاخود لەناوببرێن، ئیسلام بەتەواوی دژی ئەم جۆرە مامەڵەیە هەڵوێستی ڕاگەیاندو پێناسەی مرۆڤەکانی لەسەر بنەمای مرۆڤبوون و خواپەرستی و دینداریی کرد، نەک لەسەر بنەمای کامڵی جەستەیی یاخود دەنگ و ڕەنگ و ڕەگەز، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (أَلَا إِنَّ رَبَّكُمْ وَاحِدٌ ، وَإِنَّ أَبَاكُمْ وَاحِدٌ ، أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيّ عَلَى عَجَمِيّ وَلَا لِعَجَمِيّ عَلَى عَرَبِيّ ، وَلَا أَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ ، وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ إِلَّا بِالتَّقْوَى)[1].

[1] مسند أحمد بن حنبل – مسند الأنصار، الرقم ٢٣٩١٥.

زۆرن ئەوانەی لەڕووی ئەنـــــدامانی جەســــــتەیان کەموکورِییــان هەیە، بەڵام لەڕووی هــزرو بیرکــردنەوەو بەهــرەو تواناکانیـانەوە، مرۆڤـایەتی قەرزاریـانەو ملیۆنـان کەســی بــێ کەموکــورِیی جەســتەیی خێــرو ســوودییان لێوەرگرتــوون، نمــونەی: (ســتیڤن هاوکینــگ کەلەســەر کورسی بوو وەک زانایەکی زانستی فیزیا، نیک فیوتتش کە هەرچوارپەلی نەبوو لە هونەری نواندندا، نیگارکێشی مەکسیکی فریدا کاهلۆی، کریس بۆرک وەک ئەکتەری نێو فیلمەکان، هەروەها ستیڤن ۆندەر وەک شاعیرو گۆرانیبێژ، تەها حسێن وەک نوسەرو رۆشنبیر)و چەندین نمونەیتر، کە توانیـــان تێمـــانبگەیەنن، کەمئەنـــامی گوازرشـــتە لە کەمئەندامی فیکریی و عەقڵی، نەک کەمئەندامی جەستەیی.

هـیچ پاسـاوێک نییە بە تـانەو تەشـەر بێت، یـاخود بە گـوێ پێـنەدان بێـت، بـۆ ئەوەی دڵـی خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکان بشکێنرێت، تەنانەت ئەو کەسە ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) بێت، قورئـان لەسـەر نابینـایەک گلەیـی لە پێغەمـبەر (ﷺ) کرد، لەکاتێکدا بانگهێشتی سەرانی قورەیشـی دەکرد بۆ ئیسلام، ئیبن ئوممومەکتووم کەسێکی نابینا بوو هـات بـۆ لای پێغەمـبەر (ﷺ) تـا رێـنونی بکـات، پێغەمـبەر (ﷺ)

پشـتیکردبووه ئەم و ڕووی لە بێباوەڕەکـان بـوو، دەکـرا بیانووەکە ئەوەبێت کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی وابووبێت ئەم کەسـە نابینـایە، ئەگەر ڕوویشـی لەو نەبێـت، نابیینێـت و هەسـتی بریندارنابێت، یـاخود لەکـاتی بانگێشـتی سـەرانی قوڕەیش ئەمیش گوێبیستەو هەمان ئامـانج دەپێکێت، بەڵام خوای گەورە لەسەر ئەو هەڵوێستەو لەو بارەیەوە ئایەتی دابەزاند، سەرکۆنەی پێغەمبەر (ﷺ)ی کرد: (عبس وتـولى، أن جـاءه الأعمـى)[1]، ئیتـر لەدوای ئەوەوە هەرگیـز کـارێکی لەو جۆرەی دووبارە نەکردەوە.

بەڵکو هەرگیز بەنـاوو نـاتۆرەیەک یـان بێڕێزیی نابێت ناویـان بهێنرێـت، جـابیری کـوڕی عەبـدوڵای ئەنسـاریی دەڵێـت: جارێـک پێغەمـبەر (ﷺ) بە هـاوەڵانێکی فەرمـوو (انطَلِقوا بنا إلَى البَصيرِ الذِى فى بَنِى واقِفٍ نَعـودُه)[2]، (ئـادەی بمـانبەن بۆ لای ئەو بینـایەی لەنـاو بەنـی واقیفدا دەژی، بـا بڕۆین

---

[1] المستدرک علی الصحیحین، کتاب التفسیر، الرقم ٣٩١٨ و صـححه و وافقه الذهبي.

[2] صحیح مسلم - کتاب الفضائل - بـاب قرب النبي علیـه السلام من الناس وتبرکهم به، الرقم ٢٣٢٦.

سەردانێکی بکەین)، بە بینا ناوییرد، لەکاتێکدا کەسەکە نابینا بوو[1].

هەروەها بەدەم داخوازیی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانەوە بوو، خواستەکانی بەدیدەهێنان، عیتبانی کوڕی مالیک کە بینایی تەواو لەدەستدابوو، هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من بەرنوێژیی بۆ خەڵکەکەم دەکەم، بەڵام کە باران دەبارێت، ئەو شیوەی لەنێوان من و ئەواندا هەیە، جۆگەلە دەبەستێت و ناتوانم بچم و نوێژیان بۆ بکەم، خۆزگە دەهاتیت بۆ ماڵم و لەوێ نوێژێکت تێدا دەکرد هەتا ئەو شوێنە بکەم بە شوێنی نوێژ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە ویستی خوا دێم، بۆ بەیانییەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری سدیقی لەگەڵ خۆی برد، چووە بەردەم ماڵیان و داوای مۆڵەتیکرد، مۆڵەتی پێدرا، فەرمووی: حەز دەکەیت لە کام شوێنی ماڵەکەتدا نوێژبکەم، ئەویش شوێنێکی دەستنیشان کرد،

[1] السنن الكبرى للبيهقي، كتاب الشهادات، الرقم ٢٠٩٠٩، صححه الألباني في السلسلة الصحيحة، الرقم ٥٢١.

پێغەمبەریش (ﷺ) نوێژی دابەست، خەڵکێکی زۆریش هاتبوون و لەوێ کۆبووبوونەوە[1].

هەروەها پێویستە هەست و نازی ئەو کەسانە ڕابگیرێت کە کێشەی دەروونی و ژیرییان هەیە، بەهیچ شێوەیەک نابێت فەرامۆشبکرێن یاخود گاڵتەیان پێبکرێت، تەنانەت ئەگەر داواکاریی سەیرو نامۆشییان هەبێت، ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: ئافرەتێک هەبوو عەقڵی کێشەی تێدابوو، جارێک ئەو ئافرەتە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئیشێکم هەیە بۆم جێبەجێبکەیت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (يَا أُمَّ فُلَانٍ انْظُرِي أَيَّ السِّكَكِ شِئْتِ، حَتَّى أَقْضِيَ لَكِ حَاجَتَكِ)، (ئەی دایکی فڵانەکەس، بزانە کام کووچەو کۆڵانەت پێباشە، ئاڕاستەم بکە با پێویستییەکەت جێبەجێبکەم)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) لەو سەر ڕێگەدا لەگەڵیدا دانیشت هەتا ئافرەتەکە ئیشەکەی تەواوبوو[2].

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) توانای خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی بەهەند وەرگرتووەو بەرپرسیارێتیی پێدەدان،

---

[1] صحيح البخاري، كتاب الصلاة، الرقم ٤٢٥.

[2] صحيح مسلم، كتاب الفضائل، الرقم ٢٣٢٦.

ئەمەش بـــۆ ئەوەی کـــۆمەڵگە لەتوانـــاو بەهرەکانیـــان سـودمەندببێت و بە چـاوی ڕێـزەوە تەماشـا بکـرێن، بـۆ نموونە: ئیبن ئوممومەکتووم[1] و موسعەبی کوڕی عومەیری ڕاسـپارد، قورئـان بـۆ خەڵکـی بخـوێننەوەو قورئانیـان فێربکەن[2]، هەروەها ڕایسپاردبوو بانگ بفەرموێت، هەندێک جـار بـیلال بـانگی دەفەرمـوو، هەنـدێک جـاریش ئیـبن ئوممومەکتووم[3].

هەروەهـا پێغەمـبەر (ﷺ) بـۆ چەنـد غەزایەک، پـێش ئەوەی دەربچێت، لە شوێنی خۆی، ئیبن ئوممومەکتوومی لەسـەر مەدینـە دادەنـاو پێشـەوایەتیی خەڵکـی مەدینـەی پێسـپاردووە[4]، ئەم ئەزمـوونەش لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا دەگمەنە، تەنانە هەتا ئەمڕۆش کە بانگەشەی مافی خاوەن پێداویسـتیە تایبەتەکـان دەکرێـت، لە وڵاتـانی دیموکراسیخوازیشـدا، پۆسـت و بەرپرسـیارێتی گەورە ناسپێردرێت بە نابینایەک.

---

[1] صحيح البخاري، كتاب الجهاد والسير، الرقم ٢٨٣١.

[2] صحيح البخاري، كتاب المناقب، الرقم ٣٩٢٥.

[3] صحيح مسلم، كتاب الصلاة، الرقم ٣٨١.

[4] سير أعلام النبلاء، ط الحديث، ج٣، ص ٢٢٠.

لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) هۆشیاریی دەدا لە ئازاردانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەڵکو هەڕەشەی نەفرەتی خوای لێدەکردن، بۆ نموونە دەیفەرموو (لَعَنَ اللَّهُ مَنْ كَمَّهَ الْأَعْمَى عَنِ السَّبِيلِ)،[1] (بەر نەفرەتی خوا بکەوێت، هەرکەسێک ڕێ لە نابینایەک وێڵ بکات).

سەبارەت بەمرۆڤە بەساڵاچووەکان و بەتەمەن و پەککەوتەکان، بەرپرسیارێتی بەرانبەرییان دیاریکراوەو زۆر بەباشی باسی گرنگی هاوکاریی و بەدەمەوەبوونیان کراوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ما أكرم شاب شيخا لسنه إلا قيض الله له من يكرمه عند سنه)[2]، واتە هەر گەنج و لاوێک لەبەر تەمەن و بەساڵاچوون ڕێزی کەسێک بگرێت، ئەوا ئەو گەنجە لەپیرییدا ڕێزی دەگیرێتەوە، ئەم هاندانە بۆ ڕێزگرتن و چاودێرییکردنی بەساڵاچووان وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و مافی ئەوانیش بەسەر کۆی

---

[1] المستدرک على الصحيحين، كتاب الحدود، الرقم ٨١٤٤ وصححه ووافقه الذهبي.

[2] أخرجه الترمذي في سننه تحت رقم ٢٠٢٢. وقال القرطبي حديث ثابت انظر ابن العمري، المالكي، عارضة الأحوذي، ج٨، ص١٧٩، القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج٩، ص١٧٧.

ئەنداماني كۆمەڵەوەو فەراهەمكردنی پێداویستییەكانیان، جگەلەوەی بەرپرسیارێتییەكی كۆمەڵایەتیی و كارێكی مرۆڤدۆستانەیە، هاوكات پەرستشێكەو ڕێگایەكی دیكەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگارو سەرفرازی ڕۆژی دواییە، لەلایەكیترەوە فەرامۆشكردنی بەساڵاچوان و پەراوێزخستنیان، واتە فەرامۆشكردنی ئەزموون و دونیا دیدەیی چەند ساڵەی ڕابردوو، كەدەكرێت مایەی سودو قازانجێكی زۆریی بواری كارو ژین و دونیا بێت، لەم ڕووانگەیەوە هەردوو خەلیفە (ئەبوبەكرو عومەر) لەكاتێكدا كاروبارەكانیان لێئاڵۆزبووایە، زۆرجار ڕاوێژییان بە كەسانی بەتەمەن كردووەو ئەزمونیان لێوەرگرتوون، لەبەرئەوە زۆر بەباشی چاودێرییانكردوون و ڕێزیانگرتوون[١].

هەروەها ئەو قۆناغەی ژیان كەتەریبە بە لاوازیی جەستەیی و زۆركات نەخۆشیی و بێكەسی، زیاتر لەهەركات و لەهەر توێژێكیتری كۆمەڵ، پێویستیان بە

[١] د. سري زيد الكيلاني ومحمد سري الكيلاني: رعاية المسنين في الشريعة الإسلامية والتشريعات الدولية، المجلة الأردنية في الدراسات الإسلامية، مج (١٢)، ع (١)، ١٤٣٧هـ/٢٠١٦م، ص٣٧٠.

سۆزو میهرەبانی هەیە، دەبێت پێداویستیی و خواردن و ژیان و گوزەرانیان لەئەستۆ بگیرێت و گرەنتی بکرێن، ئەوە جگەلەوەی سەرچاوەی بەدەستهێنانی میهرو سۆزیی خوایە بۆ مرۆڤەکان، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (الراحمون یرحمهم الرحمن، ارحموا من في الأرض یرحمكم من في السماء)[1].

تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) بەتوڕەییەوە فەرمانی بەو کەسانە کردووە پێشنوێژیی دەکەن نوێژەکانیان درێژنەکەنەوەو خەڵکی بێزارو ماندوو نەکەن، چونکە بەتەمەن و لاوازو خاوەن پێداویستی لەناو نوێژخوێنان هەن، (قال: یا أیها الناس ان منكم منفرین فأیكم ما صلى بالناس فلیوجز فإن فیهم الكبیر والضعیف وذا الحاجة)[2].

شەرع جەخت لەسەر چاودێریی و سەرپەرشتی بەساڵاچووان دەکاتەوەو وەک بەرپرسیارێتییەک دەیخاتە ئەستۆی کۆمەڵگە؛ دەوڵەتیش بەرپرسیارێتی ئەو

---

[1] أخرجه الترمذي في سننه كتاب البر والصلة باب ما جاء في رحمة المسلمين حديث رقم ١٩٢٤، وقال: حديث حسن صحيح.

[2] أخرجه البخاري في صحيحه كتاب الأحكام باب هل يقضي القاضي او يفتي هو؟ حديث رقم ٧١٥٩، ج٤، ص٣٦٨.

مرۆڤــانەی لەسەرشــانە، چــونکە دوواجــار هــاووڵاتی و شــــــوێنکەوتەی ئەو دەســــــەڵاتەن و ئەو فەرمـــــــودەیە دەیانگرێتەوە کە دەفەرموێت: (ألا كلكم راع ومسؤول عن رعيته فالإمام راع وهو مسؤول عن رعيته)[1].

ئەرکی چاودێرییکردن هەمەلایەن و گشتگیرە، هەروەها نەوەکان هەمان بەرپرسیارێتییان بەرانبەر باوو باپیرانیان هەڵــدەگرن، بەتــایبەت لە قۆنــاغی پیریــدا زیــاتر دەبێــت، بەجۆرێـــک هەرکەمتەرخەمیـــیەک لەو ئەرکەدا، مـــرۆڤ لەبەدەســـتهێنانی بـــاڵاترین ئامـــانج دووردەخـــاتەوە کە بەهەشــتە، پێغەمــبەر (ﷺ) دەفەرموێــت: "مــا مــن عبــد يسترعيه الله فلم يحطها بنصحه إلا لم يجد رائحة الجنة"[2].

---

[1] البخاري الصحيح، كتاب الوصايا باب تأويل قول الله: (من بعد وصــية) ســورة النســاء الآيــة ١١، حــديث رقــم ٢٧٥١، ج٢، ص٨٤٨. وكذلك: صحيح مسلم، ج٦، ص٨.

[2] صحيح البخاري، مرجع سابق، ج٦ ص٢٦١٤، ومعنى لم يحطها أي لم يتعهد امرها ويحفظها. وأخرجه مسلم في صحيحه، كتاب الجمعة، باب ١٣، حديث رقم ٤٣.

## باسی سێیەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر ناموسڵمانەکان:

لەفیکـــری ئیســـــلامیدا جـــگەلەوەی مـــافی بڕواهێنـــان و موســـڵمانبوون، مـــافێکی کەســـییەو ناچـــارکردن و زۆرکـــردن لەمـــرۆڤە ناموســـڵمانەکان بـــۆ بڕواهێنـــان ڕێگەپێـــدراو نیـــیە، هەروەک قورئان چەندجارێک جەختی لێکردۆتەوە، (لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ)[١]، یاخود (وقل الحق من ربكم فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر)[٢]، زیاتر لەوەش موسڵمانان هانـــدەدات کە لەســـــەر خاڵەهاوبەشـــەکان مامەڵەیـــان لەگەڵ بکرێـت، هەروەک قورئـان دەفەرموێـت: (قـل یـا أهـل الكتـاب تعالوا إلى كلمة سواء بيننا...)[٣].

مـرۆڤە ناموسـڵمانەکان تەواوی مافەکانیـان لە سـامان و دارایـی و مـامەڵەو بیروبـاوەڕ پـارێزراوە، ڕێـزو کەسـێتی و

---

[١] البقرة:٢٥٦

[٢] الكهف: ٢٩

[٣] آل عمران: ٦٤

شەرەف و خوێنیان لەهەر هێرش و پەلامارێکی ناوخۆیی و دەرەکی پارێزراوە، پەیمانی ئاشتەوایی نەجران بەم جۆرە گەڵاڵەکراوە: (ولنجران وحاشيتها جوار الله وذمة محمد النبي رسول الله (ﷺ)على أموالهم وأنفسهم وملتهم وغائبهم وشاهدهم وعشيرتهم وبيعهم وكل ما تحت أيديهم من قليل أو كثير لا يغيب أسقف من أسقفيته ولا راهب من رهبانيته ولا كاهن من كهانته...)[1]، ئەم ئاماژەیە ڕوونیدەکاتەوە کە مرۆڤ و کۆمەڵە ناموسڵمانەکان پێویستە مافیان پارێزراوبێت و مامەڵەیان بەشێوازی دروست و دادوەرانە لەگەڵ بکرێت.

هەروەها بەرپرسیارێتیی موسڵمان بەرانبەر ناموسڵمانە نیشتەجێبووەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەڕوونی دیاریکراوە، نابێت ستەمیان لێبکرێت، یان بەکەم سەیربکرێن و مافیان زەوتبکرێت، داوایەکیان لەسەروو توانایان لێنەکرێت، بەبێ ڕەزامەندیی و ویستی خۆیان هیچیان لێوەرنەگیرێت، هەر موسڵمانێک بەو جۆرە مامەڵەبکات پێغەمبەر (ﷺ) وەک

---

[1] الدكتور علي بن عبدالرحمن الطيار: حقوق غير المسلمين في الدولة الإسلامية، مكتبة ملك فهد الوطنية، الرياض، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦، ص٦٠.

داواکــار لەســەر پێشــێلکار و بەرگریکــاری ســتەملێکراو مامەڵەدەکات، لەبەرئەوە فەرموویەتی: (ألا من ظلم معاهدا، أو انتقصه حقه، أو كلفه فوق طاقته، أو أخذ منه شيئا بغير طيب نفس منه، فأنا حجيجه يوم القيامة)[١].

سەبارەت بە بەدەمەوەبوون و هاوکاریی و یارمەتیدان و پەیوەنــدیی لەگەڵ ناموســڵمانەکان، مامەڵەکــانی پێغەمــبەر (ﷺ)و خەلیفەکان پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئەرکی کۆمەڵایەتییان لەبەرانبەر جێبەجێکراوە، تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمــانیکردووە بەو موســڵمانانەی دایــک یــاخود باوکیــان موســڵمان نەبــوون، کە مافیــان پێشــێلنەکەن و ئەرکــی کۆمەڵایەتییــان بەرانبەرییــان جێبەجێــبکەن، وەک ئەسمای کچی ئەبووبەکر کە دایکی موسڵمان نەبووبوو[٢].

تەنــــانەت ئەگەر ئەو فەرمــــوودەیەی کە ئامــــاژەی پێــدەکرێت (لهــم مــا لنــا وعلــيهم مــا علينــا)، وەک فەرمــــوودەیەکی لاواز دانرابێــــت، بەڵام لەڕووی مانــــاو کــرداریی‌یەوە دەیــان نمــوونە لە ســەردەمی مەدیــنەو

---

[١] رواه أبو داود، (حديث صحيح، صحيح أبي داود للألباني حديث ٢٦٢٦)

[٢] البخاري حديث ٢٦٢٠ / مسلم حديث ١٠٠٣

خەلیفەکانی ڕاشیدین و لەناو کولتوورو کەلەپورو فیقهی ئیسلامی بوونی هەیە، تەنانەت ئەو فەرموودەیەی باس لەوەدەکات، کە پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر تەرمی یەهودییەک هەڵسایەوە، کاتێک لێیان پرسی ئەوە تەرمی یەهودییەو چۆن لەبەری هەڵسایت؟ فەرمووی: ئەوە لە خەڵکی سەرزەوی نییە؟، یاخود فەرموویەتی: مرۆڤ نییە؟[1]، کەواتە ئەو ڕێزەی لە مرۆڤ گیراوەو قورئان باسیکردووە بەر لەهەرشتێک بەتەواوی لەمامەڵەی پێغەمبەر ڕەنگیداوەتەوە، لەم سۆنگەیەشەوە زانایان و تێگەیشتووانی ئیسلام لەدواتردا هەمان کاریان دووبارەکردۆتەوە.

هەروەها کاتێک عەبدوڵلای کوڕی عەمر مەڕێکی سەربڕی، لەکاتی دابەشکردنیدا، وتی: بۆ هاوسێی یەهودییەکەتان بردووە؟ وتیان: نەخێر، وتی: بۆی ببەن، گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی (جیبریل بەردەوام بە هاوسێکەم فەرمانی پێدەکردم و ئامۆژگاریی دەکردم، تا ئەوەی پێموابوو میراتیش دەگرێت)، هەروەها

---

[1] جامع السنة وشروحها، باب من قام لجنازة يهودي، رقم الحديث: ١٢٦٢ و ١٢٦٣.

پێغەمبەر (ﷺ) دیاریی لە مقەوقس و کیسرا قبوڵکردووە، هەروەها مەڕێکی خێری لە یەهودیەک قبوڵکردووە[1].

خالیدی کوڕی وەلید لەعیراق لەنوسراوێکدا لەگەڵ خەڵکی (حیرە) مافی ناموسڵمانەکانی سەلماندووەو بەتایبەت ئەوانەی بەساڵاچوون و پیریی لاوازیکردوون، یاخود دووچاریی بەڵابوون، یاخود دەوڵەمەندبوون و دواتر کەوتونەتە هەژارییەوەو خاوەن قەرزەکان خێری پێدەکەن، جزیەی لەسەر لابردوون و خەرجی و بژێویی خۆیان و ماڵ و منداڵیانی خستۆتە ئەستۆی (بیت المال) بۆیان دابینبکات، هاوکات خەلیفە هیچ نارەزاییەکی نەبووە[2].

(عومەری کوڕی خەتتاب) بەلای پیاوێکی یەهودی بەتەمەندا تێپەڕیی دەرۆزەی دەکرد، عومەر لێیپرسی: ئەی پیاو بۆ داوا لەخەڵکی دەکەیت؟ وتی: داوا لەخەڵک دەکەم لەجزیەدان هاوکاریم بکەن و دوای ئەوەی تەمەنم

---

[1] ابن كثير (ت ٧٧٤)، البداية والنهاية ٢٤٤/٥ •صحيح

[2] الدكتور إدوارد غالي الدهبي: معاملة غير المسلمين في المجتمع الإسلامي، مكتبة غريب للطباعة، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٩٣، ص١٠٠-١٠١.

گەورەبووە ناتوانم جزیە بدەمە (بیت المال)، لەوەڵامدا عومەر وتی: بەخوا بێویژدانیمان لەگەڵ کردووە، بە گەنجی خواردومانەو بەپیریی فەرامۆشمان کردووە، لەبەرئەوە لە جزیەدان بەخشی، بەشی پێویستی ژیان و گوزەرانی لە (بیت المال) بۆبڕییەوە، هەروەها فەرمانیکرد جارچی لەناو خەڵک جاڕبدات، کە بەساڵاچوان و پیرەکان لە جزیە بەخشراون[1].

ئیمامی قورتوبی باسی ناموسڵمانێک دەکات چووەتە لای (عەلی کوڕی ئیسحاقی قازی)، ئەویش زۆر ڕێزی گرتووەو بەدەمییەوە بووە، ئەوانەی ئامادەبوون، لەسەرئەوە ڕەخنەیان لە عەلی گرتووە، ئەویش ئایەتی: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)[2]، بۆ

---

[1] د. سري زيد الكيلاني ومحمد سري الكيلاني: رعاية المسنين في الشريعة الإسلامية والتشريعات الدولية، المجلة الأردنية في الدراسات الإسلامية، مج (١٢)، ع (١)، ١٤٣٧هـ/٢٠١٦م، ص٣٨٨ _٣٨٩؛ عبدالجبار حمد عبيد السبهاني: شبكات الأمان والضمان الاجتماعي في الإسلام : دراسة تقديرية، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز: الاقتصاد الإسلامي، م٢٣ ع١ ، ٢٠١٠م/١٤٣١هـ ص١٤.

[2] الممتحنة: ٨

خوێندنەوە، کە خوا ڕێگەی لە چاکەکاریی و دادوەریی لەبەرانبەر ئەو کەسانە نەگرتووە لەدژتان ناجەنگن و دەربەدەرتان ناکەن[1].

هەروەها نوسراوێک لەسەردەمی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) بۆ (عودەی کوڕی ئەرتەئە)، نوسیویەتی: لەناو خەڵکانی ناموسڵمان بگەڕێ و سەیربکە بزانە کێ بەهۆی زۆریی تەمەن و لاوازیی جەستەیی و بێکاریی باری ژیانیان خراپە، لە (بيت المال) بەپێی پێویستییان دەستگیرۆییان بکە[2].

لێرەوە تێدەگەین بەرپرسیارێتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی لەئیسلامدا، بۆ خەڵکانی ناموسڵمان لەسەربنەمای هاووڵاتیبوون و مرۆڤبوون ڕەچاوکراوە، هەرگیز وابەستەی بیروباوەڕو دیدی ئایینی ئەوانیتر نەبووە، لەوەگرنگتر ئەوەیە کە ئەم بەرپرسیارێتییە لەمێژووی ئیسلامیدا زۆرتر لەسەر ئاستی تاکی بەرپرس و خاوەن پلەو پۆستی باڵا پراکتیک کراوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسانە زۆربەی کات لە دەقی

---

[1] تفسير القرطبي جـ ١٨ صـ ٥٩: ٥٨

[2] د. سري زيد الكيلاني ومحمد سري الكيلاني: رعاية المسنين في الشريعة الإسلامية والتشريعات الدولية، المجلة الأردنية في الدراسات الإسلامية، مج (١٢)، ع (١)، ١٤٣٧هـ/٢٠١٦م، ص٣٨٨.

ئـایینی و بـارودۆخی کـارگێڕیی و کـۆمەڵایەتی ناوچەکەیـان شارەزاترین بوون.

## باسی چوارەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە بیری ئابووریی ئیسلامیدا:

سەربەنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەبیری ئابووری ئیسـلامیدا، لەڕسـتێک چەمـک و بەهـاو یاسـای گشـتییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەوانە:

أ- خـوا خـاوەنی سـەرەکی سـامان و دارایـی گشـتییەو مرۆڤ لەو سامان و داراییە دەبەخشێت، (وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ)[1].

ب- تاکەکەس بریکارو جێنشینی خوایە لە سودمەندیی و بەخشـینی ئەو سـامان و دارایـیە، تەواوی مرۆڤەکـان مـافی سـودمەندییان هەیەو ئەرکـی بەخشـینیان دەکەوێتە ئەسـتۆ، (وأنفقـوا ممـا جعلكـم مسـتخلفين فيـه)[2]، کـۆمەڵیش مـافی

---

[1] النور: ٣٣.

[2] الحديد: ٧.

ســـودمەندیی ســـەرچاوە ســـەرەکییەکانی ســـامانیان هەیە، هەروەک پێغەمبەر دەفەرموێت: (الناس شركاء في ثلاثة الماء و الكلأ والنـار)[١]، واتە سـامانی: ئـاوو زەوی و ئـاگر، کە ئەم سـیانە لەزۆربەی سسـتم و دەسـتوورەکانی دونیـادا مـافی خاوەنـداریتیيان لەئاسـتی گشـتیدا دراوەتە حکـومەت وەک نوێنەری خەڵک.

ج- کۆمەڵ لەدەرەوەی سـەرچاوەکانی سـامانی سـەرەکی مـافی خاوەنداریتی تـایبەتیی و سـودمەندیی تاکەکەسـی هەیە (وەک کەرتـــی تـــایبەت)، بەمەرجێـــک لەگەڵ بەرژەوەنـــدیی گشتی دژنەبێت.

د- مـــافی خاوەنـــداریتی تـــایبەت لە بیـــری ئـــابووریی ئیســـلامیدا، هەمـــان مـــافی خاوەنـــداریتی ئایـــدیاو ڕەوتە ئابوورییەکانیتر نییە، بەتایبەت کە خوا خاوەنداریی سـەرەکی هەمـوو بـوونە، بەلایەنە ئـابوورییەکیەوە، لەبەرئەوە مـامەڵەی مـرۆڤ بەسـامانی تـایبەتیی وابەسـتەی کۆمەڵێک دسـپلینەو وەک بەرپرســـیاریتی دەکەوێـــتە ئەســـتۆی، بەمانـــایەکیتر

[١] رواه الإمام أحمد وغيره، صححه الألباني وغيره.

ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی لەناو خاوەنداریێتی تایبەت جێیکراوەتەوەو لە کۆمەڵ دابراو نییە[١].

میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی بڕپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی لە بیری ئابووری ئیسلامیدا، لەڕێگەی کۆمەڵێک دەقی چەسپاوو جێگیر، هاوکات لقە گۆڕاوو ئیجتیهادییەکان دیاریکراوە، ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی هەیە، هەندێکیان سەپێنراوو ئەرکن، هەندێکیان ئارەزوومەندانەو خۆبەخشین، بۆ نمونە:

- زەکاتدان: وەک ئەرک ئەکەوێتە ئەستۆی خاوەن سامانەکان و پێویستە بدرێتە ئەو هەژارانەی دەرەتانیان نییە، ئەو هەژارنەی کەمدەستن، ئەوانەی کۆیدەکەنەوەو وەریدەگرن، ئەوانەی تازە دڵییان پەیوەستبوە بە دین، بۆ ئازادکردنی کۆیلەو بەندییەکان، لەپێناو ئاشتەوایی و چارەسەریی سەرپێچی و ڕێکخستنەوەو تەبایی، لەپێناوی خوا، ئەوانەی لە گەشت و گەڕاندا نەبوو دەکەون (إِنَّمَا

[١] د. صبري محمد خليل: مفهوم المسئولية الاجتماعية في الفكر الاقتصادي الاسلامی المقارن، الشبكة السعودية للمسؤولية الإجتماعية، الخميس, ١١ أغسطس, ٢٠١٦، https://csrsa.net/post/363

الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنْ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)[١].

- خێـــرو چـــاکەکردن: ڕێـــگەی خێـــرو چاکەکـــاریی ئارەزومەنـــدانەو خۆبەخشـــی، خەســـڵەتێکی بەهێـــزی بەرپرسـیارێتیی کـۆمەڵایەتی تاکەکەسی موسڵمانە، ڕێگەی ســـەلماندنی بەهێزیـــی بیروبـــاوەڕو خۆنەویســـتیی و مرۆڤدۆســـتیی و ژیاندۆســـتییە، ســـەلمێنەریی پابەنـــدیی و وابەسـتەیییە بە فەرموودەکـانی خـواو پێغەمـبەرەوە، هاوکـات ڕێگەیەکـی ئاسـانی دەستخسـتنی سـەرفرازیی ئەو دونیـاو ڕزگـاریی هەتاهەتـاییە، لەبەرئەوە دەقـی زۆرو جۆراجـۆر بەشـێوازی جۆراوجـۆر جەخـت لەم لایەنە دەکەنەوە، قورئـان ئامـاژە دەکـات کە ببەخشـن خێـری بۆتـان هەیە، ئەوانەی خۆیـان لـە ڕژدیـی دەپـارێزن سـەرفرازن، (وَأَنْفِقُوا خَيْرًا لِأَنْفُسِكُمْ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)[٢]، یـاخود مـرۆڤ ئاگاداردەکـاتەوە کە هەرچـی ببەخشـن خـوا بەدوایـدا پێتانـدەداتەوە، (وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ

---

[١] التوبة :٦٠

[٢] التغابن : ١٦

الرَّازِقِينَ)[1]، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ)،[2] (خێرو بەخشین، لە ماڵ و سامان کەمناکاتەوە).

خێــرو چــاکەی بەردەوام و دووبــارەبووەوە، یەک لەو لایەنە گرنگـانەیە کە مـرۆڤ دوای مردنیشـی لێیسـودمەندەو نــامەی کردەوەکــانی بەکراوەیــی دەهێڵێــتەوە، ئەو چــاکەو خێـرانە هەموویــان لەوجـۆرەن سـودو کەڵکـی گشـتیی و کۆمەڵایەتیی و مرۆڤدۆستییان تێدایە، لەسەرەتاوە فێربوونی زانسـت و گەیانـدنی بەکەسـانیتر، ئاسـانکاریی و ئەنجامـدانی پــرۆژەی ئــاودێریی و هەڵکەنــدنی بیــرو فەراهەمکردنــی ســەرچاوەی ئــاو، چانــدن و ســەوزکردنی ژیــنگە بەدارو سەوزایی و خزمەتکردنی، بونیادنانی مزگەوت و خوێندنگەو نەخۆشــخانەو خــانەی بەســاڵاچووان و بێسەرپەرشــتان و ...تــاد، چــاپکردنی قورئــان و هەر نوســراوێکیتر کە ســودی دونیـاو ڕۆژیـی دوایـی و خزمەتـی مرۆڤـایەتی بکـات، یـاخود مناڵێکی تەندروست و پەروەردەکراو کە داوای لێخۆشبوون بـۆ دایبـابی بکـات، هەروەک پێغەمـبەر (ﷺ) فەرمـوویەتی:

---

[1] سبأ : ٣٩

[2] صحيح مسلم، كتاب البر والصلة، الرقم ٢٥٨٨.

(سبعٌ يجري للعبدِ أجرُهنَّ وهو في قبرِه بعد موتِه: من علَّم علمًا؛ أو كرى نهرًا، أو حفر بئرًا، أو غرس نخلًا، أو بنى مسجدًا، أو ورَّث مصحفًا، أو ترك ولدًا يستغفرُ له بعد موتِه)[1]، لەبەرئەوە کۆی ئەو لایەنانە سەرەتا خێری گشتی و کۆمەڵایەتی لەژیانی دونیا بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەکان دەستەبەردەکات، پاشان بۆ ڕۆژی دوایی چاکەکارو خێرخوازەکە[2].

هاندانی مرۆڤ لەسەر ڕێچکەی بەخشین و چاکەکاریی وابەستەی جۆرو ڕێژەو قەبارەی چاکەکە نییە، لەبەرئەوە لەکەمترین ئاستدا بەخشینی لەتێک لە دەنکی خورما بوار بە مرۆڤەکان دەدات ببەخشن، تەنانەت گەر ئەوەش نەبێت دەربڕینی چاک و هاندەرو دڵخۆشکەر، خاوەنەکەی دەکاتە بەخشەر، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (... فمن إستطاع أن يقي وجهه من النار ولو بشق تمرة فليفعل، ومن لم يجد

---

[1] رواه الألباني، في صحيح الترغيب، عن أنس بن مالک، الصفحة أو الرقم: ٢٦٠٠، حسن لغيره.

[2] د. صبري محمد خليل: مفهوم المسئولية الاجتماعية في الفكر الاقتصادي الاسلامى المقارن، الشبكة السعودية للمسؤولية الإجتماعية، الخميس, ١١ أغسطس, ٢٠١٦، https://csrsa.net/post/363

فبكلمة طيبة...)[1]، یاخود ڕووخۆشی و کراوەیی بەڕووی ئەوانیتر جۆرێکیترە لە بەخشین، (تبسمك في وجه أخيك لك صدقة، وأمرك بالمعروف ونهيك عن المنكر صدقة، وإرشادك الرجل في أرض الضلال لك صدقة، وبصرك للرجل الرديء البصر لك صدقة، وإماطتك الحجر والشوكة والعظم عن الطريق لك صدقة، وإفراغك من دلوك في دلو أخيك لك صدقة)[2]، هەموو ئەم هاندانە لەپێناو زیندوهێشتنەوەی گیانی بەخشین و چاکەکارییە لە ناخ و دەروونی مرۆڤەکاندا، لاوازکردنی خەسڵەتی خودپەرستیی و چرووکییە، کەدواجار بە سوودی کۆی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە دەکەوێتەوە.

تەنانەت بەرپرسیارێتی مرۆڤەکان و گرەنتیکردنی ژیان و بژێوییان، وابەستەی سەلماندنی بڕوا کراوە،

---

[1] بن علي محمد: سؤال الإنسان في الفكر العربي الإسلامي و الليبرالي الغربي دراسة فلسفية في المفهوم والحقوق، جامعة وهران، السانيا، قسم الفلسفة، الجزائر، ٢٠١٢-٢٠١٣، ص١٠١.

[2] رواه الترمذي (١٩٥٦)، والبزار (٤٥٧/٩) (٤٠٧٠)، وابن حبان (٢٨٧/٢) (٥٢٩). قال الترمذي: حسن غريب. وصححه الألباني في ((صحيح سنن الترمذي)) (١٩٥٦)، وشعيب الأرناؤوط في تحقيق ((صحيح ابن حبان)) (٢٨٧/٢).

جێبەجێنەکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکە پرسیار لەسەر دروستیی بڕوای مرۆڤەکان دادەنێت، بۆ نمونە ئەگەر کەسێک خۆی و ماڵ و منداڵەکانی تێرو بێکەموکورتی بن، بەڵام ئاگاداری هاوسێکەی بێت کە برسی و بێدەرەتان بن، ئیتر هەر بڕواو ڕەنگ و دەنگێکی هەبێت، بڕواکەی کامڵ و تەواو نییە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ما آمن به من بات شبعان وجاره جائع إلى جنبه وهو يعلم)[1] .

ئەبووزەڕی غیفاری دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم، کێوی ئوحودی بینی، فەرمووی: (مَا أُحِبُّ أَنَّهُ تَحَوَّلَ لِي ذَهَبًا، يَمْكُثُ عِنْدِي مِنْهُ دِينَارٌ فَوْقَ ثَلاَثٍ، إِلَّا دِينَارًا أُرْصِدُهُ لِدَيْنٍ)، (ئەو کێوە بۆم ببێت بە زێڕ، پێمخۆش نییە سێ شەو بەسەرمدا تێبپەڕێت و یەک دینارم لا بمێنێتەوە، مەگەر دینارێک کە بۆ دانەوەی قەرز بیهێڵمەوە)، پاشان فەرمووی: (إِنَّ الأَكْثَرِينَ هُمُ الأَقَلُّونَ، إِلَّا مَنْ قَالَ بِالْمَالِ هَكَذَا وَهَكَذَا، وَقَلِيلٌ مَا هُمْ)،[2] (ئەوانەی لە دنیادا سامانیان زۆرە، لە ڕۆژی

---

[1] رواه ابن أبي شيبة والبزار والطبراني وحسنه الألباني، وراجع الفتوى رقم: 69802 ، مع إحالاتها.

[2] صحيح البخاري، كتاب الاستقراض، الرقم ٢٣٨٨.

دواییدا پلەیان کەمترە، مەگەر بە ڕاست و چەپدا ببەخشن، ئەو جۆرە کەسانەش زۆر کەمن).

جوبەیری کوڕیی موتعیم دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە لە حونەین دەگەڕایەوە و خەڵکی لەگەڵیدا بوون، ئەعرابەکـان زۆر بە پێغەمـبەرەوە (ﷺ) دەئـاڵان هەتـا عەباکەی برا، پێغەمبەر (ﷺ) ناچار لای دارێک وەستا و فەرمووی (أَعْطُونِي رِدَائِي، لَوْ كَانَ لِي عَدَدُ هَذِهِ العِضَاهِ نَعَمًا لَقَسَمْتُهُ بَيْنَكُمْ، ثُمَّ لاَ تَجِدُونِي بَخِيلًا، وَلاَ كَذُوبًا، وَلاَ جَبَانًا)[1]، (عەباکەمم بدەنەوە، ئەگەر بە هێندەی ژمارەی ئەو دارە[2] وشترم هەبوایە، بە دڵنیاییەوە دابەشم دەکرد لەنێوانتاندا و نەشتاندەبینی پیسکە و درۆزن و ترسنۆک بم).

---

[1] صحيح البخاري،كتاب الجهاد والسير، باب من طلب الولد للجهاد، الرقم ٢٨٢١.

[2] (عضاه)- جۆرێک داری دڕکاوی گەورە بوو-.

## باسی پێنجەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر ژینگەو ئاژەڵان:

بەرپرسیارێتی مرۆڤی موسڵمان هەروەک لە ئایەتەکەوە دیارە (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً)[١]، چەمکی (خەلیفە) مانایەکی گشتگیرو هەمەلایەنی هەیە، کەتەنها تایبەت نییە بەمرۆڤەکان، بەڵکو ئەو ژینگەو بوونەوەرانەش دەگرێتەوە کە لەژیان هەن[٢]، کە هەندێکیان وەک سیمای جوانی و ڕازاوەیی ژیان بوونیان هەیەو مایەی تەواوکردنی بوونن، هەروەک قورئان لەچەند ئایەتدا فەرموویەتی: (حَتَّى إِذَا أَخَذَتِ الْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ)[٣]، هەروەها (وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ)[٤]، یاخود

---

[١] البقرة: ٣٠.

[٢] د.محمد محمد الشلش: رؤية الشريعة الإسلامية و منهجها في الحفاظ على البيئة، جامعة القدس المفتوحة، فلسطين، بدون سنة، ص١٥٥.

[٣] يونس: ٢٤.

[٤] الحجر:١٦.

(وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً)[١]، كەواتە سەوزایی و ڕازاوەیی زەوی، درەوشاوەیی و بریسکانەوەی ئاسمان، تەواوی ئەو ئاژەڵ و گیاندارانەی سەرزەوی جگە لەوەی مایەی سوودمەندیی و بەکارهێنانن لەلایەن مرۆڤ، هاوکات دیمەنی ڕازاوەو چێژبەخشن و مایەی ئاسوودەیی دەروونی و فیزیکی مرۆڤن، لەبەرئەوە ئەرکی پاکژ هێشتنەوەو پاراستن و جوانترکردنی دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤەکان.

بەرپرسیاریێتی مرۆڤەکان لەم لایەنەوە لە ئیسلامدا زۆر گرنگی پێدراوە، چونکە مرۆڤ سەرچاوەو بکەری سەرەکی تێکدان و خراپکردن و گەندەڵکردنی جوانییەکانی زەوی و پیسکردنی هەواو ژینگەو ئاوەکانە، ڕاوچی ئاژەڵان و نەهێشتنی فرەڕەنگیی و جۆرەکانیانە، هەر ئەوەیە کاتێک قورئان جەختی لێکردۆتەوەو فەرموویەتی: (ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ)[٢]، هەروەها دەفەرموێت: (وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا)[٣]، تەنانەت زیادەڕۆیی لەبەهەدەردانی

---

[١] النحل: ١٦.

[٢] الروم:٤١.

[٣] الأعراف:٥٦.

سـامانی سروشـتی و زیـاتر لەپێویسـت بەکارهێنـانی و بەفیڕۆدانی جۆرێکە لە خراپەکاریی و گەندەڵکاریی[١].

لەپێنـاو ئەوەی ئەم گەنـدەڵکارییەی مـرۆڤ لەژیانـدا سنوردارو لەمپەرگیر بکرێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمـوویەتی: (لعن الله من غير منار الأرض)[٢]، یـان (وَلَعَنَ اللَّهُ مَن سَرَقَ مَنَارَ الأَرْضِ)، یاخود (ملعون من غـير تخوم الأرض)[٣]، کەواتە هەرکەس مایەی تێکدانی ڕەوتی سروشتی ژیـان و سنورە سروشتی و ژینگەییەکـان بێـت، لە میهـرو سـۆزی خـوایی دووردەکەوێتەوەو بێبەشدەبێت[٤]، چونکە هەر دەستکاریی و گۆڕانکارییەک لە ژینگەی سروشتی و ئاژەڵان، دواجار زیان و کاریگەریی خراپی بۆسەر کۆی مرۆڤایەتی هەیە، مرۆڤی موسڵمانیش هەمیشە بەوجۆرە ئاڕاستەکراوە کە

---

[١] د.محمد محمد الشلش: رؤية الشريعة الإسلامية و منهجها في الحفاظ على البيئة، جامعة القدس المفتوحة، فلسطين، بدون سنة، ص١٥٨.

[٢] صحيح مسلم، كتاب الأضاحي، باب تحريم الذبح لغير الله تعالى ولعن فاعله، الرقم ١٩٧٨.

[٣] مسند أحمد بن حنبل، مسند بني هاشم، الرقم ١٩٠٠.

[٤] كتاب الزواجر عن اقتراف الكبائر، الكبيرة الثانية عشرة بعد المائتين تغيير منار الأرض، المكتبة الشاملة الحديثة، ص٤٢٩.

نابێت زیان بەخۆی یاخود ئەوانیتر بگەیەنێت (لا ضرر ولا ضرار)[1].

سەبارەت بە پاراستنی زەوی و پیسنەکردنی، لەسەرەتاوە پێغەمبەر(ﷺ) هەموو زەوی وەک مزگەوت وێناکردووەو بۆ نوێژکردن بەگونجاوی زانیووە، هاوکات وەک یەک لەو بەخششانە ئەژماریکردووە، کە جیاواز لەسەرجەم پێغەمبەران، تەنها خوا بەئەم و شوێنکەوتووانی داوە، لەبەرئەوە سوپاسگوزاریی بۆ خوا دەربڕییوەو فەرموویەتی: (وَجُعِلَتْ لي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا)[2]، کەواتە مامەڵەی مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ زەوی پێویستە هەمان مامەڵەکردنی بێت لەگەڵ مزگەوتەکان[3].

هەروەها سەوزکردن و جوانکردنی زەوی لەڕێگەی چاندن و ڕواندنەوە، لایەنێکیتری بەرپرسیارێتی مرۆڤەکانە، ڕێگەیەکە لەو ڕێگایانەی پێغەمبەر(ﷺ)

---

[1] رواه ابن ماجة، كتاب الأحكام، باب من بنى في حقه ما يضر بجاره. قال الشيخ الألباني: صحيح. سنن ابن ماجه /٢ ٧٨٤

[2] رواه البخاري (١٢٨/١) رقم (٣٢٨).

[3] د.عبدالله شحاتة: رؤية الدين الإسلامي في الحفاظ على البيئة، دار الشروق، القاهيرة، الطبعة الأولى، ٢٠٠١، ص٣٨.

ئامـــاژەی پێکـــردووە، کە موســـڵمان دوای مردنیشـــی بەهۆیەوە کاری چاکەی بۆ تۆماردەکرێت، (ما من مسلمٍ يغرسُ غرساً أو يَزْرَعُ زَرْعاً فيأكلُ منه طيرٌ أو إنسانٌ أو بهيمةٌ إلاَّ كان له به صدقة)[1]، چونکە دەبێتە سەرچاوەی خۆراکی بۆ باڵندەو ئاژەڵ و مرۆڤ.

لەگرنگترین ئامۆژگارییەکانی خەلیفە ئەبووبەکر بۆ سەرکردەی سوپای موسڵمانان لەکاتی جەنگەکانیان، لە دوانزە خاڵی ئەو ئامۆژگاریی نامەی، چەند خاڵێکی تایبەتبووە بە پاراستنی ژینگە، کە هیچ دارێکی بەردار خورما یاخود هەردارێکیتر نابێت بیبڕنەوە یاخود بیسوتێنن و لەناوییبەن (ولا تعقروا نخلاً ولا تحرقوه، ولا تقطعوا شجرة مثمرة)[2]، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ قَطَعَ سِدْرَةً صَوَّبَ اللهُ رَأْسَهُ فِي النَّارِ)[3]، واتە بڕینی دارێک بەبێ هۆکارێکی دروست، وەک ئەنجامدانی تاوان مامەڵەی

---

[1] صحيح البخاري ١/ ٢٢٦ رقم ٢٣٢٠. صحيح مسلم ٣/ ١١٨٨ رقم ١٥٥٢.

[2] د.عبدالله شحاتة: رؤية الدين الإسلامي في الحفاظ على البيئة، دار الشروق، القاهيرة، الطبعة الأولى، ٢٠٠١، ص٥٤-٥٥.

[3] رواه أبو داود (٥٢٣٩)، والبيهقي (١١٥٣٨)، والطبراني في الأوسط (٢٤٤١)، وصححه الألباني في التعليق على سنن أبي داود.

لەگەڵ دەکرێـــت و داربـــڕەکە توشـــی ئـــاگری دۆزەخ دەکـــاتەوە، لەو ڕوانـــگەیەوە یوســـفی کـــوڕی عـــومەری ئەنفاســـی پێیـــوایە ئەگەر هەر ڕووەک و دارێـــک لەلایەن خـــاوەنەکەی فەرامۆشـــکراو ئـــاونەدرا یـــاخود نەکێڵـــراو خـــزمەت نەکـــرا، فەرمـــانی پێـــدەکرێت کە بیکـــات، ئەگەر گـــوێڕایەڵ نەبـــوو دارەکە ووشـــکبوو، ئەوە خـــاوەنەکەی تاوانبارو گوناهبارە[1].

تەنانەت نابێت لەنزیکیان پیسایی و خاشاکیش دابنرێت و جێبهێڵرێت، چونکە جگەلەوەی سەرچاوەی خۆراکین، هاوکات سێبەرو سایەیان شوێنی حەوانەوەو پشوودانی مرۆڤ و مۆڵینی ئاژەڵان و نیشتنەوەی باڵندەکانیشە، لەبەرئەوە پێویستە هەمیشە پاکوخاوێنی ئەو شوێنانە بپارێزین، هەروەک پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (اتقوا الملاعن

[1]أ.د. راغب السرجاني: منهج الإسلام فی رعاية النبات، صفحة قصة الإسلام، 2017/08/03-10:00،

https://islamstory.com/ar/artical/3407978/%D9%85%D9%86%D9%87%D8%AC-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85-%D9%81%D9%8A-%D8%B1%D8%B9%D8%A7%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A8%D8%A7%D8%AA

الثلاثـة: الـبراز في المـوارد، وقارعـة الطريـق، والظـل)[1]، کەواتە ئەوەی ببێـتە مـایەی تێکـدان و شـێواندن و پیسـکردنی شـوێنی پشـــوودان و ســـەرچاوەکانی خـــواردن و خـــواردنەوەی مـــرۆڤ، ڕووبەڕووی بەریبـــوون لە ڕەحمەتـــی خـــوایی دەبێتەوە.

ئاو سـەرچاوەی پڕبایەخ و یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی دابینکردنـــی ژیـــان و پێداویســـتییەکانە، ئەم گرنگـــی و کاریگەرییەش لە قورئاندا جەختی لێکراوەتەوەو ئاماژەی پێکـراوە (وَجَعَلْنَـا مِـنَ الْمَـاءِ كُـلَّ شَـيْءٍ حَـيٍّ)[2]، لەبەرئەوە زیادەڕۆییکردن لەبەکارهێنان و بەفیڕۆدانیدا قەدەغەکراوە، تەنانەت ئەگەر کێشـەی کەم ئـاوی نەبێت و ئـاوێکی زۆر لەبەردەستبێت و بەکارهێنانەکەش لەپێناو کاری پەرستش و خواپەرستی بێت، وەک ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) جارێک بە سەعدی ووت: ئەو هەموو بەفیڕۆدانی ئاوە بۆ؟ وتی: بۆ

---

[1] كتـاب شـرح سـنن أبـي داود الراجحـي، شـرح حـديث اتقـوا الملاعـن الثلاثـة، ص٤، المكتبـة الشـاملة الحديثـة، قـال الحـاكم: صـحيح، ووافقـه الذهبي، وأورده المنذري في الترغيب والترهيب.

[2] الأنبياء: ٣٠

دەستنوێژیش هەر بەفیڕدانە؟ فەرمووی: بەڵێ، تەنانەت ئەگەر لەسەر ڕووبارێکیش بێت[1].

لەلایەکیترەوە نابێت هیچ جۆرە پاشەڕۆو پیساییەک تێکەڵ بەئاوبکەین، چونکە دەبێتە مایەی زیانگەیاندن و نەخۆشکەوتنی خەڵکانیتر، هەروەک فەرموویەتی: (هیچ یەکێکتان میز نەکەنە ئاوی مەنگخواردوو...)[2].

نەرمونیانی لەگەڵ ئاژەڵان و پاراستنیان لە لەناوچوون و نەمانی جۆرەکانیان، لایەنێکی تری ئەرک و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی مرۆڤی موسڵمانە، جگە لەوەی ئایەتێکی زۆر باس لەگرنگی و سوودەکانی ئاژەڵان دەکەن بۆ ژیان و نمونەیان لەسەر هێنراوەتەوەو ناوی چەند سورەتێکیش بەناوی ئاژەڵان ناونراوە، کە گرنگیپێدان و بایەخی ئیسلام بۆ جیهانی ئاژەڵان دەخاتەڕوو، هاوکات پێغەمبەر(ﷺ) ڕاسپاردەی تایبەتی هەیە بۆ شێوازی مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاژەڵاندا، شێوازو جۆری مامەڵەی مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ ئاژەڵان

---

[1] الألباني (ت ١٤٢٠)، السلسلة الصحيحة ٨٦٠/٧ • إسناده حسن.
[2] الألباني (ت ١٤٢٠)، صحيح النسائي ٢٢١ •صحيح

ڕێــــگەی بەهەشـــــت و دۆزەخ دیاریـــــدەکات، لەبەرئەوە بارتەقــای هەولْــدان بــۆ ســوود لێوەرگرتنیــان، بەهەمــان شێوە، ڕاسپێراوین بە شێوەیەکی باش و دەستنیشـانکراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

یەحیای کوڕی سەعید دەڵێت: جارێک پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبــاکەی دەســتی بەســـەر دەموچــاوی ئەســـپەکەیدا دەهێنا، پرسیاری لێکرا بۆچی وادەکەیت؟ فەرمووی (إِنِّـي عُوتِبْتُ اللَّيْلَـةَ فِـي الْخَيْـلِ)[1]، ئەمشـەو لەسـەر ئەسـپ سـەرکۆنە کرام.

لەبەرئەوە هەمیشـە بەچـاوی سـۆزەوە مـامەڵەی لەگەڵ ئاژەڵانـدا کـردووەو خزمەتیکـردوون، عائیشـە باسـدەکات: پێغەمـــبەر (ﷺ) لە دەفرێکــدا ئــاوی بــۆ پشــیلە دانــاوە، پشیلەکەش لە ئاوەکەی خواردۆتەوە[2]، هاوکـات هەوڵیداوە بەرگرییان لێبکات و خەڵک ئاگادار بکاتەوە بەباشی مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانیـان بکەن، زیـاتر لەتوانـای خۆیـان کاریـان

---

[1] موطأ مالک، کتاب الجهاد، الرقم ١٠٠٥، إسناد مالک مرسل و وصلـه ابـن عبـدالبر عـن أنـس كمـا ذكـر الزرقـاني فـي شـرحه علـى الموطـأ، صححه الألباني في السلسلة الصحيحة، الرقم ٣١٨٧.

[2] المعجم الاوسط للطبراني، الرقم ٧٩٤٩.

پێـنەکەن و ئالیـک و خـۆراکی باشـیان پێبـدەن، بۆنمـونە پێغەمـبەر (ﷺ) وشـتریکی زۆر لەڕو لاوازی بینـی وەک دەڵێن پشتی بە سکیەوە نووسابوو، فەرمووی (اتَّقُوا اللَّهَ فِـي هَذِهِ الْبَهَائِمِ الْمُعْجَمَةِ)،[1] (سـەبارەت بەو ئـاژەڵە بێزمانـانە لەخـوا بترسن).

لەلایەکیترەوە پێغەمبەر (ﷺ) موسـڵمانانی لەئـازاردانی گیانـداران ئاگـادارکردۆتەوە، چـونکە لەسـەر ئـازاردانی ئاژەڵ، سزای سەخت وەردەگرن، فەرمـووی: (عُذِّبَتِ امْرَأَةٌ فِي هِرَّةٍ سَجَنَتْهَا حَتَّى مَاتَتْ، فَدَخَلَتْ فِيهَا النَّارَ، لاَ هِيَ أَطْعَمَتْهَا وَلاَ سَقَتْهَا، إِذْ حَبَسَتْهَا، وَلاَ هِيَ تَرَكَتْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الأَرْضِ)،[2] (ئافرەتێک لەسـەر ئەوەی پشـیلەیەکی بەنـدکردبوو هەتـا مـرد، چـونکە نە خـواردن و خـواردنەوەی پێـدەدا، نە ئـازادیکرد هەتـا پشـیلەکە خـۆی لە مـار و مێـرووی سـەرزەویی بخـوات، لەبەرئەوە خوای گەورە ئەو ئافرەتەی خستە دۆزەخەوە). لە بەرانـبەردا یارمەتیـدانی ئـاژەڵان و خزمەتکردنیـان، مـایەی پاداشـتی گەورەی پەروەردگـارە، پێغەمـبەر (ﷺ)

---

[1] سنن أبي داود، كتاب الجهاد، الرقم ٢٥٤٨، ورواه ابن خزيمة و ابن حبان في صحيحيهما، وصححه من المعاصرين العلامة الألباني.

[2] صحيح البخاري، كتاب أحاديث الأنبياء، الرقم ٣٤٨٢.

گێڕاویەتییەوە: (بَيْنَا رَجُلٌ يَمْشِي، فَاشْتَدَّ عَلَيْهِ العَطَشُ، فَنَزَلَ بِئْرًا، فَشَرِبَ مِنْهَا، ثُمَّ خَرَجَ فَإِذَا هُوَ بِكَلْبٍ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنَ العَطَشِ، فَقَالَ: لَقَدْ بَلَغَ هَذَا مِثْلُ الَّذِي بَلَغَ بِي، فَمَلَأَ خُفَّهُ، ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ، ثُمَّ رَقِيَ، فَسَقَى الكَلْبَ، فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ، فَغَفَرَ لَهُ)، (جارێک پیاوێک بە ڕێدا دەڕۆیشت، تینوێتیی زۆری بۆ هێنا، دابەزییە ناو بیرێک و ئاوی خواردەوە، دواتر کە هاتە دەرەوە، تەماشایکرد سەگێک لە تینوێتیدا زمانی لە زەوی دەخشاند، کابرا وتی: ئەمە وەک من تینوێتی زۆری بۆ هێناوە، بۆیە خوفەکەی پێی پڕکرد لە ئاو و بە دەم گرتی و لەبیرەکە هاتەدەرەوە، سەگەکەی ئاودا، خوای گەورە لەسەر ئەوە سوپاسی کردو لێیخۆشبوو)، هاوەڵان بە سەرسامییەوە وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، یانی لەسەر چاکە لەگەڵ ئاژەڵیش پاداشت وەردەگرین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فِي كُلِّ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ)،[1] (لەسەر چاکەکردن لەگەڵ هەر خاوەن جەرگێکی تەڕ –واتە زیندوو- پاداشت هەیە)، تەنانەت کەسە تاوانبار و خراپەکارەکان، دەتوانن بە چاکەکردن لەگەڵ ئاژەڵاندا، خۆیان لە تاوان پاکبکەنەوەو ڕەزامەندیی خوا بەدەستبهێنن. هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) نمونەی

---

[1] صحيح البخاري، كتاب المساقاة، الرقم ٢٣٦٣.

ئافرەتێکی هێنایەوە (بَيْنَمَا كَلْبٌ يُطِيفُ بِرَكِيَّةٍ، كَادَ يَقْتُلُهُ العَطَشُ، إِذْ رَأَتْهُ بَغِيٌّ مِنْ بَغَايَا بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَنَزَعَتْ مُوقَهَا فَسَقَتْهُ فَغُفِرَ لَهَا بِهِ)،[1] (جارێک سەگێک بە دەوری بیرێکدا دەخولایەوە، تینوێتی خەریکبوو بیکوژێت، ئافرەتێکی ئیسرائیلی داوێنپیس سەگەکەی بینی، خێرا خوفەکەی پێی داکەند و سەگەکەی ئاودا، لەبەر ئەو کارە، بەر لێخۆشبوون کەوت).

بەهەمان شێوە عەبدوڵای کوڕی مەسعوود دەڵێت: لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین، باڵندەیەکمان بینی بە دوو بێچووەوە، ئێمەش بێچووەکانیمان برد، باڵندەکەش کەوتەباڵەفڕێ، پێغەمبەر (ﷺ) کە هات و ئەوەی بینی، فەرمووی (مَنْ فَجَعَ هَذِهِ بِوَلَدِهَا؟ رُدُّوا وَلَدَهَا إِلَيْهَا)،[2] (کێ ئەو باڵندەی بەهۆی بێچووەکانیەوە غەمبار کردووە؟ ئادەی بێچووەکانی بۆ بگێڕنەوە).

---

[1] صحيح البخاري، كتاب أحاديث الأنبياء، الرقم ٣٤٦٧.

[2] سنن أبي داود، كتاب الجهاد، الرقم ٢٦٧٥، وقال الحاكم في المستدرك صحيح الإسناد، و صححه من المعاصرين العلامة الألباني.

# بەشی سێیەم

# بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی
# لەبیری لیبرالیدا

ئەشێت کەم و زۆر یاخود دورو نزیک زانیاری هەبێت لەبارەی لیبرالیزم و ئەو پرەنسیپە گشتیانەی ئەم ئایدیایە بانگەشەی بۆ دەکات، کە ماف و ئازادی و خاوەندارێتی تاک لەدیارترین ئەو لایانانەن کە لیبرالیزم لەهەوڵی ئافراندنیاندا مێژوویەکی بۆخۆی نەخشاندووە.

بۆیە هەرکاتێک نەغمەی ئەم ووشەیە دەبیستین ڕاستەوخۆ ئازادی ڕەهای مرۆڤەکان و هەوڵدان بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی و لاوازکردن و کەمکردنەوەی هەژمونەکانی کۆمەڵگەمان بێتە پێشچاو، بەردەوام ئەو شەڕ و ململانێیە دەبینین کەبیرمەندانی ئەم ئایدیایە لەپێناو مسۆگەرکردن و گرەنتیکردنی مافەکانی تاکەکەس لەبەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵ ئەنجامیانداوە.

لەکاتێکدا ئەمە بەم شێوەیە نییەو هەروەک (پولادی) نوسیویەتی: "لیبرالیزم وەک قوتابخانەیەکی هزری و ئایدۆلۆجی دروستکەری هەلومەرجێکی مێژوویە کە پەیوەستە بە لەناوچوونی پەیوەندییە فیوداڵییەکان و سەرهەڵدانی پەیوەندییە بۆرژوازییەکان و گەشەکردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. هەموو ئامانج و بەها سەرەکییە لیبرالیەکان وەک (ئازادیی و یەکسانی و سەربەخۆیی

تاکەکەس) هەر هەمووی لەسەر بنەمای ئاڕاستەگیری دژ بە پەیوەندییە فیودالّیەکان بووە، وەک جیاووکی ئەرستۆکراتی، ریزبەندی پلەو پایەکان و دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی.

بۆیە زۆرێک لەتوێژەران پێیانوایە لیبرالیزم تەنها وەک ئایدۆلۆژیای چینی بۆرجوازی دەناسرێت، لەکاتێکدا لایەنگرانی لیبرالیزم دەیانەوێت خۆیان بەرزتر لەئامرازی ئایدۆلۆژیای چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی نیشانبدەن و بەشێکی پەیوەست بەبنەما گشتییە مرۆییەکان ڕابگەیەنن"[١].

هەروەها (حسین بەشیریە) ئاماژە بۆ ئەم لایەنە دەکات کاتێک نوسیویەتی: "هەندێک لەنوسەران، لیبرالیسم بەتیۆریەکی حکومەتی سنوردارکراوی بەستراوە بەئازادییەکانی تاکەوە دەزانن و دەشیبەستنەوە

---

[١] د.کەمال پولادی: مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا-سەدەی بیستەم، بەرگی سێیەم، و: ئازاد وەلەد بەگی-سیروان زەندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل١٠٦-١٠٧.

بەسیستەمی بازاڕی ئازاد و ئابووریی سەرمایەداریی بازاڕەوە.

ئەم بەستراوەیە هەرچەند لەڕووی مێژووییشەوە واقیعیەتی هەبێت، بەڵام لەڕووی زمانزانییەوە بە پێویست نازانرێت.

لیبرالیسم، خوازیاری دابینکردن و ڕەچاوکردنی مافی یەکسان لەبۆ هەموو هاووڵاتیانە؛ ئەوەش بەبێ ئەوەی ڕەچاوی مەزهەب، نەتەوە، نەژاد، ڕەچەڵەک، چین، ڕەگەزو...هتد بکات"[1].

بۆیە ناکرێت لیبرالیزم وەک ئایدیای چین و گروپێکی تایبەت پێناسە بکرێت، یاخود بەرگریکاری پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەند نەبووە، بەڵکو ئەکرێت بەهۆی فراوانی و زۆری ئەو بیرمەند و کەسانەی پشک و ڕۆڵیان لەفۆرمەڵەکردن و گەڵاڵەکردنی پرەنسیپ و چەمکەکانی ئەم ئایدیایەدا هەبووە، وادەکات شانبەشانی

---

[1] حسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت (تیۆری-پراکتیکی)، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر کاروانی، چاپەمەنی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٠١.

ئەوبیرمەندانەی باسیان لە ئازادی فراوان و بێ لەمپەری مرۆڤ و ماف و خاوەنداریێتیەتی کردووە، هاوکات بەشێک لەو بیرمەندانە لەمیانەی هەوڵ و تێڕوانینەکانی خۆیاندا، نایانەوێت مرۆڤ لەدیمانەی لیبراڵدا مرۆڤێکی دابڕاو و دورەپەرێز بێت، یاخود وێنای لیبڕاڵ لای ئەم نوسەرو بیرمەندانە بۆ مرۆڤ وێنای خۆپەرستی و خۆویستیەک نییە کەمرۆڤەکان لەئاکارو پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان بپچڕێنێت، بەڵکو لیبرالیزم؛ لەکۆی تێڕوانینی بیرمەندانیدا و بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغە مێژووییەکانی و ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی لە چەمک و پرەنسیپەکانیدا هاتۆتە بوون، هەوڵێکی بەردەوام و درێژخایەنە بۆ ڕەنگڕێژکردن و دیاریکردنی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان (تاک-دەسەلات، تاک-کۆمەڵگە، تاک-تاک)دا هەیە، تاوەکو لەوێوە ئەرک و مافی هەرپێکهاتێک لەکایەو سنوری خۆیدا وێنا بکات، کەدواجار لەکۆی هەموو ئەم پرۆسەیەدا، بتوانێت ماف و ئازادییەکانی تاک بەشێوازێک گرەنتی و مسۆگەربکات، کە لەگەڵ هیچ کام لەپێکهاتەکانی تر دژ و ناتەبا نەبێت، بەڵکو لیبرالیزم خەمی گەورەی بریتییە لە تەریبکردنی ئاڕاستەی

هەرسێ پێکهاتەکەی (دەسەڵات-کۆمەڵگە-تاک) لەگەڵ یەکتریدا، بۆئەوەی ئەو دۆخ و ژینگەیە بخوڵقێنێت تاک تیایدا هەست بەبەختەوەری و ئازادیی بکات و چێژ لەو ئازادییانە وەربگرێت.

لێرەوە لیبرالیزم هەریەک لەو پێکهاتانە ڕووبەڕوی بەرپرسیارێتی دەکاتەوە، لەناو ئەو بەرپرسیارێتیانەدا، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاک و دەوڵەت لەدیارترین و گرنگترین ئەو لایەنانەن کە ئێمە هەوڵدەدەین لە میانەی ئەم بەشەدا بیخەینەڕوو، بەمەبەستی ئەوەی کە بیرمەندانی لیبرالی کاتێک باس لەئازادیی و مافەکانی تاکەکەس دەکەن، مانای وانییە کە هیچ جۆرە خوێندنەوە و بایەخێکیان بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگە لای تاک نەهێشتبێتەوە و پێگەیەکیان نەبێت لە جیۆگرافیای لیبرالیدا.

لەبەر ئەوە هەوڵدەدەین لەچەند تەوەرێکدا قسە لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تاک و دەوڵەت و پاشان داد و یەکسانی کۆمەڵایەتی بکەین، تاوەکو لەوێوە بتوانین سەرەداوی لایەنی کۆمەڵایەتیبوونی لیبرالیزم بەخوێنەران ئاشنابکەین.

## باسی یەکەم – بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تاک لە لیبرالیزمدا:

قسەکردن لە ماف و ئازادییەکانی تاک و هەوڵدان بۆ تەریبکردنی ئەم ماف و ئازادییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەدا، لایەنێکی گرنگە لە لیبرالیزمدا، بۆیە بیرمەندانی بیری لیبرالی زۆرجارو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پەرەسەندنی بیری لیبرالی، هەوڵیانداوە بۆچوون و تێڕوانینەکانیان بەجۆرێک دابڕێژن نەکەونە دژایەتی و ناکۆکی نێوان تاک و کۆمەڵ.

لەبەرئەوە ئەگەر سەرنجی هەردوو قۆناغە سەرەکیەکەی بیری لیبرالی بدەین، واتە لیبرالیزمی کلاسیکی و لیبرالیزمی نوێ، دەکرێت هەندێک لەو بیرمەندانەی هەوڵی هاوتاکردن و نزیککردنەوەی بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵیان لەبەرچاوگرتووە

(ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ) وەک نمونەی ئەم لایەنە بخەینە بەرچاو.

دیارە ئەم لایەنەش خۆی پەیوەندییەکی بەهێزی بەبارودۆخی کۆمەڵگە و مرۆڤەکانەوە هەیە، بەتایبەتی ئەگەر سەیری سەدەی نۆزدە بکەین ئەم لایەنە بەڕوونی خۆی دەنوێنێت، کە ئەمەش فاکتەرەکانی وەک دروستبوونی ململانێی نێوان ئایدیاکان لەدیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان (تاک – کۆمەڵ) و هەریەک لەو بەرپرسیارێتیانەی لەسەر هەریەکێکیان هەیە بەرامبەر ئەوی دی ڕۆڵی تێدابینیووە.

لێرەوە ئێمە ئەگەر مێژووی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەو قۆناغە بخوێنینەوە کە بەلیبرالیزمی کلاسیکی ناوزەدکراوە، هاوشان لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی تاکەکەس و هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردن و گرەنتیکردنی ماف و خاوەنداریێتی و ئازادییەکانی تاک، لەگەڵ ئەو هەوڵە بەردەوامانەی بیرمەندانی لیبرالیزم بۆتەسککردنەوە و کەمکردنەوەی فشارو لەمپەرەکانی سەر ئەم مافانە، هێشتا ئاماژەی جۆراوجۆر و ئاشکرا

یـاخود ناڕاسـتەوخۆ هەیە کە جۆرێـک لەبەرپرسـیارێتی دەخـاتەوە ئەسـتۆی تـاک، تـاک هانـدەدات دوورەپەرێـز و خۆپەرست نەبێت و تەنها وێڵی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی نەبێت، بەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتی تـاک و تێکەڵبوون لەگەڵ هاوشـێوەکانی بەشـێک لەبەرپرسـیارێتی ئەو ژیـنگە و کۆمەڵە دەخاتە سەرشانی تاک.

(دەیڤـد هیـۆم ١٧١١-١٧٧٦) لەو سـود و قـازانجەی کۆمەڵ قسەدەکات کە لەچالاکی تاکەکانی دەستیدەکەوێت، بۆیە کاتێک باس لە چالاکیە ئابوورییەکانی تـاک دەکات، ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات کە ئەگەرچـی مـرۆڤ لەڕووی ئـابوورییەوە بازرگـان یـان بـۆرژوایەکە و لەهەوڵـی دەستخسـتنی بەرژەوەنـدییە تایبەتیەکـانی و فراوانکردنـی تێدەکۆشـێت، بەڵام لەم کارەیـدا بێـئەوەی مەبەسـتی بێـت بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵەکەی دێنێتەدی[١].

هەروەها (ئـادەم سمس ١٧٢٣- ١٧٩٠)یش لە بەرهەمە بەناوبانگەکیدا دەربارەی (سـامانی نەتەوەکـان)، تیـۆرێکی

---

[١]موسا غەنی نەژاد: کۆمەڵی مەدەنی- ئازادی، ئابووری و سیاسەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێباز مستەفا، چاپخانەی داناز، سلێماني، ٢٠٠١، ل٨٠-٨١.

نوێی ئابوری تەواو فراوانی داڕشت، هەوڵیدا جۆرێک لە هاوتایی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی تاک و گشتیدا بکات[1].

هەر ئەم ئاڕاستەیەیە دواتر و لە شۆڕشی فەڕەنسیدا ڕەنگیداوەتەو لە میانەی ڕاگەیاندنەکانی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان لە(٢٦)ی ئابی (١٧٨٩)دا و لە ماددەی پێنجەمی ئەم گەلاڵە نامەیەدا هاتووەکە: "هەموو کردەوەیەکی زیانبەخش بەرانبەر بە کۆمەڵگە قەدەغەیە"[2].

سەدەی نۆزدە لە هەمانکاتدا سەدەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی سیاسی جۆراوجۆر و ناهاو ئاڕاستەبوون لەگەڵ لیبرالیزمدا، لەبری پاڵپشتی و بەرگریکردن لە مافەکانی تاک، باسیان لە کۆمەڵگە و مامەڵەیان لەگەڵ چالاکی گشتی بوو، کە دیارترینیان بیری سیاسی کلیانی و سۆسیالیزم بوون.

---

[1]سڤێن – ئێرک لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێڕانی: ئاسۆس کمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٣٦ ؛ جان توشار: تأريخ الفكر السياسي، دار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨١، ص٣٢٧.

[2]ژرژ بوردو: ليبراليسم، ترجمة: عبدالوهاب أحمدى، كتابخانه مللى إيران، تهران، چاپ أول، ١٣٧٨، ص٥٠.

لەبەرئەوە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی تاک لە دیدگای بیرمەندانی سەدەی نۆزدەوە، بەتایبەت ئەوانەیان کە جۆرێک لە قسە و هەڵوێستیان لە ئازادیی و مافەکانی تاکەکەس هەیە، زۆر و ئاشکراتر خۆی نواند، تا ئەو ئاستەی کە (جێرمی بنتام ١٧٤٨- ١٨٢٣) لە پێناسەی ئازادیی و جیاوازیی کردن لە نێوان دوو جۆر لە ئازادیی (ئازادیی سروشتی و ئازادیی مەدەنی)، پێیوابێت ئازادیی مەدەنی ئەو پانتاییەی ئازادیی مرۆڤە کە کاروکردەوەیەک ئەنجامبدات و لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی دژ و ناتەبا ناوەستێت[١].

ئەم تێڕوانینە کە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە و لە گەڵاڵە نامەی شۆڕشی فەڕەنسیدا جۆرێک لەم گوزارشتە ڕاگەیەنراوە، بەهەند وەرگرتن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵ وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی تاک لە کۆمەڵدا، لەگەڵ هەوڵدانی تاک بۆ خۆ دوورگرتنی لە دژایەتی و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی، ئەو

---

[١]د. حسن شحاته: اساطين الفكر السياسي والمدارس السياسية، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٩، ص٢٤٧-٢٤٨.

مەرجـــانەن کە لەمەودای ئـــازادیی مەدەنیـــدا و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ تاکەکان پێویستە لەبەرچاو بگیرێت.

ئەم بەرپرسیارێتیەی تاک دواتر و لای (جۆن ستیوارت مل ١٨٠٦- ١٨٦٣) لە ئاست و سنورێکی باڵاو فراوانتردا وێنادەکرێت، چونکە (مل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چۆن و چەنـد پێویســتە تـاک لەســەر ئەو ئاکـار و مـامەڵەیە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت و سـزابدرێت کاتێک ئاکـار و جوڵەیەک دەکات کەمایەی دروستکردنی زیان و مەترسی بێـت بۆســەر تاکەکـانی تـری نـاو کـۆمەڵ، لەوە زیـاتر پێویســـتە لێپرســـینەوەی لەگەڵـــدا بکرێـــت لەبەرانـــبەر بێدەنگبون لەهەر بزاوت و کار و دیاردەیەک، سزا یاخود گرفــت و کێشـــە بــۆ تاکەکـــانی تـــری نـــاو کـــۆمەڵ دروستدەکات[١].

ئەمە وادەکات (مل) باس لە دووجۆر لە ئاکاری مرۆڤ بکات، جۆرێکیان تایبەتە بە مرۆڤ خۆی و هیچ پەیوەندیی و کاریگەریی بۆ کەسانی تر نییە، بەڵام جۆرەکەی تر کە

---

[١] جـون سـتیوارت مـل: اسـس الليبراليـة السياسـية، ترجمـة وتقـديم وتعليـق: م. د. إمـام عبـدالفتاح إمـام و م.د.ميشـيل متيـاس، مكتبـة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٦، ص١٢٩-١٣٠.

بەرپرسیاریێتی دەخاتە ئەستۆی تاکەکانی کۆمەڵ و مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگەی پێ کاریگەر دەبن، لای (مل) بەدەنگهاتن و بێدەنگی، یاخود (جوڵە و وەستان)یش دەگرێتەوە[1].

ئەم هەنگاوەی (مل) لەوەدا گرنگە کە دەشێت جۆرێک لەهەستی هاودەردیی و ئاڕاستەی دەستەکۆیی بکاتە ئەو پەیوەندیی و ڕایەڵانەی تاکەکانی کۆمەڵ لە یەکدی نزیکبکاتەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو تاک بەس چاوی لەوەنییە کە فاکتەری خراپ و نێگەتیڤ نەبێت بۆ کۆمەڵ، لەوە زیاتر تاک میکانیزمی چاکسازیی و گۆڕینی کۆمەڵە، یاخود هەوڵی جۆرێک لە گۆڕین دەدات کە بە خێر و خۆشی تاکەکانی تری کۆمەڵ کۆتایی دێت و بەرگریکارێکی تاکەکانی تری کۆمەڵگەی خۆیەتی.

ئەم هەستەیە وایکردووە (مل) لە سێ ئاستدا (ئازادیی) وەک چەمک بناسێنێت و لەئاستی سێیەمدا باس لە

[1] د. حسن شحاته: المصدر السابق، ص٢٤٧-٢٤٨.

ئازادیی کۆبوونەوەی تاکەکان لەگەڵ یەکتری و پێکهێنانی یەکێتی و هاوکاری لەپێناو هێنانەدی مەبەستەکان دەکات[1].

لێرەوە دەتوانین ئەو جیاوازییە گەورەو فراوانەی نێوان (جۆن لۆک ١٦٣٢-١٧٠٤) و (مل) هەستپێبکەین، کاتێک (لۆک) باسی لەوە کردبوو کە "هەرجۆرە تەقەلایەک بەرپرسیاریێتی خەڵکانی دی لەئەستۆ بگرێت، بەکردەوەیەکی بێهودە و دەستخستنە کاروباری خەڵکییەوە دادەنرێت..."[2].

(مل) هەوڵدەدات زیاتر مەبەستەکانی لەم ڕووەوە بگەیەنێت و لەهەوڵی هاوتاکردن و تەریبکردنی بەرژەوەندیەکانی ناوکۆمەڵە، کە پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ بەجۆرێک دەبەستێتەوە بەیەکەوە، کە هەریەکێکیان ئەوی تر لەبەرچاو بگرێت بۆیە دەنوسێت: "ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی لەسەر بۆچونێک کۆکبن جگە لەکەسێک، بۆیان

---

[1] جون ستیوارت مل: اسس الليبرالية السياسية، ص١٣١.

[2] جۆن لۆک: نامەیەک دەربارەی لێکبوردن، وەرگێڕانی: شۆرش جوانرۆیی و فەرشید شەریفی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٧.

نییە ئەوکەسە بێدەنگ بکەن، هەروەک چۆن ئەو کەسەش بۆی نییە ئەگەر توانی بۆچوونی خۆی بسەپێنێت"[1].

بەگشتی میل ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە پەرەسەندن و گۆڕانکاری لە ئایدیای لیبرالیدا و چەمکی خێر و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کردە دینگەیەک لە دینگەکانی لیبرالیزم[2].

بۆیە (ڕەیدار لاشۆن) لەبارەی (مل)ەوە نوسیویەتی: "میلل بەپلەی یەکەم بیری لای خۆفەرمانی کومیونانە بوو، کە هەر زۆر زوو لە ئینگلاند فراژووت. کاتێک مرۆڤ کارێکی ڕەسمی ئەنجام دەدات دەبێ بەرژەوەندی دیکە ڕەچاو بگرێ نەک بەرژەوەندی خۆی، دەبێ بەرژەوەندی هەمەجۆر بەیەک بگرێ و هەوڵی چاکەی گشتی بدات.

ئەو کەسە دەبێت خۆی بەبەشێکی کۆمەڵگە بزانێ و هەرچی بۆ چاکەی کۆمەڵگەیە بەچاکەی خۆی دابنێ،

---

[1] عبدالله العروي: مفهوم الحرية، المركز الثقافي العربي، بيروت – لبنان، الطبعة السادسة، ١٩٩٨، ص٤٣-٤٥.

[2] وليم كلي رايت: تأريخ الفلسفة الحديثة، ترجمة: محمود سيد أحمد، تقديم ومراجعة: امام عبدالفتاح امام، المجلس الاعلى للثقافة، ٢٠٠١،ص٤١٥.

ئەگەر ئەم فێرگەیەی گیانی گشتی نەبێ، هەستێکی وەها پەیدانابێت کە تاکە کەسان بەرانبەر بە کۆمەڵگە خۆیان بە خاوەن ئەرک بزانن..."[1].

ئەم گۆڕانکاریانەی لە دیدی بیرمەندانی لیبرالی هەبوو، لە قۆناغی دووەم و لە لیبرالیزمی نوێدا زیاتر تۆخ بووەوە، چونکە سەرەتای گۆڕانکاری لە بیری لیبرالی نوێدا، هەوڵێکە بۆ داکۆکیکردن لە مافی تاکەکەس، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئەو جیاوازیی چینایەتی و پلە کۆمەڵایەتیە ببڕێت لە کۆمەڵدا بوونی هەبوو، تاوەکو بتوانێت هەموو چینەکان لە ئامێزی خۆیدا کۆبکاتەوە.

ئەم گۆڕانکارییانە کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەخشییە لیبرالیزمی نوێ، وایکرد لای چینە کۆمەڵایەتیەکانی تر جگە لە چینی بۆرژوازیی، مایەی پێشوازیی و ڕەزامەندیی بێت[2].

---

[1] ڕەیدار لاشۆن: گەلە ئایدۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئاسۆس کەمال، کتێبی هەرزان، ستۆکهۆڵم-١٩٩٩، ل٢٥.

[2] د. عبدالرضا الطعان: تأريخ الفكر السياسي، دار الحكمة للطباعة والنشر،١٩٩٢، ص ٦١٤-٦١٥.

لەم گرنگی پێدانە کۆمەڵایەتیەی لیبرالیزمی نوێوە (گرین) بڕوای وابوو کە "بەبێ بوونی کۆمەڵگە تاکەکان بونیان نابێت"[1].

ئەم گوزارشتەی (گرین) دانپێدانانێکی فەرمی و ئاشکرایە بە واقیعی پەیوەندیی بەرانبەریی تاک و کۆمەڵگەدا ... بۆیە لیبرالەکان پەیوەست بەم تێگەیشتنە وەها بەڵگەیان هێنایەوە کە ئازادیی تاکەکەسی تەنها دیوی ژیانی کۆمەڵایەتیەو دیوەکەی تری واتە کاری گروپی، بەلای کەمەوە هێندەی ئازادیی تاکەکەسی مایەی گرنگی پێدانە[2].

هەروەها (گرین) بڕوای وابوو لیبرالی ڕاستەقینە چاکسازیکارێکی کۆمەڵایەتیە و بەرگریکارێکی چینی ژێر دەست و چەوساوەیە و دوژمنی ئەو خاوەنکارانەیە لە

---

[1] د.کەمال پولادی: مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا-سەدەی بیستەم، بەرگی سێیەم، ل١١١.
[2] هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

ڕێـــــگەی قۆرخکـــــاری و دادۆشـــــینەوە ســـــەرمایە و بەرژەوەندییەکانی مسۆگەر کردووە[١].

لێرەوە دەکرێت باس لەوە بکەین کە کاتێک (بیلنسکی) ڕەخنەگری ڕوسی دەنوسێت: "گەر کەسانی تر لە ئازادیی بێبەشکران، ئەگەر براکانم بە کۆت و بەندیی و لە دۆخی هەژاریـــی و گەندەڵیـــدابوون. ئـــازادیم بـــۆ خـــۆم ناوێـــت، بەتەواوی ڕەتیدەکەمەوە، چونکە باشترە قەدەری براکانم تا دواسات بەشبکەم"[٢].

ئەم هەستی هاوچارەنوسییەی لای تاک بانگەشـەی بۆ دەکرێت، هەوڵێکە بۆ قسـەکردن لەو مەترسـی و گرفتانەی کە دەشێت لەسـەرەتاوە بەشێکی کەم لەتاکەکان ئازار و زیانیـان پێبگـات، بەڵام دواجـار ببێـتە نەخۆشـی و پەتـای کۆمەڵ، یاخود بەئاڕاستەیەکی تردا، ئەو کاتەی دیاردە و گۆڕانکارییەکـان و باشـییەکانی نـاو کـۆمەڵ نـاچنە ئاسـتی

---

[١]تیـودور مـایر غـرین: الليبراليـة والموقـف الليبرالـي، تعريـب: جـورج زيناتي و فوزي قبلاوي، المؤسسة الشرقية للترجمة والنشـر، بيـروت، ١٩٥٧، ص٢٩.

[٢]إيزايا بيرلين : حدود الحرية ، ترجمـة : جمانـا طالـب ، دار السـاقي ، بيروت – لبنان ، الطبعة الاولى ، ١٩٩٢، ص١٥.

گشـــتێنراوەوە، هێشـــتا ناكامــڵ و قرچــۆكن، چــونكە لەم دیدگایەوە كۆمەڵ جەستەیەكی زیندووە و هەر ئەندامێكی لەخۆشـی و ناخۆشـیدا هـاودەردی جەسـتەكەیە لەهەمـان كاتدا.

بـۆیە لیبرالیەكــان ڕایانگەیانــد كە تــاك لە كــۆمەڵگەدا بەرپرســـیارێتی كۆمەڵایەتیــان لەبەرانــبەر یەكتریــدا هەیە، بەتـایبەت ئەو تاكـانەی توانـای خۆبەڕێوەبردنیـان نیـیە و شایســـتەییان لە دەســـتداوە، وەك پیــر و پەككەوتەكــان و هەژاران و نەخۆش و ...هتد[1].

بەرپرســـیارێتیی كــۆمەڵایەتی تــاك تەنهــا لەوەدا نیــیە هاوكاربن و یارمەتی هەژار و نەخۆش و بێنەوایان و كەم ئەندامان بدەن، بەڵكو دەبێت مافەكانیشیان بسـەلمێنرێت و پارێزراوبێت[2].

---

[1] هبـة رؤوف عـزت: الليبراليـة ٠٠ ايدولوجيـة مراوغـة افسـدها راس المـال (٢٠٠٤/٨/١٨): / [ www. Islamonline.net/Arabic / 95k –mafaheem / 2004 / 08 /18 article 01b- shtml ].

[2] هیـوا عەزیـز سـەعید: ڕەنگدانەوەی بیـری لیبرالـی لە باشـووری كوردستان (١٩٠٠–١٩٥٨)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٢٧.

کەواتە بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی ئەو هەوڵەیە کە لیبرالستەکان لە میانەی هاندان و هەوڵدانی خودییانەی تاکەکەسەوە کار لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی ئازادیی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە، چونکە لیبرالیزم لە ڕوانگەی بەهرە و جدیبوونی کاری هەرتاکێکەوە بۆ بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان دەڕوانێت.

بەمجۆرە تاکەکان لە چالاکییەکی بەردەوام و هەمەلایەندا و لەپێناو خۆشنودی و چاکترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان هەوڵدەدەن، چونکە بایەخدانی تاک بەخودی خۆی بەشێک لەو ئەرکە کۆمەڵایەتیەیە لە لیبرالیزمدا کاری لەسەر دەکرێت.

## باسی دووەم – بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەوڵەت لە بیری لیبرالیدا:

ئەشێت هەرکات ئێمە سەرنج لە سەرەتاکانی مێژووی گەشەکردنی ئایدیای لیبرالی بدەین، دەوڵەت لە تێڕوانین و بینینی بیرمەندانی ئەم بوارە، وەک دێوەزمە و مەترسیەکی بەردەوامی سەر ئازادییەکانی تاک ئاماژەی بۆ بکرێت، نەک هەرئەمە بەڵکو هەوڵدان بۆ سنوردارکردن و تەسکردنەوەی مەودای جوڵەی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت، خۆی لە دیارترین ئەو تەوەرانەدا بنەخشێنێت کە لیبرالیستەکانی سەرقاڵ کردووە.

بەڵام ئەم ئاڕاستە و دیدگایە لەسەر هەمان ڕەوت و ئاڕاستە و لە قۆناغە مێژووییەکانی بیری لیبرالی و تەنانەت لە قۆناغێکدا و لای هەموو بیرمەندان هاوتەریب نەبووە، بەڵکو زۆرجار دەوڵەت ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتیەی بۆی جێهێڵراوە، یاخود ئەو ئەرکەی

خراوەتە ئەستۆی خۆی لە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتیدا دۆزیوەتەوە.

بۆیە هەوڵدان بۆ پێدانی ڕۆڵ و چالاکی بەدەوڵەت لەکۆمەڵگەدا و نرخاندنی دەستێوەردانی لەو بارودۆخە لای بیرمەندانی لیبرالیزم لەقۆناغی نوێدا، پێچەوانەی ئەو دید و تێڕوانینەبوو کە لای بیرمەندانی لیبرالیزمی کلاسیکی جەختی لەسەر دەکرایەوە، بەتایبەتی لەوەدا کە باسیان لەوە دەکرد کردنەوەی کەرتی گشتی لە نەخۆشخانە و چاودێری تەندروستی و فێرکردن و هاوکاری بێنەواو هەژار و پەککەوتوان و نەداران و کەمئەندامان و کردنەوەی گەنجینەی گشتی، زەمینەسازی دەکات بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی مشەخۆریی و تەمەڵی لەکۆمەڵگەدا، بەڵام لەقۆناغی نوێی لیبرالیزمدا نەک ئەوە قەدەغە نەبوو، بەڵکو هاتنە ناوەوەی دەوڵەت لەبارودۆخێکی ئاوادا بەپێویست و پۆزەتیڤ ڕاگەیەنرا.

لەسەرەتاوە دەکرێت باس لە (مۆنتسکیۆ ١٦٨٩ - ١٧٥٥) بکەین، کاتێک ئەرکەکانی دەوڵەت بەجۆرێک ڕووندەکاتەوە کە دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی ژیانی

هاونیشـــتمانیان و خـــواردن و پۆشـــاکی گونجـــاو و تەندروسـتییان، هەروەهـا پێویسـتە چـاودێری نەخـۆش و پیر و هەتیـوان بکـات و دژی هەژاریـی بێـت و گەنجینەی گشتیی بکاتەوە[1].

تەنـانەت ئەم بەرپرسـیارێتیەی دەوڵەت لای ڤـۆڵتێریش ڕەنگیـداوەتەوە؛ کاتێـک بـاس لەوەدەکـات کە ڕاهێنـانی ئاکـاریی و ڕەوشـتیی تاکەکـان و جۆرێـک لە چاکەکـاریی، ئەو بەرپرســـیارێتیەیە کەلە چوارچێـــوەی پرۆســـەی فێرکاریـدا بـۆ خەڵـک دەبێت لەلایەن سیسـتمی سیاسـیەوە جێبەجـــێ بکرێـــت، لەم بۆچونەشـــدا تـــاڕادەیەک لەگەڵ ئەفلاتـــون و ئەرســـتۆدا یەکـــدەگرێتەوە کە ئەوانـــیش دەوڵەتیان بە فێرگەی تاکەکانی کۆمەڵ دانابوو[2].

(جـان جـاک رۆسـۆ)ش لە ڕونکـردنەوەی شـێواز و فۆرمی دەسەڵاتی سیاسیدا باس لەوە دەکات کە پێویسـتە

---

[1] جان توشـار: تـأريخ الفكـر السياسـي، دار العالميـة للطباعـة والنشـر والتوزيع، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨١، ص٣١٣-٣١٤.

[2] د. عبدالرضـا الطعـان: المصـدر السـابق ، ص٣٩٥و٣٩٦؛ د. حسـن شحاته: المصدر السابق، ص٦٩.

دەوڵەت خـــاوەن ســـازمانێکی نائـــاڵۆز و ســـاکاربێت و تاکەکانی دەبێت هۆگری سەرلەبەری کۆمەڵگەبن[1].

لەکۆتایی سـەدەی نۆزدەهەمەوە و لەگەڵ پەرەسـەندنی پیشەســـازیی و گەشـــەکردنی ئـــابوریی، لیبرالیســـتەکان دەسـتیانکردە چاوخشـاندنەوە و پێـداچونەوەی بیـرۆکە و چەمکەکانی لیبرالیزمی کلاسیکی و دەرئەنجـام لیبرالیزمـی نـوێ سـەریهەڵدا، دیـارترین جیـاوازی لیبرالیزمـی نـوێ لەوەدا دەرکەوت کە لیبرالیزمـــی کلاســـیکی بڕوایـــان بەسنورداری حکومەت هەبـوو لە ژیـانی هاوڵاتیانـدا، بەڵام لیبرالزمـــی نـــوێ حکـــومەتی بە بەرپرســـیاری خزمەتـــی کۆمەڵایەتی دانا لە بواری تەندروسـتی و نیشـتەجێکردن و گوزەران و فێرکردندا[2].

گۆڕانکاری لە چەمک و ناوەڕۆکی لیبرالیزمی کلاسیکی بێهـودە و خۆڕانەبـوو، بەڵکـو ئەنجـامی ئەو ململانـێ و بەرابەریـــیە بـــوو کە لەگەڵ بیـــری سیاســـی کلیـــانی و سۆسیالسـتی و ئانارشیسـتیدا هەیبـوو، لەلایەکـی تـرەوە

---

[1] سڤێن – ئێرک لیدمان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.
[2] هبة رؤوف عزت: المصدر السابق.

پەرلەمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و چەند پەرلەمانێکی تری ئەوروپی، چەندین یاسا و بڕیاری کۆمەڵایەتیان دەرکرد و هەوڵیاندا چاکسازیی لە بارودۆخی کار و کارگەکاندا بکەن و سنورێک بۆ خاوەن کارەکان دابنێن، تانەتوانن کرێکارەکان بچەوسێننەوە[1].

هەر بۆیە (برتراند راسل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "پێدەچێت بیری لیبرالی لە ساڵانی کۆتاییدا لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمدا ئارەزووی ئەوە بکات دەسەڵاتێکی زیاتر بداتە دەوڵەت"[2].

هەروەها لیبراڵەکانیش لەوە تێگەیشتبوون کە لەئەنجامی گەشەکردنی ئابوریی و دروستبوونی کۆمپانیا گەورەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانیان لە ئەوروپادا، پێویستی چاوخشاندنەوە و دەستکاریکردنی پرەنسیپ و تێڕوانینە لیبرالیەکانی هێناوەتە بوون، هەموو ئەم لایەنەش بۆ ئەوەبوو کە چۆن بتوانرێت زۆرترین ڕێژە لە ئازادیی بۆ تاک مسۆگەر بکرێت.

---

[1] د. عبدالرضا الطعان: المصدر السابق، ص٦١٤و٦٣٣.
[2] هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی، ل٩٩.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوو لە سەرەتاوە (مل)ی هاندا کە بڵێت ئازادی فرەلایەنە و ئەوەی ئازادیی بە ڕزگاربوون لە فشارەکانی دەسەڵات لە قەڵەمدەدات تەواو نییە، چونکە بە بڕوای (مل) چەند جۆرێک لە فشار هەیە لە کۆمەڵگەدا، زیانیان لە دەسەڵات زیاترە لەسەر ئازادیی، ئەو فشارانەی لە پێناو پەیداکردنی پاروی ژیاندا سەرهەڵدەدات و ڕووبەڕووی هەر تاکێک دەبێتەوە، لەم بارەدا پێویستە کۆمەڵگە کە خۆی لە سستمی سیاسیدا وێنا کردووە، پێویستە بێتە ناوەوە و لەپێناو کەمکردنەوەی فشارەکان کاربکات، واتە دەستێوەردانی دەوڵەت لە دۆخێکی ئاوادا دەبێتە کارێکی پێویست لەپێناو بەدیهێنانی بڕێکی زۆر لە ئازادیی، بۆیە (مل) ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئازادیی تەنیا خێر و خۆشی تاکەکەسی نییە، بەڵکو گوزەران و خێری تاک و کۆمەڵ پشتی پێدەبەستێت[1].

ئەم بیرکردنەوە لەوەوە هاتووە کە ئەو سستمانەی لەسەر بنەمای لیبرالی بونیاتنراون، پێیانوایە ئازادیی

---

[1]جان توشار: المصدر السابق، ص١٢٨.

سیاسی لەگەڵ ئازادکردنی ئابوری لە دژایەتیدا دەبن، بەو واتایەی کە سیاسەتی ئازادکردن کە تەوەری لیبرالیزمی کلاسیکە دەبێتە هۆی جەمسەربەندی هەژاریی و دەوڵەمەندیی بەو ڕادەیەی کە هەژارەکان ناچار دەبن کە ئازادییەکانی خۆیان لە بەرامبەر جیاووکە ئابورییەکاندا بفرۆشن.

ئازادیی بەربڵاو بۆ دژەکەی خۆی دەگۆڕت، کاتێک کە ئازادیی کۆت و بەندی نەبێت دەستی زۆر بەهێزەکان ئاوەڵا دەکات بۆئەوەی لاوازەکان دیل بکەن، لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا کۆمپانیا گەورە مۆنۆپۆڵخوازەکان لە ڕێکخراوێکی پەتی ئابوریی دەردەچن و دەبنە ڕێکخراوگەلی نیوە سیاسی، ئینجا ئازادیی دەبێتە ئامرازێک بۆ سنوردارکردنی ئازادیی ئەوانی تر.

لێرەوە دەبێ ئازادی بپارێزرێت. هەروەک چۆن نابێت دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ دەستێوەردانی ئابوریی بەڕادەیەک

زۆر بەکراوەیی بهێڵدرێتەوە، بەهەمان شێوەش دەبێت بەرگری لە ئازادیی توێژە زیان لێکەوتووەکان بکرێت[1].

(ڕۆسۆ)ش باس لە ئەرکی دەوڵەت دەکات و پێیوابوو ئەرکی دەوڵەت نەهێشتنی پێشێلکردنی مافەکانە لەنێوان تاکەکاندا، بەمانایەکی تر پاراستنی یەکسانی ئابووریی نێوکۆمەڵگەیە، چەمکی یەکسانی ڕووندەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نابێت ئەوەندە هەبێت کە بەهێزی دەوڵەمەندیی (تاکێک یان کۆمپانیایەک یان هەر پێکهاتەیەکی ناو کۆمەڵ) بتوانێت ئازاری کەسێکی تر بدات یان بیکڕێت، کەسێکیش نابێت ئەوەندە هەژار بێت ناچاربێت خۆی و کاری خۆی بفرۆشێت[2].

هەر لە گوزارشتێکی هاوماناد (کارل پۆپەر) باس لەوە دەکات کە "دەوڵەت لەسەریەتی کە پاسەوانی لە ئازادییەکانی تاک بکات و ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە

---

[1] د.کەمال پولادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا-سەدەی بیستەم، بەرگی سێیەم، ل١٦١.

[2] سڤێن – ئێرک لیدمان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

پشـــتیوانی لەو تـــوێژە هەژارانە بکرێـــت کە ئازادییـــان لەبەردەم هەڕەشەی جۆراو و جۆردایە"[1].

لێرەوە بیرمەندانی لیبرالی لە قۆناغی لیبرالیزمی نوێدا، ڕۆڵـی دەوڵەت لە چـاودێریی و یەکسـانی کـۆمەڵایەتی و دادی کۆمەڵایەتیـدا، هاوکـات جۆرێـک لە پلانڕێژیـی و بوژاندنەوەی ئابوریی و چاودێریی بازاڕ دەسەلمێنێت، ئەم گۆڕانکارییـانە کە بەپلەبەنـدی سـەبارەت بەبـایەخ و پێویســـتی دەوڵەت لە کاروبـــاری کـــۆمەڵایەتی جەختیـانکردەوە، لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم چەمکـی (دەوڵەتـی خۆشـگوزەران – دەوڵەتـی ڕەفاهی)یـان کـردە پرەنسیپی سەرەکی.

بەو مانـایە لیبرالیـزم لەسـەدەی بیسـتەمدا لە پێویسـتی بەشـداریی سیاسـی گـروپ و چیـنە کۆمەڵایەتیەکـان و دژایەتیکردنی هەژاریی و بێکاریی و بەهێزکردنی دەزگای

[1] هەمـان سـەرچاوە، ل١٥٢. حسـین بشـیریه: لیبرالیسـم و محـافظـه کاری (تـاریخ أندیشـه سیاسـی در قـرن بیسـتم)، ج٢، خیابـان فـاطمی، خیابان رهی معیری، تهران، چاپ پنجم، ١٣٨٣، ص٢٠-٢١.

ئەنجــــومەنی و بەرپرســــیاریتیی کــــۆمەڵایەتی دەوڵەت فۆرمەڵە بوو[1].

ئەم دەسەڵات و دەوڵەتەش هەروەک (لیدمان) ئاماژەی پێدەکات: "ئەو دەســەڵاتە فیـوداڵ و تاکفەرمـانەی جـاران نەبوو، بەڵکو دەسـەڵاتێکی بۆرژوایـانە بـوو کە لیبراڵەکـان باشتر دەتوانن بە دەسەڵاتی خۆیانی بزانن"[2].

بەکــورتی دەکرێــت بڵــین لیبرالیــزم بەرپرســیاریتی کــۆمەڵایەتی دەوڵەتــی لە چەنــد خاڵێکــدا دیــاریکرد، کە مەودایەکـی فراوانتربـوو لەوەی لە لیبرالزمـی کلاسـیکیدا دیاریکرابوو، بەتایبەتی لە بواری ئابوریدا، دەوڵەت هەمـوو هەوڵێکــــی لە لیبرالزمــــی نوێــــدا دژی هەڵئاوســــان و چونەوەیەکی ئابوورییە و دەسەڵاتی قۆرخکاریی سنوردار دەکـات و هەمـوو خزمەتگـوزاریەکی گشـتی لە ئەسـتۆیە، بەرهەم و داهـات بەیەکسـانی دەداتە تاکەکـان و پلانڕێـژی و کەمکــردنەوەی مەترســیەکان و چــاودێریی بــازاڕ و

---

[1] حسین بشیریه: لیبرالیسم و محافظه کاری، ١٣٨٣، ص٢٠-٢١.
[2] سڤێن – ئێرک لیدمان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩-٢٥٠.

نەهێشــتنی دروســتبوونی گرفتــی میکــانیکی لە بــازاڕدا جێبەجێدەکات[1].

## باسی سێیەم- داد و یەکسانی کۆمەڵایەتی لەبیری لیبرالیدا:

بیرمەندانی لیبرالی زیاتر لەهەوڵی ئەوەدابوون بتوانن لەســایەی ئەو گەشــەکردنە خێــرایەی ســەدەی بیســتەمدا بــوارو مەودایەکــی بەرینتــر بــۆ لیبرالیــزم بــکەنەوە، لەم هەوڵەشدا بەداتاشینی چەمکەکانی (یەکسانیی کۆمەڵایەتی و دادی کۆمەڵایەتی) باسیان لە لیبرالیزمی نوێ کردووە[2].

باســـکردن لەچەمکەکـــانی یەکســـانیی و ئـــازادیی و دادوەریــی و بانگەشــەکردن بۆیــان کــارێکی بــێ لەمــپەر و

---

[1] عبـدالرحيم السـلمي: الليبراليـة نشـأتها ومجالاتهـا (٢/٢) ،اضـيف بتـــــأريخ: الاحـــــــد ٢٤ شـــــــعبان ١٤٢٤ هـــــــــ: (www.haramainj.net/index.php?action=show-maqalam-id=35-28k).

[2] جان توشار: المصدر السابق، ص٦٤٠.

گرفــت نەبــووە، چــونکە دەشــێت مەودای هەڵکــردن و ئاوێتەبوونیـــان جۆرێـــک لەدژایەتـــی نێوانیـــانی زەق کردبێتەوە، ئەمەش لەایەن (ئیزایا بیرلین١٩٠٩–١٩٩٨)ەوە ڕوندەکرێتەوە و ئاماژە بۆئەوە دەکات چەند هەوڵدراوە بۆئەوەی چەمکەکانی ئازادیی و یەکسانیی و دادوەریی پێکەوە کۆبکرێنەوە[١].

(بیرلین) پێیوایە پێویستە ئازادیی بڕیاردانی ژیان ئەو پێوەرە بێت تاک ئارەزوویەتی بەڕێژەی پێویستێتبوونی بەئازادیی لەپێناو هێنانەدی نەریت و ئاکارەکانی تر، وەک یەکســـانی و دادوەریـــی و بەختەوەریـــی و ئاســـایش و سســـتم، ڕێزگـــرتن لەئـــازادیی هەرتاکێـــک، لۆژیکیـــانە ڕێزگرتنی ئازادیی کەسانی تر بەرهەمدەهێنێت، بەجۆرێک ڕێزگرتنـــی پرەنســـیپەکانی دادوەریـــی و شـــەرمەزاریی لەنایەکســـانی مـــامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکـــدا، گرنـــگ و بنەڕەتییە بۆ تاک هەروەک چۆن ئارەزوومەندی ئازادییە[٢].

---

[١]ایزایا بیرلین: المصدر السابق، ص ٧١.

[٢]المصدر نفسه، ص ٧٤.

(بێـــرلین) بەم گوزارشـــتە ئەو تێگەیشـــتنەمان دەداتـــێ کەئەگەرچی ئەو چەمکانە لەئایدیای لیبرالی نوێدا پێویستی یەکترین و تەواوکەری یەکترن، بەڵام لەهەمانکاتدا جۆرێک لەدژایەتیکـــــردن هەیە لەنێوانیانـــــدا کەهەنـــــدێکجار لەبەرژەوەنـدی تـاک و هەنـدێکجاری تـر لەبەرژەوەنـدی دەوڵەت کـاردەکەن و ئەمەش کـاریگەریی لەسـەر ئـازادیی تـاک دەبێـت، بـۆیە چارەسـەری ئەم گـرفتە لەدیـدێکی کـــۆمەڵایەتیەوە دەبینێـــت و ڕێزگرتنـــی دادوەریـــی و مـامەڵەنەکردنی نایەکسـانی لەگەڵ تاکەکـانی تـردا دەبێـتە نەریتێکـی کـۆمەڵایەتی کەهاوبەشـی و بەشـداری گشـت تاکەکانی کۆمەڵ بگرێتەوە.

(ڕۆناڵد دۆرکین)یش کاتێک باس لە یەکسانی دەکات، دەڵێـت یەکسـانی دەکـاتەوە مـافی هەر تاکەکەسـێک کە هەمان ڕێزی ئەوانەی دیکەی هەبێت[1].

لێـــرەوە قســـەکردن لە یەکســـانی و داد لەبـــوارە جیاجیاکـــانی لیبرالیزمـــدا ئاســـتێکی فـــراوان و دیـــار وەردەگرێـت لە لیبرالیزمـی نوێـدا، بـۆ نمـونە (هابهـاوس

---

[1] ڕەیدار لاشۆن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

١٨٦٤-١٩٢٤) ئاماژە بۆ ئەم لایەنە دەکات کاتێک دەنوسێت: خاڵی سەرەکی لیبرالیزمی ئابووری یەکسانی پاداشت و خزمەتی کۆمەڵایەتییە، بەپێی ئەم خاڵە هەربەرهەمێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بەپاداشت هەیە، چونکە دەبێتە مایەی هاندان و پاراستنی ئەو بەرهەمە، لێرەوە هەرکەس کارێک ئەنجام دەدات مافی خۆیەتی بەڕێژەی کارەکەی پاداشتی بدرێتەوە[١].

ئەم بیرکردنەوەیە هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە یەکسانی لەپادشت لەبەرانبەر خزمەتی کۆمەڵایەتی لە لیبرالیزمدا ڕۆڵی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەهاندان و پەرەپێدانی تواناکانی تاک، ئەمە جگەلەوەی کە لەلیبرالیزمی کلاسیکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە کە بازاڕ دەبێت خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت، بەڵام لەم قۆناغەی لیبرالیزم قسە لەوەیە کە دەبێت بازاڕ یاساکانی خۆی لەکۆمەڵگەوە هەڵگۆزێت[٢].

---

[١] جان سالوین شاپیرو: لیبرالیسم – معناو تأریخ آن، ترجمة: محمد سعید حناي کاشانی، نشر مرکز، تهران، چاپ اول، ١٣٨٠، ص١٩٥.
[٢] هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی، ل١٠٢.

یـاخود ئەم هەوڵـدانەی بیرمەنـدانی لیبرالـی هەروەک (حسـین بەشـیریە) نوسـیویەتی: "لیبرالیـزم لە ڕوانـگەی پاراسـتن و دابینکردنـی ئازادییەکـانی تـاکەوەبوو کە مەسـەلەی یەکسـانی کـۆمەڵایەتی و دەسـتتێوەردانی دەوڵەتـی لەئابووریـدا خسـتە نـاو مەسـەلەکانیانەوە و گرنگیـان پێـدا، ئەوەی کە هەمـوو هاووڵاتیـان مـاف و ئـازادیی یەکسـانی سـەرچاوەکان و دابینکردنـی هەلـی بەرانبەری هەبێت"[1].

(ئەلیکسـی تۆکڤیـل)یش کاتێـک قسـە لە خۆشـنودی و خۆشگوزەرانی خەڵکی دەکات لەسایەی سستمی سیاسیدا، ئەوە ڕووندەکاتەوە کەمەبەست پێی تەنها خۆشگوزەرانی دەستەو گروپێکی کەم و تایبەت نییە لەمرۆڤ، بەڵکو بۆ هەمـوو مرۆڤەکـانە، مرۆڤەکـانیش هانـدەدات بـۆ ئەوەی بەشێک لەتواناو وزەکانی خۆیان لە پێناو کەسانی تر بێت، لە پێناو پێویستییەکانی خەڵک بێت بەگشتی، چونکە پێیوایە لێرەوەیە مـرۆڤ تەنهـا سـەرقاڵی خـۆی نابێـت و هەوڵـی

---

[1] حسین بەشیریە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

هاوکـــاری کەســـــانی تـــر دەدات، وادەکـــات دۆخێکـــی کۆمەڵایەتی یەکسان بخوڵقێت.

ئەم تێڕوانینەی تۆکڤیل لە پێویستی هاندانی تاک بۆ یارمەتی و بەدەمەوەچوونی هاوتاکەکانی لەکۆمەڵگەدا، بۆ دروستکردنی جۆرێک لەیەکسانییە، کە بەبڕوای تۆکڤیل ئەم بیرکـــردنەوەیە لەیەکســـانی دەتوانێـــت گرەنتـــی و مسۆگەری دادی کۆمەڵایەتی بێت[1].

دواتـر (ڕاوڵـز١٩٢١-٢٠٠٣) دەیەوێـت زیـاتر لەسـەر سروشـت و نـاوەڕۆکی ئەم چەمکـانە قسـەبکات، بـۆ ئەمە جەخـت لەسـەر دوو ڕەگەز دەکـاتەوە؛ یەکەمیـان ئـازادیی تاکەکەســە و خـۆی لەمــافی ڕادەربـڕین و هەڵبـژاردن و بەشـداریی پلەوپـایەی گشـتیی و ئـازادیی کۆبـوونەوە و گوزارشتکردن و موڵکایەتی تایبەتیی و ئازادیی ویژدان و ئازادی لەهەرشتێک ئارەزووی دەکات، دووەمیان بریتییە لەمسـۆگەرکردنی دادو یەکسـانی، ڕاوڵـز پێیـوایە ڕەگەزی یەکەم لەســـایەی بەرجەســـتەبوونی ڕەگەزی دووەمـــدا

---

[1] د.ابراهيم الدسوقي ود.عبدالعزيز الغنام: تاريخ الفكر السياسي، دار النجاح، بيروت، ١٩٧٣، ص٢٨٢.

پراکتیزە دەبێت[1]، چونکە ئازادیی و یەکسانی دوو چەمکی فەرەمانڕەوای ڕژێمی سیاسی لیبراڵییە.

تیۆری دادی ڕاولز لەسەر دوو پرەنسیپ دەوەستێت، یەکەمیان: پابەندە بە یەکسانی و ئەوە دەسەلمێنێت کە مرۆڤەکان لە مافە بنەڕەتیەکانیان و ئازادییە تاکێتیەکانیاندا یەکسانن. دووەمیان: پابەندە بە جیاوازیی، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی یەکسانی لەبەردەم یاساکاندا، پێویستە کە جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەشێوەیەک ڕێکبخرێن بەسودو قازانجی هەموو تاکەکان بکەوێتەوە[2].

واتە کاتێک ڕاولز باس لە (داد) دەکات دوو تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەم چەمکە پێشکەشدەکات، تێگەیشتنێک بەمانای بەدەستهێنان و بەرجەستەبوونی سوودمەندیی هاوبەرانبەر لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و

---

[1] جین هیمپتن: فلسفه سیاسی، ترجمة : خشایار دیهمیی، سازمان چاپ و انتاشارات وزراتی فرهنك و إرشاد اسلامي، تهران چاپ اول ،١٣٨٠، ص٣٠٠.

[2] علي حرب: أصنام النظرية وأطياف الحرية (نقد بورديو وتشومسكي)، المركز الثقافي العربي، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠١، ص١١٨.

ڕەزامەنــدیی، کەببێــتە هــۆی ئەوەی کــرداری دادوەرانە مسـۆگەرکەری بەرژەوەنـدییەکانی تـاک بێـت، تێگەیشـتنی دووەمی بەمانـای بێلایەنییە کەپابەندی هیچ کەسێکی تـر نەبێت لەڕەفتار و ئاکارە خودییەکاندا.

بەمانــایەکی تــر ڕاولــز پێیــوایە لە دۆخــی وەهــادا، مرۆڤەکان هەرهەموو، بێئەوەی هیچ دەستەیەک کەمبەش بێت، هەمان ئازادیی و مافی بنەڕەتییان هەبێت، لەلایەکی تـرەوە جیـاوازیی تەنهـا ئەگەر لەبەرژەوەنـدیی کەسـانی هەرە لاوازدابوو ئینجا دەسەلمێنرێت[1].

ڕاولــز لێــرەدا پرەنســیپێک بــۆ ڕێکخســتنی کــۆمەڵگە هەڵدەهێنجێت: بەخششە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت بەشـــێوەیەکی یەکســـان دابەشـــبکرێن، مەگەر ئەوەی کە دابەشـکردنی بەقـازانجی هەمـووان بێـت. واتە نایەکسـانی تەنها و تەنها ئەو کاتە دادپەروەرییە کە بوونی قازانجی

---

[1] ڕەیدار لاشۆن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

هەمووان بێت و تەنانەت بێبەشترین توێژەکانی کۆمەڵیش سوودی لێوەربگرن[1].

لەبەر گرنگـــی و بـــایەخی ئەم تیـــۆرە، (بـــبلاوی) لەگرنگتـــرین ئەو بەرهەمـــانەی دادەنێـــت لە بنەڕەتـــی دەسەڵات و یاسا دەکۆڵێتەوە و لەسـەر بنەمـای ئـازادیی و یەکسـانی بونیادنرابێت و جەختـی لەسـەر پرەنسـیپەکانی لیبرالیزم کردبێتەوە[2].

کەواتە تەوەری سـەرەکی تێگەیشـتن لە تیـۆری دادی ڕاوڵز لەچەند خاڵێدا خۆی گەلاڵە دەکات کە بریتین لە:

١. دەبێـت پێویسـتییە سـەرەتایی یـان بنەڕەتییـە ماددییەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دابینبکرێن.

٢. هەر تاکێـک مـافێکی یەکسـانی هەیە بەرانـبەر بەپرۆژەیەکی گونجاو لە ئازادییە بنەڕەتییەکان، کە لەگەڵ پرۆژەیەکی هاوشێوە دەربارەی ئازادییەکان بۆ هەمـووان سازگاربێت.

---

[1] د.کەمـال پـولادی: مێـژووی هـزری سیاسـی لە رۆژئـاوا-سـەدەی بیستەم، بەرگی سێیەم، ل١٧٢.
[2] د. حازم الببلاوي: المصدر السابق، ص ١٨.

٣. هەڵـــی دەستڕاگەیشـــتن بە بەهـــرەی ســـامانی کـۆمەڵایەتی دەبێـت بەجۆرێـک دابەشـبکرێت، کەهەڵـی بێبەشترین توێژەکانی کۆمەڵگە بگەیەنێتە بەرزترین ئاستی خۆی.

٤. نایەکسـانییە ئابوورییەکـان دەبێـت بە شـێوازێک ڕێکبخـرێن کە سـامانی هەژارتـرین توێژەکـانی کـۆمەڵگە بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی[١].

لەبەر ڕۆشـنایی و ڕەچـاوکردنی پرەنسـیپی دووەمـی ڕاوڵـزدا، (سـیلڤی میـزور و ئـالان ڕینـو) کتێبێکیـان لەژێـر ناونیشانی (منێکی تر)دا نوسیوە و هەوڵیانداوە لە میانەی باسکردن لە مافی ڕۆشنبیری کۆمەڵەکان، ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە ئەم مافانە بناغە و کۆڵەکەن بۆ ئازادیی تاک و گوزارشـتکردن لە ڕەهەنـدی کـۆمەڵایەتی شوناسـەکەی؛ بەشـێوازێک ئەم مافانە گرەنتی بەدیهاتنی جۆرێک لە داد بێت.

---

[١] د.کەمـال پـولادی: مێـژووی هـزری سیاسـی لە ڕۆژئـاوا-سـەدەی بیستەم، بەرگی سێیەم، ل١٧٤.

بۆیە هەوڵی ویناکردنی شێوەیەکی تریان لەپەیوەندیی نێوان من و ئەویتردا داوە، کەمەبەست پێی سەلماندنی ئەوەیە ئەویتر هاوشێوە و لێکچووی ئێمەیە بەڕێژەی ئەوەی یەکسانین، هەروەها دانپێدانانی ئەوەی مافی یەکسان بوون بە ئێمە، لەگەڵ سەلماندنی مافی جیاوازبوون لە ئێمە بۆ ئەو[1].

هەر ئەم لاینەشە وادەکات (ئەنتۆنی گیدنز)یش بیر لەوەبکاتەوە کەچۆن بتوانرێت هاوتاییەک لەنێوان بەرپرسیارێتی تاکەکەسەکان و بەرپرسیارێتی کۆمەڵەکان بکرێت، لەم سۆنگەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چاوخشاندنەوە بە چەمک و تێگەکانی شوناس و کۆمەڵ پێویستییەکی ئەم لایەنەن[2].

بەکورتی دەکرێت بڵێین لیبرالیزم ئەرکی دەوڵەتی لەچەند خاڵێکدا دیاریکرد، مەودایەکی فراوانتربوو لەوەی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی لیبرالیزم دیاری کرابوو بەتایبەتی لەبواری ئابوریدا، دەوڵەت هەموو هەوڵێکی لە

---

[1] علي حرب: المصدر السابق، ص١٢٩.
[2] نفس المصدر، ص١٢٤.

لیبرالیزمـــی نوێـــدا دژی هەڵئاوســـان و چـــونەوەیەکی ئـابووریيە و دەسـەڵاتی قۆرخکـاریی سـنوردار دەکـات و هەموو خزمەتگوزارییەکی گشتی لەئەستۆیە و بەرهەم و داهات بەیەکسانی دەداتە تاکەکان، پلانڕێژو کەمکردنەوەی مەترسـیەکان و چـاودێریی بـازاڕ و نەهێشـتنی دروسـت بوونی گرفتی میکانیکی لەبازاڕدا جێبەجێدەکات[1].

لەم پێنـــاوەدا هەوڵیانـــداوە پەیوەنـــدییەکانی نێـــوان دەوڵەت- تـاک – کـۆمەڵ دیـاریبکەن، هەروەهـا ئەرک و بەرپرسـیارێتی هەریەکێکیـان لەبەرانـبەر یەکتـری وێنـا کراوە، بەجۆرێک هیچیان ئەو دێوەزمەیە نین کەبەردەوام لەسـەنگەر و بۆسـەدا بن لەیەکتر، بەڵکو بەهەماهەنگی و تەبـــایی نێوانیـــان دەکرێـــت زۆرتـــر گرەنتـــی مـــاف و ئازادییەکانی مرۆڤ مسۆگەر و پارێزراوتر بێت، هاوکات یەکانگیری کۆمەڵیش فەراهەم و بەرجەستە ببێت.

---

[1] د. عبدالرحيم السلمي: الليبرالية نشأتها ومجالاتها(٢١٢) .

# بەشی چوارەم

## ڕۆشنبیرو

## بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

پول باران دەڵێت: "ئەگەر بە کەموکورتی مامەڵە لەگەڵ کارە گرنگەکان بکەین، باشترە لەوەی پسپۆڕیمان لەو شتانە هەبێت کە گرنگ نین"[١].

لەم سەربەنەوە قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیر وەک کاراکتەرێکی بەرپرسیارو کۆمەڵایەتی، تەنها قەتیسنەکردنی لەکونجی کتێبخانەو دونیای فیکرو هێنانەدەرەوەی بۆ ناو پەیوەندییە جەنجاڵەکانی ناو کۆمەڵ و توێژە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کارێکی گرنگ و بایەخدارە.

چەمکی ڕۆشنبیر هەڵگریی گرفتگەلێکی زۆریی ناساندن و دیاریکردنی خەسڵەت و ئەرکەکانێتی، بەتایبەتی کەدەوترێت ڕۆشنبیربوون تەنها سەرقاڵیی فیکرییەو جوڵەو بزاوتی گۆڕەپان ناخوازێت، بەڵام زەمینەی پراکتیکی بیرو تێڕوانینەکانی ڕۆشنبیر دواجار هەر کۆمەڵگەیە، ئەگەرچی سنورەکەی لۆکاڵی و نەتەوەیی یاخود نێودەوڵەتی بێت.

---

1JOHN FRIEDMANN: INTELLECTUALS IN DEVELOPING SOCIETIES, p513 file:///C:/Users/Hane/Downloads/INTELLECTUALS_IN_DEVELOPING_SOCIETIES.pdf

جۆن ستیوارت میل پێیوایە ڕۆشنبیران پێویستە لەپێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ئازادبن، لەکاتێکدا پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوانیتر دیاریدەکەن[1].

بلقزیزیش سەرنجی ئەوەی هەیە کەڕۆشنبیر کەسی خاوەن مەعریفەیە بەوپێیەی بکەری پرۆسەی وێناکردنی تیۆریی بابەتە دەرەکیەکانە. لەم پرۆسەی وێناکردنەدا ڕێژەی ڕاستیی و دروستیی بایەخی زۆری نییە، هەروەها ئەو میکانیزمانەش دەیگەیەنێتە ئەو پرۆسەیە (ئەزموونکردنی زانستی، هەڵگۆستنی فەلسەفی، خوێندنەوەی ئەزموونی، دەرئەنجامی بیرکاری ... تاد) بایەخێکی ئەوتۆی نابێت[2].

بەڵام تۆماس سویل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فیکر هەمیشە لەسەر ڕێچکەی دانایی نییە، بەڵکو هەندێک کاتیش بەڕێڕەوی نادانایییدا گوزەردەکات، لەبەرئەوە بیرکردنەوەو ڕامانە فیکرییەکان لەوکاتانەدا ئەنجامی نەخوازراوو نا لۆژیکی دەخەنەوە، مارکس کاتێک لە کتێبی

---

[1] توماس سويل: المثقفون والمجتمع، ترجمة: عثمان الجبالي المثلوثي، الرياض، ٢٠١١، ص٣١.

[2] عبدالاله بلقزيز: في البدء كانت الثقافة – نحو وعي عربي متجدد بالمسألة الثقافية، أفريقيا الشرق – المغرب، ١٩٩٨، ص٦٩.

سەرمایە بیرۆکەی (کارکردن) گەلالّەدەکات، کە مەبەستی کارلێکی نێوان کەرەستەو هۆکارەکانی بەرهەمهێنانە، پێیوایە سەرچاوەی ڕاستەقینەی سەروەت و سامانە، واتە هەر ولاتێک کرێکاری زۆر بێت، زۆرترین سەروەت و سامانی هەیە!! بەلاّم کاتێک سەیری کەتوار (واقیع) دەکەین پێچەوانەکەی ڕاستە، هەروەها جۆن ڕاولّز کاتێک تیۆریی دادی دارشت، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە داد نرخ و بەهای لەهەر بابەتێکی کۆمەلاّیەتیی زیاترو گرانترە[١]، بەلاّم هەرگیز ناتوانرێت بەرەهایی لەنێوان دوو شتدا نرخی یەکیان بەزیاتر دابنێین، بۆ نمونە گەر دینارێک لەبەرامبەر پارچە زێڕیک ببینین، بەدلّنیایی نرخی زێڕەکە زیاترە، بەلاّم کاتێک ژمارەی دینارەکان زیاتر دەبن، نرخیان لە پارچە زێڕەکە زۆرتر دەبێت.

ئەمە پێماندەلّێت، کەدەشێت هەندێکجار کەتوار پێچەوانەی بیرۆکەکان بێت، ئەگەرچی ئەو بیرۆکانە لەکەسانی مەزن و بیرمەندو زاناوەبن، بۆیە پێویست نییە بەرەهایی بیرۆکەکان دابڕێژین و لێیانبڕوانین.

---

[١] توماس سویل: المصدر السابق، ص١٧-١٨.

لەلایەکیتـرەوە ئەو کـۆت و بەنـدانەی بـۆ مرۆڤەکـان هەیە، بەهاوتایی بەسەر ڕۆشنبیراندا جێبەجێناکرێت، ئەمە وایکـردووە کەخـاوەن هەڵسـوکەوتی تـایبەت و جیـاوازبن، بەتـایبەت ئەو جیاوازییەی لە ڕێگەیەوە دونیـای پێدەبینن، یـاخود جیـاوازیی تێڕوانینیـان بـۆ خـودی خۆیـان و پەیوەندییەکانیان بە مرۆڤەکانیترەوە لەکۆمەڵگاکانیاندا[١].

ئەو دیدە بوونی هەیە کە ڕۆشنبیران پێویستە ڕاستیی بڵـێن، لەهەمـان کاتـدا ڕوونە کە تەنهـا ڕۆشـنبیران بەرپرسـیارنین لەکۆمەڵـدا، بەڵام چۆمسـکی پێیـوایە ڕۆشـنبیران بەرپرسـیارێتییان لە ئەوانیتـر زیـاترە، چـونکە پێگەیەکی تایبەتییان هەیە[٢].

بـۆیە ڕۆشـنبیران و تاکەکەسـە لێهاتووەکـانیتر بەرپرسـیارێتییەکەیان تەنهـا لە ووتنـی ڕاسـتیی و

[١] توماس سويل: المصدر السابق، ص٣٣-٣٤.

[2] Nicholas Allott, Chris Knight and Neil Smith: The Responsibility of Intellectuals- Reflections by Noam Chomsky and others after 50 years, UCL Press, University College London, 2019, p1.

ئاشـــكراكردنی درۆدا كورتنـــابێتەوە، بەڵكـــو پێویســـتە بەشێوازێكی كاریگەرو ڕوون ئەو كارەبكەن[1].

## باســـی یەكەم- ناســـاندنی ڕۆشـــنبیر لەڕەهەنـــدە كۆمەڵایەتییەكەیەوە:

هەڵـبەتە ڕۆشـنبیر بە نزیكەیـی وەرگێـڕدراوی هەردوو ووشـەی (Intellectual -intelligentsia)ەو لەفەرهەنگە ئەوروپـــی و ڕۆژئـــاواییەكەوە وەرگیـــراوە. كەزیـــاتر گوزارشتە لە گروپێكی خوێندەواری هۆشـیار كەپێویسـتیی و بەرژەوەنـــدییەكانی وڵات و چەســـپاندنی پـــرۆژە ژیارییەكـان خواسـتی باڵایـانە، بـرەودان بەتەكنەلۆژیـا و چەســـپاندنی دیموكراســـی و دادی كـــۆمەڵایەتی دەكەنە ئامانج و بەرەوپێشیاندەبەن.

جـگە لەوەی كەسـانێكی زیـرەك و ئاشـنای كێشـەو گیروگرفتـــی گەل و كۆمەڵەكەیـــانن و ئەم كێشـــانەش

---

[1] Nicholas Allott, Chris Knight and Neil Smith: op.it,, p33-34.

دەخەنەبەرچاو، خۆیان بەویژدانی نەتەوە ئەژماردەکەن. لەبەرئەوە لە وڵاتێکدا کەهەمووان بەدواکەوتوو لە قەڵەمیدەدەن، لە پێناویدا کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، کەخاوەن فیکر و ئایدیۆلۆژیای جیاوازن و کێبەرکێکارن، پێکدێن و پێشنیاز و چارەسەری جۆراوجۆر دەخەنەڕوو، بەڵام ئەم بیرۆکانە لە هەموو بارێکدا ڕیشەیی و ڕادیکاڵیین[1].

فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ڕووسی لە ناساندنی ئینتلجینسیادا بەمجۆرە ئاماژەیکردووە: "توێژاڵێکی کۆمەڵایەتییە، لەو کەسانە پێکهاتووە کە بەتایبەتیی کاری هزر دەکەن وەک: زانایان، هونەرمەندان، ئەندازیاران، مامۆستایان، پزیشکان،... تاد"[2].

ئەنتۆنیۆ گرامشی Antonio Gramsci 1937– 1891 پێیوایە هەموو خەڵک ڕۆشنبیرن، بەڵام هەموویان

---

١ جیرار لیکلرک: سوسیولوجیا المثقفین، ترجمة: د.جورج کتورە، دار الکتاب الجدید المتحدة، بیروت – لبنان، الطبعة الاولی، کانون الثانی ٢٠٠٨، ص٥٣.

٢ هیوا عەزیز سەعید: ڕۆشنبیرو گوتاری فیکری–توێژینەوەیەک لەمێژووی فیکری باشووری کوردستان، گۆڤاری ڕەهەند وەکو نموونە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٥.

ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ ناکەن[1]، واتە جەخت لە بەپیشەکردنی ڕۆشنبیر دەکاتەوەو وەک هەر ئەرک و کارێکی دیکە ئەژماریدەکات. (سارتەر)یش ڕۆشنبیر وەک کەسێک وێنا دەکات کە لوت لەو کارانە دەژەنێت کە پەیوەندیی پێوەی نییە[2].

ڕۆشنبیر هەمیشە لە ئاستێکی مەعریفی و فیکریدا دیدو جیهانبینی خۆی بۆ کێشەکان دەردەبڕێت، هەرگیز سنورە لۆکاڵییەکان و بەشەکیی بابەتەکان کاریگەریی لەسەر فراوانی بیرکردنەوەو توانستە ڕەخنەییەکانی دروستناکات، بەڵکو سیفەتە هەمیشەییەکانی لەگشتگیرێتی و هەمەلایەنی لەسەر هەردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆیی، بۆ خوێندنەوەی سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆیی ئامادەیی هەیە و ئەزموونەکان دەبینێت. هاوکات لە ئاستە لۆکاڵییەکانیشدا توێژەرێکی چالاک و بەبەرهەمە[3].

---

١ د.صلاح جرار: المثقف والتغيير – قراءات في المشهد الثقافي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص١٣-١٤.

٢ جان بول سارتر: دفاع عن المثقفين، ترجمة: جورج طرابيشي، منشورات دار الأداب، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٧٣، ص١١.

٣ هيوا عەزيز سەعيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

واتە ڕۆشـــنبیر کەســێکی گەردوونیــیە، لە هەمانکاتــدا بکەرێکـــــی پابەنـــــدە بەکــــۆمەڵگە و فەرهەنـــــگە دیاریکراوەکەیەوە[1].

لەم ســـۆنگەیەوە ڕۆشـــنبیر ئەو کەســـەیە مـــامەڵە (بەکـاربردن، بەرهەمهێنـان، بەرهەمهێنـانەوە، پەخشـکردن) لەگەڵ بیرە جۆراوجۆرەکاندا دەکات، جا ئەگەر ئەو بیـرانە ئەدەبیــی یــان زانســتیی، فکریــی یــان ئایــدیۆلۆژیی بــن. مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەکان یان بەبیرەکان فۆرمێک لە فۆرمەکـانی ژیـانی کـۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێـت، واتە زانکـۆ ناکــاتە بــواری مومارەســەی بەردەوام و تەنهــای خــۆی، بەڵکو دەشێت ئەو سنورە ببەزێنێت بۆ نووسینگەی چاپ و بڵاوکردنەوە و تاقیگەکان یاخود گۆڕەپانەکانی ئازادیی[2].

(بلقزیز) لە کۆتایی پێناسەی ڕۆشنبیردا ئامـاژە بـۆئەوە دەکــات کە لە کــۆی گشــتیدا دەکرێــت بڵێــین ڕۆشــنبیر بەرهەمهێنەری هۆشیارییە[3].

---

١ جیرار لیکلرک: المصدر السابق، ص٦.

٢ المصدر نفسه، ص٧٦.

٣ عبدالاله بلقزیز: المصدر السابق، ص٦٩.

ئیدوارد سەعید لە باسی ڕۆشنبیردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕۆشنبیر ئەو تاکە کەسەیە لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی ئاشکرای دیاریکراوی هەیە و ناکرێت بۆ پیشەییەک بچوکبکرێتەوە، یاخود ئەندامێکی ئەکتیڤی ناوچینێک بێت کەتەنها بایەخ بەجێبەجێکردنی کارەکانی دەدات[1].

بورهان غلیۆنیش لە ڕوونکردنەوەی چەمکی ڕۆشنبیردا مەبەستی بە بکەرێکی کومەڵایەتی دەستەکۆییە، نەک کۆمەڵێک تاکە کەس کە لە چالاکیەکی (پیشەیی یان زانستیی یان زەمینیی)دا لە یەکدی نزیکدەبنەوە. کاتێکیش باس لە بکەری کۆمەڵایەتی دەکات، ئاماژەی بۆ هێزێکی بزوێنەری دینامیکی کۆمەڵایەتییە نەک داهێنەرێکی فیکریی[2].

---

١ ادوارد سعيد: صور المثقف – محاضرات ريث سنة ١٩٩٣، نقله الى الى العربية: غسان غصن، راجعه: منى أنيس، دار النهر للنشر ش.م.ل – بيروت. ص٢٧ –٢٨.

٢ زكي العليو: المثقف...مداخل التعريف والأدوار، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩. ص١٢.

## باسی دووەم ـ ڕۆشنبیرو کۆمەڵگە:

(ڕۆشنبیر)ی ڕاستەقینە ڕەگەزی گەوهەریی ناو مێژوو و هۆشیاری خودیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕوحییە، بۆیە دەوترێت کەڕۆشنبیری ڕاستەقینە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە[١].

لەم سۆنگەیەوە ڕۆشنبیر وەک کاراکتەرێکی گشتیی دیاریکردن و ئاڕاستەپێدانی فەزای ژیانی کۆمەڵایەتییە، کە سەرلەنوێ پێداچوونەوە و خوێندنەوەی شتەکان و ماناپێدانەوەیان دەخوازێت. بۆیە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە پرۆسەی دیاریکردنی فەزای ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی لەگەڵ ڕۆشنبیردا لە دایکدەبێت[٢].

---

١ د. ميثم الجنابي: المثقف والسلطة، أو إشكالية القوة والروح المبدع، عن الحوار المتمدن، العدد: ١٠٤٩، ١٦|١٢|٢٠٠٤، M-aljanabi mail ..ru

2 Richard A. Posner: Public Intellectuals: A Study of Decline, HARVARD UNIVERSITY PRESS, Cambridge, Massachusetts, London, England, 2001., p17

ئەمەش لە ڕووی تیــــۆرییەوە ئەوە ســـــاغدەکاتەوە کە (ڕۆشـنبیر و خەڵـک) دوو چەمکـی پێویسـتی یەکـدین، ئەم ڕاستییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژوویشەوە سـەلمێراوە، بەمانـای دەرکەوتنـی فەزای گشـتیی لەگەڵ سـەرکەوتن و دەرکەوتنی ڕۆشنبیردا تەریبە[1].

لەم ســـــۆنگەیەوە پەیوەنــــدیی نێــــوان ڕۆشـــــنبیران و جەمــــاوەر پەیوەنـدییەکی بەیەکـداچووی ئـاڵۆزی چـڕ و دژوارە، چونکە ڕۆشـنبیران بۆ ئەوەی بتوانن لە باشـترین دۆخ و چـــــالاکی خۆیانـــــدابن، پێویســـــتیان بەخەڵـــــک و جەماوەرە.

ئەم بابەتەش لەسـەر گریمـانەی ژیـانی فیکـری تەنهـا لە نـاو چێوەی زانکۆکانـدا قەتـیس ناکرێـت، بەڵکـو بـۆ ئەوەی وێنـا و بیرۆکەیەکـی ڕوونمـان سـەبارەت بە(ڕۆشـنبیر)ی جەمـاوەریی و پەبلیـک دەسـتگیربێت، پێویسـتە گریمـانەی ئەوەبکەیــن کە بیرۆکەکــان توانــای کــاریگەریی قوڵیــان لەســەر ژیــانی کــۆمەڵگە (وەک گشــتێک) هەیە، هەروەهــا

---

[1] Jeffrey C. Alexander: Public Intellectuals and Civil Society, Public Intellectuals and Europe – European Public Intellectuals? Sociological Perspective" UCD Dublin, October 7-8, 2005. p2.

ناتوانرێت ژیانی فیکریی لە سیاسەت و بابەتی چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگە داببڕێت. بەمانایەکی دیکە ڕۆشنبیران ئەو ئەکتەرانەن توانستی مومارەسەی دارشتن و دروستکردنی بڕیاریان هەیە، چونکە ئەمانە لە هەموو جۆرە سنور و لەمپەرێک ئازادن و کەسانێکی پابەندو سەربەخۆن، ئەمانە واناسراون چەمکە گشتییەکانی وەک داد و ڕاستیی پاڵنەریانن و بەناوی مرۆڤایەتییەوە گوتاردەدەن[١].

ئەم هێز و توانستە وادەکات ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە گۆڕینی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و لەمیانەی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەوە بگێڕن، مەبەستیش بەهێز، ئەو هێزەیەکە (ڕایت میلز) بە(ئامێرو هۆیە کولتورییەکان) ناویاندەنێت[٢]. مەبەستیشی بەئامێرە کولتورییەکان

---

[١] هیوا عەزیز سەعید: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

[2] Kevin Mattson: Intellectuals in action: Intellectuals in action: the origins of the new left and radical liberalism, 1945–1970, Published by The Pennsylvania State University Press, University Park, PA 16802–1003, United States of America, 2002.,p5

هۆیەکـــانی ڕاگەیانـــدن و مـــاس میـــدیا و دامەزراوە کولتوریەکانن.

لەم ســـەربەنەوە کـــۆمەڵ مەرجێکـــی پێویســـتە بـــۆ کرانەوەی فیکریی و داهێنانی ڕۆشنبیریی، بەڵکو کۆمەڵ پێویستییەکی بونیادیی و مەرجی بوونی ڕۆشنبیرانە.

ســەبارەت بەدەروەســتی ڕۆشــنبیران بــۆ کــۆمەڵگە و جۆری پەیوەندیی نێوانیان، گفتوگۆی گەورە و جۆراوجۆر لە بارەی سروشتی دەروەستی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیران لە ئـارادایە. بـۆیە سـێ میتـۆدی سـەرەکی هەن، کە جـۆر و سروشتی ڕۆشنبیران و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا[١]، دیاریدەکەن:

یەکەمیـان ــ (گرامشـی) پێیـوایە ڕۆشـنبیران تـوێژێکی پابەندن بەو چینانەی تیایاندا دەرکەوتوون، هەر چینێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرانی خۆیان بەرهەمدەهێنن[٢].

دووەمیـــان ـ (کـــارل مانهـــایم) مـــامەڵەی لەگەڵ ڕۆشنبیراندا، مامەڵەیەک نییە لەگەڵ چینێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکـو ڕۆشـنبیران لە دەرەوەی چیـنە کۆمەڵایەتییەکـان

---

[١] هیوا عەزیز سەعید: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩ و ٩٠.
[٢] عبدالاله بلقزیز: المصدر السابق، ص٧٩.

دادەنێت، پێیوایە ڕۆشنبیران توێژ و چینێک نین، بەڵکو بونیادێکی ناکۆمەڵایەتین. واتە ڕۆشنبیران گروپێکی سەربەستن و هەوڵی بەدەستهێنانی شوناسێکی سەربەخۆ دەدەن[1].

سێیەمیان ـ (ژولیان بێندا) پێشنیازی خستەڕوو کە ڕۆشنبیران خۆیان بۆ خۆیان چینێک پێکبهێنن. بۆیە ڕۆشنبیران گروپێکی تایبەتی خەڵکن و دەکرێت وەک توێژێک سەیربکرێن، خاوەن بەهرەمەندیی ناوازە و ئاکارێکن کە دەیانکاتە ویژدانی مرۆڤایەتی[2].

سەرباری ئەو پۆلێنکردن و خوێندنەوانەی بۆ پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و کۆمەڵگە کراون، ناکرێت ڕۆشنبیر دەستبەرداری کۆمەڵگە ببێت، ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە خاوەنی هەر سروشتێک بێت یاخود ڕۆشنبیر هەر سروشتێکی هەبێت، چونکە ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا

---

[1] Iris Mendel: Manheims Free – Floating Intelligentsia: The Role of Closeness and Distance in The Analysis of Society, www.sussex.ac.uk/ cspt/ Documents/ 12 -2.pdf ,p34 -35.

[2] د.صلاح جرار: المصدر السابق، ص١٣.

(هۆشیاری و ڕەخنە)ی وەک خەمی گشتیی خۆی داناوە، بۆیە بێگومان دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگەدا لە پەیوەندیدابێت[١].

ئەم مانایە بۆ ڕۆشنبیر لەڕووی کاروچالاکی کۆمەڵایەتییەوە، دەبێتە بناغەیەکی لۆژیکی بۆ ئەو گوتەزایەی کە "ڕۆشنبیری پەبلیک زۆرتر و زۆرتریی لە جەماوەرەوە دەستدەکەوێت و کەمتر و کەمتریش لە فیکر"[٢].

ئەم تێڕوانینە ڕۆشنبیر دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی گەورە و گرنگ، بەرپرسیاریەتی ئاکاریی، ئەم بەرپرسیاریەتییە دەخوازێت ڕۆشنبیر خاوەن ئاکاری گەڕیدەیی بێت لە ناو جوگرافیای ئەو مانا و سیمبول و بەهایانەدا، کە لەنێو هۆشیاریی گشتیدا جێگربوون و بەشێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، کەبابەت و بواری خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەن یاخود کێڵگەیەکن بۆ کێڵان و پشکنین و کنەکردن.

واتە کۆمەڵگە گۆڕەپانێک نییە تاوەکو ڕۆشنبیر هەژموون و باڵادەستی خۆی تێدا بسەپێنێت، بەڵکو

---

[١] زكي العليو: المصدر السابق، ص٩٥.

[2] Richard A. Posner: Public Intellectuals: op.cit, p1,7.

پێویسته ڕۆشنبیر بکەوێته ناو دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوه و لەناو کێشه و گۆڕانکارییەکانییەوه، وەک کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی مومارەسەی ئەرکه فیکرییەکەی لەسەر ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و ماناپێدان و دروستکردنی ڕاستیدا بەشداریی بکات[1].

ئەم جۆره له ڕۆشنبیران (مانهایم) باسیاندەکات "له دۆخێکی تایبەت و ئەوتۆدان توانستی بینینی سەرلەبەری کۆمەڵگەیان هەیه و پێکهاتەی پێویست له ئایدۆلۆژیا باوەکان بەدیدەهێنن"، هەروەها دەتوانن وەک کۆیەک له کۆمەڵگه تێبگەن، توانستی گەیشتن بەڕاستی هەمەلایەنیان هەیه[2].

لێرەوه ڕۆشنبیر لەبەردەم چەندین سەرقاڵی و خەمی گەورەدایه، لەوانه بەدەستخستنی مەعریفه و پەخشکردنەوەی لەناو کۆمەڵگەدا، گەیشتن بەهۆشیاری کەبەرئەنجامی مەعریفەیه و لەبەر ڕۆشنایی ئەم هۆشیارییەدا کاریگەریی لەناو کۆمەڵگەدا دروستدەکات،

[1] محمد شوقي الزين: المصدر السابق، ص١٢٩.

[2] Iris Mendel: Manheims Free – Floating Intelligentsia: The Role of Closeness and Distance in The Analysis of Society, p32.

هەروەها مومارەسەی کرداری کۆمەڵایەتی کەڕۆشنبیر بەپێی تیڕوانینەکان دەکاتە سەرکردەو پێشڕەو، بەڵام لە دیدی هەندێکی دیکەوە بەشداریی کاروباری گشتیی و خەمە کۆمەڵایەتیەکانە لە پێناو پەرەپێدانی کۆمەڵگەدا[١].

کەواتە (ڕۆشنبیر) کەسێکی دوورەپەرێز و دابڕاو نییە، چونکە ئەو ساتەوەختەی دەبێتە ڕۆشنبیر، واتە دەروەستی بۆ هۆشیاریی و بەرێگەیەک لە ڕێگەکان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت لەڕێگەی: ڕۆژنامە خوێندنەوە، لە ئاستی گفتوگۆو دیبەتەکاندا هەڵوێستەکردن، گوێگرتن بۆ هەردەنگێک لەناوەندی جیهانی ڕۆشنبیراندا.

---

[١] زكي العليو: المصدر السابق، ص٢٤ ـ ٢٥.

## باسی سێیەم – بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیر:

چۆمسکی وتنی ڕاستییەکان و خستنەڕووی ناڕاستییەکان دەخاتە ئەستۆی ڕۆشنبیران، بە ئەو بەرپرسیارێتییە ئاشکرایەی لەقەڵەمدەدات کە بەلایەنی کەمەوە هەرکەسێک دەیزانێت[1].

گرامشی جەختدەکاتەوە کە مرۆڤەکان ڕۆشنبیرن، بەڵام هەموو مرۆڤێک ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا ئەنجامنادات، پاساوی جیاوازیکردنی لە نێوان ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیردا، لەسەر بنەمای ئەرکی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات[2].

دروستکردنی ڕۆشنبیریی نوێ، تەنها بریتی نییە لە دۆزینەوەی تایبەتی (ڕەسەن)، بەڵکو مانای بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە کە دەیدۆزینەوە، بەڵام لە وێنەیەکی

---

[1] Noam Chomsky: op.cit, P2.

٢ انطونيو غرامشي: كراسات السجن (القسم الأول)، ترجمة: عادل غنيم، دار المستقبل العربي، السبت، ١٧ تشرين الثاني ٢٠٠٩، ١٨:٤٧، ص٢٠/٥. {socialisthorizon.net/index.php?view}

ڕەخنەییدا، واتە کارێک بکەین دۆزینەوەکان ببنە (موڵکی سەرجەم کۆمەڵگە) و زیاتر لەوەش ببنە بناغەی کارو کردەوەی ژیانیی، بەمانایەکی تر ببنە ڕوگەی پێکەوە گونجاویی و سستمێکی ڕۆشنبیریی و ئاکاریی[1].

گرامشی پێیوابووە ڕۆشنبیرە ئۆرگانییەکان چالاکانە بەشداریی لە کۆمەڵگەدا دەکەن، واتە بەردەوام لە پێناو گۆڕینی بیروبۆچونەکان و فراوانکردنی کاردەکەن. ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی لە جوڵە و پێکهاتن و فۆرمەڵەبوونێکی بەردەوامدان، بەپێچەوانەی مامۆستا و پیاوانی کاهین، ئەوانەی وادەردەکەون، کە هەر لە جێگەکانی خۆیاندا ماونەتەوە، ساڵانە هەمان جۆری کار ئەنجامدەدەن و دووبارەی دەکەنەوە[2].

بەتێڕوانینی گرامشی هەڵەیەکی میتۆدیی گەورە دەکەین گەر پێوەری جیاکردنەوە و ناسینەوەی ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر لە هەناوی چالاکییە فیکرییەکاندا ئەنجامبدرێت، چونکە ئەو پێیوایە کۆی پێکهاتەی پەیوەندییەکان کە تیاییدا چالاکییەکان دەبینین و ئەو

---

١ نفس المصدر والصفحة

[2] ادوارد سعيد: المصدر السابق، ص٢٢.

گروپانە دەناسین کە ڕۆشنبیران بەرجەستەی دەکەن، ئەو کێڵگەو بوارەیە کە دەبێتە پێوەری ناسینی ڕۆشنبیر[1].

بەم شێوەیە ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤەیە درک و هۆشیاریی بۆ دژکارییەکانی خودی خۆی و کۆمەڵگەکەی هەیە، ئەو دژکارییانەی لە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی زانستی (لەگەڵ هەموو پێوەر و دسپیلینەکان)و ئایدۆلۆژیای باو (لەگەڵ پێکهاتەکەی لە بەها نەریتییەکان – سونەتیەکان) دێتەئاراوە.

گەر لە چۆنیەتی و چییەتی ئەو هۆشیارییە بپرسین، سەرەڕای ئەوەی کە لای ڕۆشنبیر پێویستە هۆشیارییەکی کرداریی و کەتواریی هەبێت، ئەوا لەسەر ئاستی چالاکی پیشەیی و وەزیفی تەواو و کامڵ بێت، یاخود دەکرێت ئەو هۆشیارییە چیبێت جگە لە لابردنی ئەو ڕوپۆشەی ناکۆکییە گەوجییەکانی کۆمەڵگەی پەردەپۆشکردووە، واتە ناکۆکییە چینایەتیەکان و ململانێ ئۆرگانییەکان، لە ناو چینی باڵادەست بەتایبەتی.

واتە ڕۆشنبیر شاهیدە بەسەر کۆمەڵگە داخراو و گۆشکراوە بەرهەمهاتووەکانەوە، چونکە ماک و

---

[1] هیوا عەزیز سەعید: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

هەوێنەکانی کۆمەڵگەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، دواجار بەرئەنجامێکی مێژوویی سەردەمەکەیەتی، بەم مانایە هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت نیگەرانی و بێزاری لە هەمبەر ڕۆشنبیرانی هەبێت بێئەوەی خۆی بخاتە خانەی تۆمەتبارییەوە، چونکە ڕۆشنبیرانی هەر کۆمەڵگەیەک خولقێنراو و بەرهەمهێنراوی هەمان کۆمەڵگەن[1].

بەناوی دیدی گشتیی سەبارەت بەمرۆڤ و کۆمەڵگە، بانگەشەی دژایەتی و نەیارێتی خۆی بۆ کۆی ڕاستییە بەدەستهاتووەکان و ئەو ڕەوتە ئاکارییانەش سروشی دەدەنێ ڕادەگەیەنێت[2].

هەر وێنەیەکی ڕۆشنبیربێت و لە هەر بوارێکی پسپۆڕ و کارکردندابێت، ئەو بایەخ بەئاڕاستەکردنی ڕای گشتیی دەدات، یاخود دەکەوێتە نێو گفتوگۆ و دانوساندنە گشتییەکانەوە، بە مەبەستی بەرگریکردن لە گوتەی ڕاستی یان ئازادیی شار یان بەرژەوەندیی نەتەوە یان داهاتوی مرۆڤایەتی. ئەمانە سیفەت و ئەرکی ڕۆشنبیرن، بەڵکو مەشروعیەت و بەرپرسیارێتین، بەمانایەکی دیکە ڕۆشنبیر

---

[1] جان بول سارتر: المصدر السابق، ص٣٣ -٣٤.
٢ المصدر نفسه، ص١١.

دیـوەکەی تـری سیاسـەتمەدارە و پـڕۆژەی ئەڵتەرنـاتیڤی ئەوە[1].

واتە ڕۆشـــنبیران لە ســـەرووی هەر دەروەســـتییەکی بەرتەسک و نامرۆییانەوەن، ئەوان لە هەرکات و شوێن و بـۆ هەرکەسـێک بەرگـری لە ئاکـاری مرۆڤـانە دەکەن و ئەمەش دەکـاتە بەرپرسـیارێتییەکی ئاکـاری ڕۆشـنبیران، بـۆیە دەوترێـت ڕۆشـــنبیرانی ســـەردەم سازشـیان لەو دەســەڵات و بەرپرسـیارێتییە ئاکـارییەی خۆیـان لەپێنـاو ڕێکخستنی سۆز و هەستی کۆمەڵی وەک (گیانی دەستە و نەتەوەگەریی و دژایەتی نەتەوەیی و چینایەتی) کردووە[2].

بـــایەخی ئەم لایەنە لەوەدایە ڕۆشـــنبیر نماینـــدەی ویژدانـی (کـۆمەڵ، نەتەوە، گەل)ە، ناشـێت بەلای گروپێـک لەسـەر حسـابی گـروپ و دەسـتەیەکی دیـکە لایەنگیریـی بکـــات، چـــونکە لەم لایەنگیـــرییەدا مانـــای مەعـــریفە و ڕۆشنبیریی و ناوەڕۆکەکانیان دەگۆڕێت. بەمانایەکی دیکە، سـەربەخۆیی ڕۆشـنبیر لە هەر دەروەسـتییەک پـێگەکەی

---

١ علي حرب: أوهـام النخبـة أو نقد المثقف، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٤، ص٣٨.

٢ د.صلاح جرار: المصدر السابق، ص٢٠.

باشـــتر دەپارێزێـــت، ئەرکەکەی پتەوتردەکـــات، باڵانســـی فیکری لە بازاڕی بەهای کۆمەڵایەتیدا بەرزتر دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی پاراستنی وێنەی ڕۆشنبیریی وەک ئەو کایەیەی گوزارشت لە کەسایەتی کۆی کۆمەڵایەتی دەکات[١].

لێــرەوە بەرپرســیارێتی و پابەنــدی ڕۆشــنبیران، لەو خــاڵەوە دەسـپێدەکات و پەیوەنــدی نێــوان هــاوڕێی و ناوبانگ و دەرکەوتن و ڕۆڵی قسەکردنی گشتیی، دەبێتە فۆرمێــک لە فۆرمەکــانی پابەنــدیی و بەرپرســیارێتی ڕۆشنبیر و ویستی دەستپێشخەریکردن[٢].

لەبەرئەوە ناشێت و ناگونجێت ڕۆشنبیر ئەوکەسەبێت کە (د.عەلــی شــەریعەتی) لە بــارەیەوە نوســیوویەتی "ڕۆشنبیر دەتوانێت نامۆبێت لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، ئەو نازانێت لەکوێ و لە چ کاتێکدا و لەگەڵ کێدا دەژی"[٣].

---

[١] زكي العليو: المصدر السابق، ص٩٣.

[٢] جيرار ليكلرك: المصدر السابق، ص٧٨.

[٣] د. علي شريعتي: العودة إلى الذات، ت: د.ابراهيم الدسوقي شتا، مؤسسة دار الكتاب الاسلامي-مطبعة ستار، قم-ميدان المعلم، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧، ص١٩٨.

بەپێچەوانەوە ڕۆشنبیر لە ساتەوەختی پەراوێزبوون و دوورەپەرێزیدا، ئەرکە پەیامبەرییەکەی وەک بەرگریکاریی ئازادیی و کێشە گشتییەکان فەرامۆشدەکات، تاوەکو تەنها وەک نووسەرێک گوزارشت لە ئەزموون و ژیانی تایبەتی خۆی بکات[١].

## باسی چوارەم – ڕۆشنبیرو ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

ڕەخنە ئەو میکانیزمەیە کە ڕۆشنبیر بەهۆیەوە مومارەسە و بەردەوامی بەڕۆڵە مەعریفی و کردارییەکەی دەدات، ڕەخنە زیندوویی بەکۆی ژیان دەبەخشێت، دۆخی کۆمەڵایەتی دەجوڵێنێت و بەگشتیی بەرەو پێشی دەبات و زەمینەسازی بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی و کولتوریی کۆمەڵگە دەکات.

---

[١] علي حرب: المصدر السابق، ص٤٦.

بەبێ ڕەخنە ڕۆشنبیر یەکێک لە بنەماو خەسڵەتە گرنگەکانی لەدەستدەدات، لێرەوە ناتوانرێت ڕەخنە لە هۆشیاری داببڕێنرێت، ڕەخنە دەبێتە بوارێکی گرنگی کاری ڕۆشنبیر لە ناو کۆمەڵگەکەیدا و بەو پێودانگەی دەسەڵاتیش بەشێک دەبێت لە کۆمەڵگە، ناکرێت ڕووداوە جۆراوجۆرەکان و پەرەسەندن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ڕەخنەی ڕۆشنبیر تێپەڕن[١].

کاتێک ڕۆشنبیر (هەروەک ڕێمون ئارۆن ئاماژەی پێدەکات) دەبێتە ڕەخنەگری واقیع، هەوڵی دروستکردن و گۆڕینی بەرەو باشتری دەدات، بەڵام ئەگەر گیانی ڕەخنەگریی زۆر بەسەریدا زاڵبێت، ئەوە وێناکردنی نەخشە و پێکهاتەی گشتیی ئەو جیهانە نابینێتەوە کە دەیخوازێت، چونکە لەم پرۆسەی ڕەخنەییەدا توشی لەمپەر و بەربەستی زۆر دەبێت، ئەمەش بەسێ قۆناغ ڕوودەدات: ڕەخنە لە فۆرم، ڕەخنە لە ئاکار یاخود گیانی هەڵسوکەوت، ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا.

لەم بارەشدا ڕۆشنبیر دەکەوێتە هێرشکردنە سەر ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا ژیان دەگوزەرێنێت، دەرەنجامیش

---

[١] زكي العليو: المصدر السابق، ص٦٩ ـ ٧٠.

بانگەشـەی کۆمەڵگەیەکی تـر لە داهـاتوودا ڕادەگەیەنێت و پێویسـتی دەرخسـتنی توانسـتەکانی لە چـالاکی سیاسـی درکپێدەکات، پاشان دەبێتە کەسێکی نیگەران و ناڕازی لە بەرانـبەر کەتـواردا، دواجـاریش وەک شۆڕشـگێڕێک دەردەکەوێت[1].

لەم سـۆنگەیەوە (ئیـدوارد سـەعید) پێیـوایە "هـیچ شۆڕشێکی سـەرەکی لە مێژووی نوێدا بەبێ ڕۆشـنبیران بەرپانەبووە، بۆیە ڕۆشنبیران دایبابی بزاوتەکانن"[2].

ئەم پرۆسـەیەش بـوێری دەخوازێـت، وەک (بێنـدا) پێناسـەیان دەکـات و ئاماژەیـان پێـدەکات، ڕۆشـنبیرانی ڕاسـتەقینە ئەوانەن کەخۆیـان ڕووبەڕووی مەترسـی سوتاندن و لەخاچدان و ئازاردان دەکەنەوە[3].

ڕۆشـنبیر بـوونەوەرێکی سەربەسـت و بـوێرو خـاوەن دیـدی تـایبەت و دونیـابینی خـۆیەتی، پـێگەو کـاریگەریی خۆیـان هەیە، کە دواجـار بەرپرسـیارێتی خسـتۆتە

---

[1] أ.د.حفناوي بعلي: مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن، منشورات الاختلاف، الجزائر العاصمة – الجزائر، دار العربية للعلوم – ناشرون، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص١٥٩ ـ ١٦٠.

[2] د.صلاح جرار: المصدر السابق، ص١١.

[3] ادوارد سعيد: المصدر السابق، ص٢٤.

ئەستۆیان، بەرپرسیارێتیەک کە فراوانترو قورسترە لەچین و توێژەکانیتر، کە وادەکات ڕۆشنبیر تەنها لەدونیای تیۆرو فیکردا نەوەستێت، بەڵکو بەرەو فەزای گشتیی و دارشتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاووڵاتیەکانی دەبێتە بەشێک لەرێوشوێنەکانی بەجێگەیاندنی ئەو بەرپرسیارێتییە.

لەم سەربەنەوە، ڕۆشنبیر چەند هەوڵی دۆزینەوەی ڕایەڵ و تەرزە فیکرییە نوێ و جیهانیەکان بە خەمێکی گەورەو تایبەتی خۆی دەبینێت، پێویستە بەهەمان شێوەو زیاتریش تێکەڵ بەژیانی کەتواریی و کرداریی نەتەوەو کۆمەڵگاکەی ببێت، تاوەکو بتوانێت باشترو ڕوونترو وردتر دیدو تێگەو بابەتەکانی بەنوسین و بەکرداریی بگەیەنێت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە بەزمانی کوردیی:


١) جـۆن لـۆک: نـامەیەک دەربـارەی لێکبـوردن، وەرگێڕانـی: شـۆڕش جـوانرۆیی و فەرشـید شەریفی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢) حسـێن بەشـیریە: بنەماکـانی زانسـتی سیاسـەت (تیۆری-پراکتیکی)، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر کاروانی، چاپەمەنی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣) رەیـدار لاشـۆن: گەلە ئایـدۆلۆژیای سیاسـی هـاوچەرخ، وەرگێڕانـی لە سـوێدییەوە: ئاسـۆس کەمال، کتێبی هەرزان، ستۆکهۆڵم-١٩٩٩.
٤) سڤێن – ئێرک لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێڕانـی: ئاسـۆس کمـال، دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥) کەمال پولادی (دکتۆر): مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئـاوا-سـەدەی بیسـتەم، بەرگـی سـێیەم، و: ئازاد وەلەد بەگی-سیروان زەندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.
٦) موسـا غەنـی نەژاد: کـۆمەڵی مەدەنـی- ئـازادی، ئـابووری و سیاسـەت، وەرگێڕانـی لە فارسییەوە: ڕێباز مستەفا، چاپخانەی داناز، سلێماني، ٢٠٠١.
٧) هیوا عەزیز سەعید: ڕۆشنبیرو گوتاری فیکری- تـوێژینەوەیەک لەمێـژووی فیکـری باشـووری کوردسـتان، گۆڤـاری ڕەهەنـد وەکـو نمـوونە،

بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣.
٨) هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠-١٩٥٨)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**<u>سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:</u>**

<u>یەکەم - سەرچاوەی ڕەسەن:</u>

٩) القرآن الكريم
١٠) مالك بن أنس بن مالك بن عامر الأصبحي المدني (ت: ١٧٩)
موطأ مالك.
١١) أحمد بن حنبل: أحمد بن محمد بن حنبل: (ت: ٢٤١)
مسند أحمد بن حنبل.
١٢) البخاري: محمد ن إسماعيل بن إبراهيم الجعفي: (ت: ٢٥٦)
صحيح البخاري.
١٣) مسلم: مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري: (ت: ٢٦١)
صحيح مسلم.
١٤) ابن ماجة: محمد بن يزيد الربعي القزويني: (ت: ٢٧٣)

سنن ابن ماجة.
١٥) أبوداود: سليمان بن الأشعث بن إسحاق الأزدي السجستاني: (٢٧٥)
سنن أبوداود.
١٦) الترمذي: أبو عيسى محمد بن عيسى بن سورة: (ت: ٢٧٩)
سنن الترمذي.
١٧) الطبراني: سليمان بن أحمد بن أيوب الشامي: (ت: ٣٦٠)
المعجم الكبير.
١٨) المعجم الأوسط.
١٩) الحاكم: أبوعبدالله محمد بن عبدالله بن محمد النيسابوري: (ت: ٤٠٥)
المستدرک على الصحيحين.
٢٠) البيهقي: أحمد بن الحسين بن علي: (ت: ٤٥٨)
السنن الكبرى.
٢١) المنذري: عبد العظيم بن عبد القوي بن عبد الله، أبو محمد زكي الدين (ت: ٦٥٦ هـ)
الترغيب والترهيب

دووەم – کتێب بەزمانی عەرەبی:

٢٢) ابراهيم الدسوقي (الدكتور) ود.عبدالعزيز الغنام: تاريخ الفكر السياسي، دار النجاح، بيروت، ١٩٧٣.

٢٣) ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، حقق نصوصه وأخرج أحاديثه وعلق عليه: عبدالله محمد الدرويش، الجزء الأول، دار يعرب، ديمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.
٢٤) ادوارد سعيد: صور المثقف – محاضرات ريث سنة ١٩٩٣، نقله الى العربية: غسان غصن، راجعه: منى أنيس، دار النهر للنشر ش.م.ل – بيروت.
٢٥) إدوارد غالي الدهبي (الدكتور): معاملة غير المسلمين في المجتمع الإسلامي، مكتبة غريب للطباعة، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٩٣.
٢٦) إيزايا بيرلين : حدود الحرية ، ترجمة : جمانا طالب ، دار الساقي ، بيروت – لبنان ، الطبعة الاولى ، ١٩٩٢.
٢٧) بن علي محمد: سؤال الإنسان في الفكر العربي الإسلامي و الليبرالي الغربي- دراسة فلسفية في المفهوم والحقوق، جامعة وهران، السانيا، صسم الفلسفة، الجزائر، ٢٠١٢-٢٠١٣.
٢٨) بن علي محمد: سؤال الإنسان في الفكر العربي الإسلامي و الليبرالي الغربي دراسة فلسفية في المفهوم والحقوق، جامعة وهران، السانيا، قسم الفلسفة، الجزائر، ٢٠١٢-٢٠١٣.
٢٩) بن مسعود نصرالدين (الأستاذ) وأ. كنوش محمد: واقع أهمية وقيمة المسؤولية الاجتماعية في المؤسسة الاقتصادية مع دراسة استطلاعية على إحدى المؤسسات الوطنية، الملتقى الدولي

الثالث حول: منظمات الأعمال و المسؤولية الاجتماعية، يومي ١٤-١٥ فيفري ٢٠١٢، كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسيير، جامعة بشار.
٣٠) توماس سويل: المثقفون والمجتمع، ترجمة: عثمان الجبالي المثلوثي، الرياض، ٢٠١١.
٣١) تيودور ماير غرين: الليبرالية والموقف الليبرالي، تعريب: جورج زيناتي و فوزي قبلاوي، المؤسسة الشرقية للترجمة والنشر، بيروت، ١٩٥.
٣٢) جان بول سارتر: دفاع عن المثقفين، ترجمة: جورج طرابيشي، منشورات دار الأداب، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٧٣.
٣٣) جان توشار: تأريخ الفكر السياسي، دار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨١.
٣٤) جان توشار: تأريخ الفكر السياسي، دار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨١.
٣٥) جبالة محمد (الدكتور) و د.مقدم مختارية: المسؤولية الإجتماعية: إشكالية المفهوم والخلفية المعرفية، المركز الديمقراطي العربي المانيا – برلين، كتاب جماعي، الطبعة الأولى، ٢٠١٩.
٣٦) جون ستيوارت مل: اسس الليبرالية السياسية، ترجمة وتقديم وتعليق: م. د. إمام عبدالفتاح إمام و م.د.ميشيل متياس، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٦.

٣٧) جيرار ليكلرك: سوسيولوجيا المثقفين، ترجمة: د.جورج كتوره، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، كانون الثاني ٢٠٠٨.
٣٨) حسن شحاتة (الدكتور): اساطين الفكر السياسي والمدارس السياسية، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٩.
٣٩) حفناوي بعلي (الدكتور): مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن، منشورات الاختلاف، الجزائر العاصمة – الجزائر، دار العربية للعلوم – ناشرون، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.
٤٠) زكي العليو: المثقف...مداخل التعريف والأدوار، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.
٤١) شلال حميد سليمان: الفكر الاجتماعي في الإسلام- دراسة تحليلية لبعض عناصر الفكر الاجتماعي كما هي مجسدة في الحديث النبوي الشريف، كلية الآداب، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥، (غير منشورة).
٤٢) صلاح جرار (الدكتور): المثقف والتغيير – قراءات في المشهد الثقافي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.
٤٣) عبدالاله بلقزيز: في البدء كانت الثقافة – نحو وعي عربي متجدد بالمسألة الثقافية، أفريقيا الشرق – المغرب، ١٩٩٨.

٤٤) عبدالرضا الطعان (الدكتور): تأريخ الفكر السياسي، دار الحكمة للطباعة والنشر،١٩٩٢.
٤٥) عبدالله العروي: مفهوم الحرية، المركز الثقافي العربي، بيروت – لبنان، الطبعة السادسة، ١٩٩٨.
٤٦) عبدالله شحاتة (الدكتور): رؤية الدين الإسلامي في الحفاظ على البيئة، دار الشروق، القاهيرة، الطبعة الأولى، ٢٠٠١.
٤٧) علي بن عامر بن محمد الشهري: المسؤولية الاجتماعية تجاه المجتمع، دراسة ميدانية مطبقة على مؤسسة الوقف في المجتمع السعودي، جامعة الملك سعود، عمادة الدراسات العليا، قسم الدراسات الاجتماعية، ٢٠١٠.
٤٨) علي بن عبدالرحمن الطيار (الدكتور): حقوق غير المسلمين في الدولة الإسلامية، مكتبة ملك فهد الوطنية، الرياض، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦.
٤٩) علي حرب: أصنام النظرية وأطياف الحرية (نقد بورديو وتشومسكي)، المركز الثقافي العربي، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠١.
٥٠) علي حرب: أوهام النخبة أو نقد المثقف، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٤.
٥١) علي شريعتي (الدكتور): العودة إلى الذات، ت: د.ابراهيم الدسوقي شتا، مؤسسة دار الكتاب الاسلامي-مطبعة ستار، قم-ميدان المعلم، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧.

٥٢) قحطان عبدالرحمن الدوري (الدكتور): الشورى بين النظرية والتطبيق، كتاب ناشرون، بيروت – لبنان، الطبعة الثانية، ٢٠١٦.
٥٣) محمد بن صالح بن العثيمي: الضياء اللامع من الخطب الجوامع، بدون سنة الطبع والمكان.
٥٤) محمد محمد الشلش (الدكتور): رؤية الشريعة الإسلامية و منهجها في الحفاظ على البيئة، جامعة القدس المفتوحة، فلسطين، بدون سنة.
٥٥) ميسون محمد عبدالقادر مشرف: التفكير الأخلاقي وعلاقته بالمسئولية الإجتماعية وبعض المتغيرات لدى طلبة الجامعة الإسلامية بغزة، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، كلية التربية ، علم النفس – إرشاد نفسي، ٢٠٠٩.
٥٦) وليم كلي رايت: تأريخ الفلسفة الحديثة، ترجمة: محمود سيد أحمد، تقديم ومراجعة: امام عبدالفتاح امام، المجلس الاعلى للثقافة، ٢٠٠.

**سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی ئینگلیزی:**

57) Jeffrey C. Alexander: Public Intellectuals and Civil Society, Public Intellectuals and Europe – European Public Intellectuals? Sociological Perspective” UCD Dublin, October 7-8, 2005.

58)Kevin Mattson: Intellectuals in action: Intellectuals in action: the origins of the new left and radical liberalism, 1945–1970, Published by The Pennsylvania State University Press, University Park, PA 16802–1003, United States of America, 2002.

59)Richard A. Posner: Public Intellectuals: A Study of Decline, HARVARD UNIVERSITY PRESS, Cambridge, Massachusetts, London, England, 2001.

60)Tuomo Takala and Paul Pallab: Individual, collective and social responsibility of the firm, Blackwell Publishers Ltd, 108 Cowley Road, Oxford OX4 1JF, UK and 350 Main St, Malden, MA 02148, USA, 2000.

61)Nicholas Allott, Chris Knight and Neil Smith: The Responsibility of Intellectuals- Reflections by Noam Chomsky and others after 50 years, UCL Press, University College London, 2019.

**<u>سەرچاوە بەزمانی فارسی:</u>**

٦٢) جان سالوين شاثيرو: ليبراليسم – معناو تأريخ آن، ترجمة: محمد سعيد حناي كاشانى، نشر مركز، تهران، چاپ اول، ١٣٨٠.
٦٣) جين هيمپتن: فلسفه سياسى، ترجمة : خشايار ديهميى، سازمان چاپ و انتاشارات وزراتى فرهنك و إرشاد اسلامي، تهران چاپ اول ،١٣٨٠.
٦٤) حسين بشيريه: ليبراليسم و محافظه كارى (تاريخ أنديشه سياسى در قرن بيستم)، ج٢، خيابان فاطمى، خيابان رهى معيرى، تهران، چاپ پنجم، ١٣٨٣.
٦٥) ژرژ بوردو: ليبراليسم، ترجمة: عبدالوهاب أحمدى، كتابخانه مللى إيران، تهران، چاپ أول، ١٣٧٨.

**<u>گۆڤارەکان:</u>**

یەکەم_ بەزمانی عەرەبی:

٦٦) أحمد محمد عقلة الزبون: المسؤولية الاجتماعية وعلاقتها بمنظومة القيم الممارسة لدى طلبة جامعة البلقاء التطبيقية، المجلة الأردنية للعلوم الإجتماعية، المجلد ٥، العدد ٣ ،٢٠١٢.
٦٧) دور الجامعات السعودية في الربط بين التعليم والمجتمع دراسة تحليلية في ضوء المسؤولية الاجتماعية للجامعات، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: ١٦٨، الجزء الثالث، أبريل لسنة ٢٠١٦م.
٦٨) زرزار العياشي وا.غياد كريمة: المسؤولية الاجتماعية في الإسلام: قراءة في المنهج النبوي لقيادة المسؤولية الاجتماعية، مجلة العلوم الاجتماعية، جامعة سكيكدة -الجزائر ، العدد 23، مارس.
٦٩) زكية العمراوي (الدكتور): الفكر الإجتماعي عند مالك بن نبي – قراءة سوسيو – مفاهيمية في كتاب ميلاد مجتمع، مجلة البحوث والدراسات الإنسانية، المجلد ٩، العدد ١٩، السنة ٢٠١٩.
٧٠) سري زيد الكيلاني (الدكتور) و محمد سري الكيلاني: رعاية المسنين في الشريعة الإسلامية

والتشريعات الدولية، المجلة الأردنية في الدراسات الإسلامية، مج (١٢)، ع (١)، ١٤٣٧هـ/٢٠١٦م.

٧١) عبدالجبار حمد عبيد السبهاني: شبكات الأمان والضمان الاجتماعي في الإسلام :دراسة تقديرية، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز: الاقتصاد الإسلامي، م٢٣ ع١ ، ٢٠١٠م/١٤٣١هـ

٧٢) علي عبدالراضي: المسئولية الإجتماعية وعلاقتها بالمواطنة – ١، دراسات إجتماعية، المعهد المصري للدراسات، تركيا- استنبول، ٢٨ يوليو٢٠١٨.

دووەم – بەزمانی ئینگلیزیی:

73)Mihaela PĂCEŞILĂ: THE INDIVIDUAL SOCIAL RESPONSIBILITY: INSIGHTS FROM A LITERATURE REVIEW, MANAGEMENT RESEARCH AND PRACTICE VOLUME 10, ISSUE 1, MARCH 2018.

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی بەزمانی عەرەبی:**

٧٤) ابتسام عبد الله الزعبي (الدكتور): أركان المسئولية الاجتماعية من المنظور الإسلامي، كلية التربية – قسم علم النفس، جامعة الأميرة نورة بنت عبدالرحمن– الرياض، ١١\١١\٢٠٢٠،
https://www.gulfkids.com/vb/showthread.php?t=5070
٧٥) انطونيو غرامشي: كراسات السجن (القسم الأول)، ترجمة: عادل غنيم، دار المستقبل العربي، السبت، ١٧ تشرين الثاني ٢٠٠٩، ١٨:٤٧، ص٢٠/٥.
socialisthorizon.net/index.php?view
٧٦) بلسم المغذوي: المسئولية الاجتماعية فلسفيا وثقافيا، الشبكة السعودية للمسؤولية الإجتماعية، الأربعاء, ٧ سبتمبر, ٢٠١٦،
https://csrsa.net/post/693

٧٧) راغب السرجاني (الدكتور): منهج الإسلام فى رعاية النبات، صفحة قصة الإسلام، 10:00- 2017/08/03،

https://islamstory.com/ar/artical/3407978/%D9%85%D9%86%D9%87%D8%AC-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85-%D9%81%D9%8A-%D8%B1%D8%B9%D8%A7%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A8%D8%A7%D8%AA

صبري محمد خليل (الدكتور): مفهوم المسئولية الاجتماعية في الفكر الاقتصادي الاسلامى المقارن، الشبكة السعودية للمسؤولية الإجتماعية، الخميس, ١١ أغسطس, ٢٠١٦،

https://csrsa.net/post/363

٧٨) عبدالرحيم السلمي: الليبرالية نشأتها ومجالاتها (٢/٢) ،اضيف بتأريخ: الاحد ٢٤ شعبان ١٤٢٤ هـ (www.haramainj.net/index.php?action=show-maqalam-id=35-28k).

٧٩) ميثم الجنابي (الدكتور): المثقف والسلطة، أو إشكالية القوة والروح المبدع، عن الحوار المتمدن، العدد: ١٠٤٩، ١٦|١٢|٢٠٠٤،

M-aljanabi maiI .ru.

٨٠) هبة رؤوف عزت: الليبرالية ٠٠ ايدولوجية مراوغة افسدها راس المال (٢٠٠٤/٨/١٨):

www. Islamonline.net/Arabic / mafaheem / 2004 / 08 /18 article 01b- shtml 95k

سەرچاوەی ئەلکترۆنی بەزمانی ئینگلیزی:

81)Iris Mendel: Manheims Free – Floating Intelligentsia: The Role of Closeness and Distance in The Analysis of Society,
www.sussex.ac.uk/ cspt/ Documents/ 12 -2.pdf.


82)JOHN FRIEDMANN:
INTELLECTUALS IN DEVELOPING SOCIETIES,
file:///C:/Users/Hane/Downloads/INTELLECTUALS_IN_DEVELOPING_SOCIETIES.pdf

83)Stuart Emmett MSc (Cranfield) BA (Hons) :Individual Social Responsibility, PASA,
https://procurementandsupply.com/2017/02/individual-social-responsibility/

84)AKHILESH GANTI: Social Responsibility, Reviewed By SOMER

ANDERSON, Jul 17, 2020, https://www.investopedia.com/terms/s/socialresponsibility.asp
85) Andy Schmitz: Human Relations v. 1.0, Saylor Academy, 2012, https://saylordotorg.github.io/text_human-relations/s09-03-social-responsibility.html.

# Social
# Responsibility



Hiwa Aziz Saeed